دەروازەیەك بۆ

# بوژانــەوەو چاكســازی نــەرم

# لەهەرێمی كوردستان

- ناونیشان : دەروازەیەك بۆ بوژانەوەو چاكسازی نەرم لەهەرێمی كوردستان

- بەرگی یەكەم -

- بابەت:  بیرۆكەو  پێشنیارو پرۆژەكاری سەرەتایی بۆ چاكسازی

- نووسین :هەلگورد عەبدولوەهاب جندیانی

- نەخشەسازی ناوەوە: محمد حسێن خەتی

- نەخشەسازی بەرگ:  ئیبراهیم صالح

- چاپ: یەكەم

- ساڵی چاپ:  ٢٠١٩

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

- نرخ:  بێ بەرامبەر دابەش دەكرێت

- چاپخانە: هێڤی، هەولێر

- قەبارە: ١٤ سم × ٢٢سم

- ژمارەی لاپەرە:١٧٥

- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی (٧٣٨)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

دەروازەیەك بۆ

# بوژانـــەوەوچاکســـازی نـەرم

# لەهەرێمی کوردستان

## بیرۆکەو پێشنیارو پڕۆژەکاری سەرەتایی

هەڵگورد عەبدولوەهاب جندیانی

بەرگی یەکەم-هەولێر، باشووری کوردستان

٢٠١٩

# ناوەڕۆک


| سەرەباس | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ........ | ٧ |
| کۆڵەگە و ستوندە سەرەکی و گشتییەکانی بوژانەوەو چاکسازی... | ٩ |
| بوژانەوەی تەندروستیی کۆمەڵ........ | ١٦ |
| چاکسازی و بوژاندنەوەی پەروەردە و فێرکردن........ | ٢٩ |
| بوژاندنەوەو پەرەپێدان بە کشتوکاڵ و ئاودێری........ | ٤٣ |
| بوژاندنەوەی کۆمەڵگە و خێزان........ | ٥٥ |
| چاکسازی و گەشەدان بە نیشتەجێبوونی هاوچەرخ........ | ٦٥ |
| چاکسازی و گەشەپێدان بە گواستنەوەو گەیاندن........ | ٧٢ |
| بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری........ | ٨٥ |
| دامەزراندنی وەزارەتی کوردستانیانی تاراوگە........ | ١٠٨ |
| کاراکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ ڕۆشنکردنەوەی کۆمەڵگە.. | ١١٢ |
| دامەزراندنی (دەستەی پشکنینی گشتی)........ | ١٥٥ |
| پرۆژەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان........ | ١٥٨ |
| چ بکەین بۆ ڕزگاربوون لەو ڕێژەی زۆرەی (مووچەخۆران)ی کەرتی گشتی؟!........ | ١٦٢ |
| چارەسەرکردنی هەندێک دیاردەی نەرێنی دارایی........ | ١٦٧ |
| ڕێکخستنەوەی (مەحسوبیەت)!........ | ١٧٠ |
| سەپاندنی ژمارەی بانکی فەرمانبەر و کارمەندانی کەرتی تایبەت و گشتی........ | ١٧٢ |

## پێشەکی:

لـەماوە ئـەوە شـانزە سـاڵەی کـە لـەناو بوونیـادی حکومــەتی هەرێمی کوردستانداکاردەکەم، لەچوارچێوەی تایبەتمەندی کارەکەمـدا هــەردەم خــەمخۆری ئــەوە بــووم کــە چــۆن بتــوانین باشــتر و چــاکتر پێشکەش بکەین؟ بە چ رێگایەک ئاستی کـار و بەرهەمـەکانمان بـەرز بکەینەوە؟ چی بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی زیادەڕۆیی و گەندەڵی؟

بۆ وەرگرتنــەوەی وەڵامــی ئــەو هــەموو پرسـیارانە و گەیشـتن بـە دەرەنجامێکی گونجاو پشتم بـە چەنـدین رێگـا و سـەرچاوە و رەگـەز بەست، وەکو: (سەرچاوە ئەکادیمیەکان، ئـەزموونی گـەلان و وڵاتـانی هاوشێوەی ئێمە کە بـەقۆناخی راگوزاریـدا تێپـەڕبوون، بەشـداریکردن لەدەیان وۆرکشۆپ و سـیمنار و کۆنفرانسـی نـاوخۆی و نێودەوڵـەتی، هەروەها بەسوود وەرگرتن لەئـەزموونی خۆمـاڵیش بەهــەموو باشـی و خراپیەکییـــەوە)، زۆر جـــار لەپـــەیڕەوکردن و پراکتیزەکردنـــی ئاراستەیەکدا تووشی هەڵەش دەبووین بەتایبەتی کاتێک چارەسـەر و رێگاکانمــان (واقــع)ی نــەبووبان، یــاخود چارەســەرییەکان لەگــەڵ رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێچەوانەو دژ بووان!.

ئێسـتا گەیشـتمە ئـەو بـاوەڕەی کـە گۆڕنکـاری و چاکسـازییەکان پێویستە خۆماڵی بێت لەناوەوەی وڵاتدا سەرچاوەبگرێت و دوور بێـت لە قاڵبـە ئامادەکراوەکـانی دەرەوە، بۆیـە ئـەم رێگایـەم لەچاکسـازی بە (چاکسازی نەرم) ناودێرکرد.

ئەفسـوس لـەرابردوودا لەبـەر هۆکـاری جیاجیـای نـاوخۆیی و دەرەکی، متمانەی خەڵک و میللەت بەحکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لاواز و ناجێگیر بووە، لـەو کارەشـدا تـەنها حکومـەت و ئیـدارە یـەک لەدوای یەکـەکانی تاونبـار نـین بـەڵکو میللـەت و خـەڵکیش بـەشێک بـوون لـەم پاشـهگەردانی و بـێ متمانەییـە، بۆیـە هـەموومان ئومێـد دەکەین کە ئەو متمانەیە بگەڕێتـەوەو بـەهێزتریش بێـت لـەجاران کـە ئەوەش کارێکی زەحمەتە بەڵام ئەستەم نییـەو پێویسـتی بەخـەڵکانی دڵسـۆزە لـەبـەرزترین ئاسـتی ئیـداری و سیاسـی و کۆمەلایەتییـەوە تادەگاتە نزمترین و دواین ئاستی.

رەنگــە پرســیاری ئــەوە لای ئێــوە دروســت بێــت بــۆچی نەمنووســیوە خەڵکانی (دڵســۆز و شــارەزا)، لەراســتیدا شــارەزایی پێویســتە هــەبێت بــەڵام بەپلــەی یەکــەم جــەخت لەســەر دڵسـۆزی دەکەمەوە، چونکە خـەڵکانێک ئەگـەر هـەڵگری بـەرزترین بڕوانامـە و پســپۆڕی بــن بــەڵام دڵســۆز نــەبن بــۆ نیشــتمان و نەتــەوە و پیشـەوکارەکـەیان، ئـەوا پسـپۆڕی و شـارەزاییان دەبێتـە هۆکـار و ئامرازێـک بـۆ سـوودی تاکـە کەسـی خۆیـان کـەئـەوەش زۆر جـار لەدەرەوەی یاسا و رێساکاندا دەبێت.

ئەم هەوڵە بچووک و سـادەیەم پێشـکەش بـە کابینـەی تـازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، کە وەکو خۆم ئومێد و هیـوای باشم لەسەر سەرکەوتن پێشوەچوونی کارەکانی داناوە، هیوادارم ئەم هەوڵەمان بەجۆرێک لـەجۆرەکان کاریگـەری هـەبێت لەسـەر گـۆڕین و پێشخســتنی کارەکانمــان لــەلق و پۆپــەکانی بوونیــادی حکومــەتی هەرێمی کوردستان و دەسپێکێکیش بێت بۆ (چاکسازی نەرم).

# کۆڵەگە و ستونده سەرەکی و گشتییەکانیبوژانەوەو چاکسازی

ئەم پرۆژەکارەی بوژانەوە و چاکسازی لەسەر کۆمەڵێک بنەما و کۆڵەگە وەستاوە، ئەم ستوندانە زۆر زەرورن بۆ پەڕینەوەی هەرێمی کوردستان لەباری چەقبەستوو بۆ بارێکی کراوەو تارادەیەک خۆشگوزەران و هەبوونی رێژەیەکی بەرچاو لە عەدالەتی کۆمەلایەتی.

ئەم کۆڵەگە و ستوندانە تەواوکەری یەکترین و بەنەبوونی یەکێکیان، بە ناتەواوی و کەماسی لە پڕۆسەی بوژانەوەو چاکسازی رەنگدەداتەوە، لەخوارەوە بەکورتی یەکەبەیەکەی کۆڵەگە سەرەکی و گشتییەکانی پڕۆژەکە روونده‌کەمەوە:

## باج و رسومات

کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تری عراق و ولاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مێژوویەکی تاڵیان لەگەڵ باج و خەراجدا هەیە، بەجۆرێک قورسی باجەکانی سەردەمی دەوڵەتیعوسمانی هەمیشە هۆکاری ئەوە بوو کە خەڵک خۆیان لێبدزنەوەو فێڵی لێبکەن، تەنانەت لەعراقی پادشایی و کۆماریشدا هەمیشە بە فێڵ و

ڕێککـەوتنی ژێربـەژێری نێـوان خـاوەن کـار و دەرامـەت و مـەئمور و کارمەندی وەرگری باج (باجگر) كؤتايي دةهات بؤية هەمیشەدەوڵەت تیایـدا زیانمەنـد و خـەلک و (مـەئمور)انیزیـادەرۆ تیایداسـوودمەند دەبوون!.

چەندین وڵاتی نزیک و دوور لەکوردستان، لەپەیداکردنی داهاتی نیشـتمانی بەرێژەیـەکی زۆر پشـت بـە بـاج و رسـومات دەبەسـتێت، ئەمــەش هــەم بوژانەوەیــە بــۆ بــواری ئــابووری ئــەو وڵاتــە، هــەم جۆرێکیشــە لەدروســتبوونی عەدالــەتی کۆمــەلآیــەتی، چونکــە ئــەو کەسانەی کە خاوەنی سەرمایەی مەزنن، باج و روسماتیشـیان مەزنـە بە بەراورد لەگەڵ ئەو باج و رسوماتانەی کە لەکەسـانی مامناوەنـد و کەمدەرامــەت وەردەگیرێــت، بێگومــان ئــەو بــڕە پارانــەش دواتــر دەخرێتـەوە نێـو پرۆسـەی بوژانـەوەی کۆمەڵگـە کـە زیـاتر کەسـانی مامناوەند و کەمدەرامەت لێی سوودمەند دەبـن بەتایبـەتیش ئەوانـەی کە نزیکن لە (هێلی هەژاری).

پێویستە حکومەت چارەسەری رواڵەتی (هـەلاتن و خۆدزینـەوە لەباج و رسـومات) بکـات و لـەڕێی رایەڵـە جیاجیاکـانی پەیوەنـدی و میدیاوە تەنانـەت لـەرێی دامـەزراوە ئـاینیی و کەسایەتییەکانیشـەوە، ئاستی گرنگی ئەو بیرۆکەیە بگەیەنرێتە خەڵک و تێیانبگەیەنرێت کـە

سیستمی باج و رسـومات چەنـدە پێویسـتە بـۆ بوژانـەوەی خۆیـان و نیشتمانەکەیان.

وا باشترە تایبەتمەندی ئەو باج و رسـوماتانەی کـە لەپرۆسـەی بوژانــەوەو چاکســازی لەهــەرێمی کوردســتاندا پەســند دەکرێــت بەمشێوەیە بێت:

- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بـەبێ سـڵمینەوەو دوودڵـی بە بەرنامە و پلانسازی و بەیاسا، بـاج و رسـومات لەسـەر گشـت بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگەدا دابنێت.
- پێویسـتی بـڕی باجـەکان گونجـاوبن و نـەبن بەفشـارێکی قـورس لەسەر کۆمەڵگا، باج و رسوماتەکان رادەیەکی باشـی هاوسـەنگی تیادا بێت.
- هیچ کەس و لایەن و کەرتێک لەباج و رسـومات ریزپـەڕ ناکرێـت، تـەنها لەهەنـدێک بـاری زۆر تایبـەتی مرۆڤایـەتی و کۆمەڵایەتیـدا نـەبێت، ئـەویش لەیاسـاکانی بـاج و رسـومات بـەروونی ئامـاژەی پێبکرێت.
- پێویستە رێکاری یاسایی و روون و قورس بۆ ئەوانە دابنرێت کـە خۆیان لەپێدان باج و رسومات دەدزنەوە.
- باج و رسومات بەیاسا رێکدەخرێت بۆیە پێویستە لەسەر حزبەکان هانی ئەندام پەرلەمانـەکانیـان بـدەن کـەنەچنـە نـاو چەلەحانـەی

جارانی پەرلەمان و ئاسانکار و بەلەز بن بۆ دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە باج و رسومات.

- زۆربەی باج و رسوماتەکان، بچێتەوە ناو بانکەکانی بوژانەوەی سەر بەوەزارەتەکان و لەوێوە شانبەشانی بودجەی گشتی وەزارەتەکەو داهاتی تر، لەخزمەتی هاوڵاتیان بەکاربهێنرێتەوە.
- لەباری بوونی کێشەی یاسایی لەگەڵ دەستوری (فیدراڵی) سەبارەت بەو ماددەیەی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە باجەکان بگەڕێنرێتەوە خەزێنەی گشتی دەوڵەتی عراق، ئەوا دەکرێت ئەم برە پارە وەرگیراوانە نەچێتە ناو چوارچێوەی باج، بەڵکو وەکو رسومات بێت یان وەکو بەخشینە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش کەسانی یاسادانەری شارەزامان زۆرن کە لەبواری یاساداناندا لێزانن و دەتوانن دەرچەیەکی یاسایی بۆ بدۆزنەوە.
- سالانە ئاماری ورد و روون هەبێت بۆ بڕی ئەو پارانەی کە لەباج و رسومات کۆدەکرێنەوە، بەمەش هەم متمانەی خەڵک و حکومەت پتەوتر دەبێتەوە، هەم خەڵکیش دەزانێت ئەو بڕە پارانەی کە لێیان وەرگیراوە چ جۆرە هێزێکی ئابووری بۆ نیشتمان و خودی خێزان و خانەوادەکانیان دروستکردووە.

## بەخشین بۆ باوڵ (سەندوق)ەکان

جگە لەباج و رسومات پێویستە خەڵک هان بدرێت بۆ بەخشین لەباول (سەندوق)ە جیاجیاکانی بوژانەوەی کۆمـەڵگا، ئـەم باولانـەش دوو جۆرن، جۆری هەمیشەیی کە بـەردەوامی تێـدا هەیـە، دووەمیـان باوله کاتییەکان، ئەویش بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکە بۆ پرسـێکی کـاتی و هەنووکەیی و کتوپڕ.

باولــه هەمیشــەییەکان لــەناو بانکــەکانی بوژانــەوەدا جێگیــر دەکرێن، بەڵام باوله کاتییەکان دەکرێت لەهەر بانکێکی تردا دابنرێت، کە جێگای متمانه بێت.

دانانی ئەو باولانـه پێویسـتی بـەدەرکردنی یاسـا نییـه و تـەنها بەبڕیارێکی دەسەلاَتی جێبەجێکار دەبێت و دەکرێت وەکو رێنمایش لەوەزارەتەکان یاخود لەئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکرێت.

## دامەزراندنی بانکەکانی بوژانەوە لەوەزارەتەکان

بــۆ رزگــاربوون لەرۆتینــە کوشــندەکەی وەزارەتــی دارایــی و ئـابووری کـە زۆربـەی کـات بـەبیـانوی هەمـەجۆر بەربەسـت لـەپێش خەرجکردنی بودجەی وەزارەتەکان دروستدەکات، واباشترە حکومـەت بیر لەوە بکاتەوە کە جگە لەبانکەکانی هەرێم، کۆمەڵێک بـانکی نـوێ دابمەزرێنێت و بەشێوەیەک کە هەر وەزارەتێک خاوەنی بانکێـک بێـت

بەناوی بانکی بوژانەوەی ئەو بوارەی کـە لەتایبەتمەنـدی وەزارەتەکـە دایە.

گشت ئەو پارەو داهاتانەی وەزارەتەکە بە بودجەی گشتی سالانەشییەوە دەچێتە ناو حسابی ئەو بانکەوەو لەوێوە وەزارەت بێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی تواناو دەسەڵاتی ئەوەی پێبدرێت کە راستەوخۆ لەخزمەتگوزاری و پرۆژە پەسندکراوانەیدا خەرجیان بکات کەپێشتر پلانی بۆ داناوە.

بێگومـان پێویسـتە بـۆ ئـەو پرسـە ئابووریناسـان و شـارەزایان زیاتر لەمیکانیزمی کارکردنی ئـەو بانکانـەو پەیوەنـدی ئۆرگانیـان بـە بانکەکانی ترەوە بکۆڵنەوەو باشترین رێگاش بگرنەبەر بۆ وردبینـی و چاودێریکردن.

(**تێبینی**: دامەزرانـدنی بانکـەکان لـەرێی یاسـاوە دەبێـت یـاخود بـە بڕیارێکی دەزگا تەنفیزییەکان)

### هەموارکردنەوەی بەلەز و خێرا بۆ یاساکان و رێنمایی و بڕیارەکان

لەهەموارکردنەوەی یاسا کۆنەکان و پەسـندکردنی یاسـای تـازە یاخود هەموارکردنەوەی رێنمـایی و بڕیـارە کۆنـەکان، پێویسـتە هـیچ جۆرە دواکـەوتنێک و بەربەسـتێکی ئەنقەسـت نەخرێتـە رێگـا چونکـە

زۆرێـک لـەو نەخشـە رێگایانـەی پرۆسـەی بوژانـەوەو چاکسـازی پەیوەسستن بەو یاساو رێنماییانە.

هاوکاری و هەماهەنگی گشت لایەنەکانی بەشداربوو لەپەرلـەمان و حکومـەت و گەیشـتن بەئـەنجامی زۆر بـاش پەیوەسـتە بـە جێبەجێکردنێکی باشی نەخشەرێگا و پلانەکانی بوژانەوەو چاکسازی، ئەوەش بە بوونی هاوکاری و هەماهەنگیەکی زۆر باشی گشت لایەنـە بەشداربووکان لەپەرلەمان و حکومەت دێتەبوون.

## متمانەی خەڵک

کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان هەمیشە جۆرێک لـە ئـۆقرەیی و هـەداریان هـەبووە، پێویسـتە لەچوارسـاڵی ئاینـدەدا کـە چوارسـاڵی دەسـپێکە بـۆ بوژانـەوەو چاکسـازی، زیـاتر هـەدار بـن و متمانـە بـە حکومەتەکەیان بکەن و هەم چاوەڕوانی بوژانەوە بکەن هەم خۆشـیان بەشـداربووەیێکی راسـتەوخۆو راسـتەقینە بـن لـەم بوژانـەوەو چاکسازیەدا کە دەبێتە هۆکـاری خۆشـگوزەرانی ئێسـتایان و رۆشـنی ئایندەیان.

# بوژانەوەی تەندروستیی کۆمەڵ

بواری تەندروستیی کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی باش نییە، بەشێکی زۆری پەیوەندی بەجۆر و رێژەی خواردنە ناتەندروست و چەورەکانەوە هەیە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ جۆر و شێوازی ژیانی کەسەکان، ئەوە جگە لەرێژەی پیسبوونی ژینگە و سەرچاوە خراپەکانی خۆراکی وشکە و قوتووکراو و سەوزەو میوەو گۆشتی چاککراو بە پەینی کیمیایی و مادده هۆرمۆنییەکان کە زۆریان لەوڵاتانی دەوروپشتەوە هاوردە دەکرێن.

لەبەرامبەری ئەو هەموو مەترسییانەدا سیستمی تەندروسـتیمان زۆر لاواز و خراپە و پـڕ لەئاڵۆزییـە، بـەکورتی لـەخوارەوەدا هەنـدێک پێشـنیاز دەخەمـەروو رەنگـە بەشـداردەبن لـەچاککردنی بەشـێک لـەو گرفت و ئاڵۆزییانە:

**دامەزراندنی (بانکی بوژانەوەی تەندروستیی کۆمەڵ)**

دامەزرانـــدنی (بـــانکی بووژانـــەوەی تەندروســـتیی کۆمـــەڵ) سەرەتاییێکی باش دەبێت بۆ دەستبەکاربوون بـە پرۆسـەی بوژانـەوەو

چاکسازی بواری تەندروستی، بانکەکە سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەبێت و ئەرکی بانکەکە لەچوارچێوەی خزمەتکردن دەبێت بەم بوارە هەستیارەی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی خەڵک.

سەرچاوە داراییەکانی (بانکی بووژانەوەی تەندروستیی کۆمەڵ) هەمەجۆرن بەمشێوەیەی خوارەوە:

- ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە لەبودجـەی گشـتیی سـاڵانەدا بـۆ بـواری تەندروستی تەرخان دەکرێت.
- رسـومات و بـاجی سـەپێنراو بەسـەر خەسـتەخانەو نۆرێنگـە و سەنتەرەکانی جوانکاری کەرتی تایبەت.
- بەخشینە داراییەکانی رێکخراوەکانی (تەندروستی جیهانی WHO و رێکخراوی یونیسێف، رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور، منداڵپارێزی بەریتانی و رێکخراو و دامەزراوەکانی تری نێودەوڵەتی).
- بەخشینە داراییەکانی وڵاتانی دۆست.
- بەخشـینە داراییـەکانی خـەڵکانی خێرخـواز و دڵسـۆزان لـەخاوەن سەرمایەی نیشتمانی.
- داهاتی (باجی تەندروستی).
- داهاتی بلیتی خەستەخانە و بنکەکانی تەندروستی کەرتی گشتی.

- داهــاتی بەکرێـدانی ئــەو کوشــك و کافتریایانــەی کەوتونەتــە نێــو نەخۆشخانەکان.
- قازانج و سووی کردە بانکییەکان.

## سەپاندنی باجی تەندروستی:

جگــە لــەوەی دامــەزراوە بازرگــانی و پیشەســازەکان بــاجی دەرامەت دەدەن لەهەمان کاتیشدا پێویستە باجی تەندروستیشیان بەســـــەردا بســـــەپێنرێت، باجەکـــــە گشـــــت ئـــــەم بوارانـــــە دەگرێتـــــەوە: (کۆمپانیاکـــــانی نـــــەوت و گـــــاز و پیشەســـــازییە پترۆکیمیاییەکانی بیانی و خۆمـاڵی، کارگـەو کۆمپانیاکـانی دەرمـان، کارگــە و کۆمپانیاکــانی هــاوردەکردنی خواردنــەوەو خواردەمــەنی دروســتکراو، کۆمپانیــاو کارگــەکانی دروســتکردنی مــاددە خۆراکییــە ناتەندروستەکان، کارگەو کۆمپانیاکـانی بازرگـانیکردن بـە خواردنـەوە کحولییەکان، کارگەو کۆمپانیاکانی بازرگـانیکردن بـەتوتن و جگـەرەو نێرگەلە، بەکاربەری هەموو جۆرەکـانی ئۆتۆمبیـل جگـە لـەئۆتۆمبیلی کارەبایی، کۆمپانیاکانی زامنکردن و دڵنیایی تەندروستی).

## بوژاندنەوەی ناوەندەکانی تەندروستی کەرتی گشتی

دروســـــتبوون و گەشــــەکردنی خەســــتەخانەو ناوەنــــدەکانی چارەســەری تەندروســتیی کــەرتی تایبــەت جۆرێــک لەگەشــەکردن و پێشوەچوونی تەندروستی بەخۆیەوە بینیـوە، بـەڵام ئـەم پێشـکەوتنە

لەسـەر حسـابی داتـەپین و پاشەکشـەی ناوەنـدەکانی تەندروسـتیی کەرتی گشییەوە بوو، بەمەش جیاوازییەکی زۆر و رەهەندێکی فراوانی لەنێوان خەڵکانی کەم دەرامەت و خـەڵکانی مامناوەنـد و دەوڵەمەنـد دروستکردووە.

ئەگـەر کەسێکی کـەم دەرامـەت تووشـی نەخۆشیەکی سـەخت ببێت ئەوا ناچارە بەپەلە پارە کۆبکاتـەوە لـەرێی فرۆشـتنی خـانوو و مـاڵ و سـەیارە، یـان قـەرزکردن تـاوەکو بتوانێـت دراوی پێویسـت دابینبکات بۆ چارەسـەری خێـرا لەخەسـتەخانەکانی کـەرتی تایبـەت، خـۆ ئەگـەر نـەخۆشـەکە کەمدەرامـەت بـوو، ئـەوا پێویسـتە لەخەستەخانەکانی کەرتی گشتیدا ناوی بنوسرێت و بۆ چەند هەفتـەو چەنـد مـانگێکی تـر ریزبەنـد بکرێـت، ئـەوەش دیـار نییـە ئـاخۆ نەخۆشەکە ئەو ماوە درێژەی چاوەڕوانیکردن بەرگەی نەخۆشییەکەی دەگرێـت یـان نـا؟! یـاخود ئایـا درێژبوونـەوەی ماوەکـە تـا چەنـد نەخۆشیەکە قووڵتر و چارەسەری زەحمەتتر دەکات؟!.

بـۆ رزگـارکردنی دامـەزراوە تەندروسـتییەکانی کـەرتی گشـتی لەداتەپین و رووخان، پێویسـتە حکومـەت بـۆ چارەسـەرکردن لـەهیچ کـەس و لایـەنێک سـڵ نەکاتـەوەو بەرژەوەنـدی بـاڵای کوردسـتان و سـەلامەتی خەڵکەکـەی لەسـەرووی هـەموو بەرژەوەندییـە تایبـەت و تەسکەکاندا بێت، لەخوارەوە کۆمـەڵێک رێکـاری واقعـی دەخەمـە روو

کـە بێگومـان بـە پەسـندکردن و زیـاتر دەوڵەمەنـدکردنی کاریگـەری ئەرێنی دەبێت لەسەر بواری تەندروستی کۆمەڵگای کوردستان:

- سازکردنی کۆنفرانسێکی نیشتمانی پلان بۆ داڕێـژراو، کـە تیایـدا بەروونی پەنجە لەسـەر کەماسـی و خراپییـەکان بکرێـت و رێگـە چارەی گونجاو و واقعیانەشی بۆ دیار بکرێت، لـەم کۆنفرانسـەدا جگـە لەسـتافی تەندروسـتی و حکـومی، لیژنـەی تەندروسـتی پەرلـــەمان و نوێنـــەری ســـەرۆکایەتی هـــەرێم و هەنـــدێک لەرێکخراوەکانی تەندروستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیش بەشـداربن، پێویستە راسپاردەکانی کـۆنفرانس بەهەنـد وەربگیرێـت و ببێتـە نەخشە رێگا.
- گەڕاندنــەوەی متمانــەی خــەڵک بــۆ ناوەنــدەکانی تەندروســتی دەوڵەت، بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی گونجاو.
- دامەزراندنی (ناوەندی نیشتمانی بۆ زانیـاریی تەندروسـتی)، کـە هــەموو زانیارییــە ئەلیکترۆنییــەکانی کەسـانی نــەخۆش تیایـدا دەپارێزرێـــت، بەهەماهـــەنگی راســـتەوخۆ و رۆژانـــە لەگـــەڵ ناوەندەکانی تەندروستی لـەکـەرتی گشـتی و کـەرتی تایبـەتی و نورێنگـەکانیش، بـەجۆرێک لـەم ناوەنـدەدا هـەموو زانیارییـەکی پێویسـت لەسـەر بـاری کەسـانی نـەخۆش، بـوونی دەبێـت، کـە پێشووتر لەم ناوەندانەدا بەشێوەی ئەلیکترۆنی کۆکراونەتەوە.

- دامەزرانـــدنی بەشـــێکی تایبـــەت بەکۆکردنـــەوەی زانیـــاری نەخۆشەکان لەنەخۆشخانە و بنکـەکانی تەندروسـتی و تەنانـەت لەنورێنگەکانیشـدا و بەسـتنەوەیان بـە (ناوەنـدی نیشـتمانی بـۆ زانیاریی تەندروستی).
- پشتگیریکردنی دارایی و بەرزکردنـەوەی شایەسـتە داراییـەکردنی کارمەندانی بواری تەندروستی لەپزیشک و یاریدەدەرانی پزیشـک و بـــرینپێچ و پەرســـتار و کارمەنـــدانی تـــری تەندروســـتی و ئەلیکتریک و ئەلیکترۆنی و بوارەکانی تری پاڵپشـت بەپرۆسـەی تەندروستی، بەجۆرێک کە شایەستەکانیان گونجاو بێـت و نزیـک بێت لەوانەی کـە لەکـەرتی تایبەتیـدا کاردەکـەن، تـاوەکو زیـاتر گرنگی بەکارەکانیان بدەن و هەست بەجیاوازی نەکەن.
- هەڵمەتی نوژەنکردنەوەی خەستەخانە و بنکـەکانی تەندروسـتی بەشێوەیەکی گونجاو.
- دوورخســتنەوەی ئــەو کۆمپانیــا خــراپ و ئاســت نزمانــەی کــە لەناوەندەکانــدا لــەڕێی گرێبەســتی پاککردنــەوەو ئامــادەکردنی خــواردن و خزمەتگوزارییــەکانی تــر، ناوەنــدەکان تەندروســتیان بێبایەخ کردووەو لەئاستێکی زۆر نزمدا کارەکانیان رادەپەڕێنن و خاوەنـــداری زۆربـــەی ئـــەم کۆمپانیایانـــەش خـــەڵکانی دەستڕۆیشتوون!
- دامەزراندنی باول (سەندوق)ی زامنکردنی چارەسەری خۆڕایی بـۆ ئەو نەخۆشانەی کە کەمدەرامەتن.

- دامەزراندنی تەندروستی خوێندنگاکان بۆ گشت شـار و دەڤـەر و گوندەکان (بەوردی باسکراوە).
- بووژانەوە و چاکسازی لەئاستی بازرگانی دەرمان و دەرمانسازی نیشتمانی.
- سـەرلەنوێ پێداچوونــەوە بەگشـت جـۆرەکـانی دەرمـان و ئـەو کۆمپانیایانەی کەلەرابردوودا بـەخراپی هەڵسوکەوتیان کـردووەو زیانیان بـە تەندروسـتی و دەرامـەتی خـەڵک گەیانـدووە، ئەوانـە دوور بخرێنـــەوەو کۆتـــایی بـــەکارەکانیان بهێنرێـــت (بێگومـــان بڕیارێکی لەمشێوەیە ئاسان نابێت بەتایبەتیش زۆربەی کۆمپانیـا گەورەکانی بازرگانی دەرمـان خاوەنەکـەی خـەڵکانی بـەرپرس و بەهەژموونن کە زۆربەی جار خۆیان لـەدەرەوەی ئـەم بازرگانییـە لەســـێبەردا پشـــیوان و ســـۆپەرن بـــۆ ئـــەو کۆمپانیایانـــەو سەرپێچییەکانیان!).
- هاندانی سەرمایەداران ناوخۆیی و بیانی بۆ دامەزراندنی کارگـەی تری دەرمان جگە لەهەردوو کارگـەی نیشـتمانی (awa medica) و (Pioneer) و دانانی چاودێری زۆر ورد لەسـەر لایـەنی جـۆری دەرمانەکە و کاریگـەری ئـەرێنی و نـەرێنی لەسـەر تەندروسـتیی نەخۆشەکان، وابەستەکردنی گشت کارگـەکان بـۆ بەرهـەمهێنانی زۆربەی دەرمانەکان و خۆ نەدزینەوەیان لەتەواوکردنی گشت ئەو لیســـتانەی کـــەزۆر پێویســـتن، هـــەروەها پێویســـتە نرخـــی دەرمانەکانیش بەجۆرێکی گونجاو بێت.

- پشتگیریکردنی وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ دابینکردنـی دەرمـانی پێویسـت بـۆ نەخۆشـییەکانی شـێرپەنجە و نەخۆشـییەکانی درێژخایەن بەخۆڕایی بەتایبەتی بۆ کەسانی کەمدەرامەت.
- کۆنتڕۆلکردنی دەرمانخانـەکان بـۆ دانـانی دکتـۆری دەرمانسـاز و یاریـدەرە دەرمانسـازەکان و دوورخسـتنەوەی ئـەو کەسـانەی کـەخاوەنی بڕوانامـەی بـەکالۆریۆس یـان دبلـۆم نـین لـەبواری دەرمانسازی.
- دوورخستنەوەو قەدەغەکردنی کرداری نوێنەری بۆ کۆمپانیاکـانی دەرمان، چونکە لەبنەڕەتدا جۆرێکە لەفێڵی نێوان کۆمپانیاکان و هەندێک لەپزیشکان.

## چاکسازی لەنورێنگەکانی تایبەت

سیسـتمی کـاری نورێنگـەکان بەگشـتی دواکـەوتووەو جۆرێـک لەئاڵۆزی و بێسەرووبەری تێدایە، درێژکەرەوەی هەمان ئـەو سیسـتمە خراپـەی سـاڵانی حـەفتاو هەشـتاو نەوەتـەکانی سـەددەی رابـردوو و سـەرەتای هـەزارەی سـێیەمە، زۆر شـت لـەجیهان و کوردسـتانیش گـۆڕانی بەسـەردا هـات، کـەچی نۆرێنگـە تایبەتییـەکان کـەمترین گۆڕانکـاری بـەخۆوە بینیـوە، و زۆربـەی جـاریش نەخۆشـەکان دەبـن بەقوربانی و باجی ئەو خراپییە دەدەن، بۆیە پێشنیار دەکەم کە:

- وەکو شوێن پێویستە مەرجی تایبەتی بۆ نۆرێنگـەکان دابنرێـت، بەم دواییە نورێنگەی تـازە کراونەتـەوە کـە ئـەم خاڵانـەی تیـادا رەچاوکراوە، بەڵام بەشێکی زۆری نورێنگەکان لەخانو و شوقە و ژێرزەمینی کۆن و خراپ دان کە تەنانەت مەرجی تەندروسـتی و سەلامەتیشی تێدا نییە.
- پێویستە میکانیزمی هاتن و سەردانی دکتـۆر لـەرێی تەلیفۆنـەوە بێت بۆ ئەوەی قەرەبالخی لەناو نورێنگەکاندا دروست نەبێت کـە لەوانەیـە ببێتـە هـۆی هـەڵمژینی هەناسـەی کەسـانی نـەخۆش، هــەروەها مــەرجی هــەوا گــۆڕکێ و پاکوخــاوێنی بــەردەوام لەنورێنگەکاندا هەبێت.
- قەدەخەکردنی ئامادەبوونی نەخۆشێکی تر یان زیاتر لەو کاتـەی کە پزیشک پشکنین بۆ نەخۆش دەکات، هاولاَتیـانیش ئاگـادار بکرێنەوە بەوەی لێنەگەڕێن ئـەم کـارە نەشـیاو و دواکەوتوانەیـە هەبێت.
- لەم قۆناخەدا پێویستە گشت پزیشکان پابەنـد بـن بـەو نرخـەی کــە وەزارەت بــە هەماهــەنگی لەگــەڵ ســەندیکای پزیشــکاندا دیاریدەکەن لەبەرامبەر پشکنین و چارەسەری.
- هەر نورینگەیەک لـە چ قەبارەیەکدا بێـت پێویسـتە سیسـتمێکی نــوێ پــەیڕەو بکــات لــەتۆمارکردنی ئــەلیکترۆنی بــۆ زانیــاری نەخۆشــەکان و ئــەنجامی پشــکنین و جــۆری چارەســەر و دەرمانەکان، پێویستە ئەم کارە رۆتینی نەبێت و لیژنەی تایبەت

لــەوەزارەت و ســەندیکا دابنرێــت بــۆ پشــکنینی نۆرێنگــەکان بەکتوپڕی.

- بەبەردەوامیش زانیارییەکان ڕۆژانە بە ئیلیکترۆنـی بنێردرێت بـۆ (ناوەندی نیشتمانی بۆ زانیاریی تەندروستی)

- دیــاریکردنی ئــەو ژمارەیــەی کــە پێویســتە پزیشــکەکان لەنۆرێنگەکانیانـدا بیـانبینن و بیانپشـکنن، چونکـە لای هەنـدێک لەپزیشـانی بـەناوبانگ ئـەو ڕێژەیـە زۆر بـەرزە و کـار لـەجۆر و ئاستی پشکنینەکان دەکـات و زۆربـەی جـار پزیشـکەکان جـدی نـابن لـەکارەکانیان و توانـای کارکردنیـان دادەبـەزێت و تـەنها مەبەستیان قازانجە داراییەکانیانە کە تـا نـەخۆش زیـاتر ببیـنن، قازانج زیاترە!.

- هەر بلیتێک کە بۆ چوونەژوورەوەی نەخۆش دەبڕدرێت بـەرێژەی ١٠% دەچێتــە نــاو باول (ســندوق)ی بوژانــەوەی تەندروســتیی کۆمـەڵ، بۆیـە پێویسـتە گشـت ئـەو بلیتانـە لەلایـەن وەزارەت و بانکی بوژانەوەی تەندروستی، باوەڕپێکراو بێت، هـاولاَتیـانیش ئاگاداربکرێنــەوە بــەوەی کــە پێویســتە بلیتــی بــاوەڕپێکراوی ژمێرەکراو وەرگرن.

- وەزارەت و سـەندیکای پزیشـکان ئـەو ڕێنماییانـەی تایبـەتن بـە نۆرێنگاکانی تایبەت لەسەر کارتۆنێکی قەبارە ٧٠X٥٠ سم چـاپ دەکات و پێویستە لەسەر هەموو نورێنگەکان لەشوێنێکی دیار و بەرچاوی دیواری هۆڵی چاوەڕوانیکردنی نەخۆش هەڵیبواسن.

## نورێنگەکانی پزیشکی ددان

- تێکەڵنــەکردنی دوو تایبەتمەنــدی لای پزیشــکانی ددان ئــەویش تایبەتمەندی دانساز، و پزیشکی نەشـتەرگەری ددان، کـە ئەمـەی دووەمیان زۆر هەستیارە و پێویستیشی بە ژوورێکی تایبـەتی بـە نەشتەرگەری هەیە.
- جەختکردنەوە لەخۆپاراسـتنی پزیشـکانی ددان لـەو نەخۆشـیانەی کە لەدەمەوە لەئەنجامی برین و خوێنەوە دەگوازرێنەوە، پێویستە دەستکێش و دەمامک و چاویلکەش بوونی هەبێت، هەروەها زیاتر لەدوو سـێتی کـارکردن هـەبێت بـەردەوام سـێتە بـەکارهاتووەکان دوای شوشتن، لەناو فڕندا بەگەرمکردن پاکبکرێنەوە.

## دامەزراندنی تەندروستیی خوێندنگاکان بۆ شار و گوند

ئەگــەر بمانــەوێت کــەلتوری چـاودێری تەندروسـتی بــەوردی و رێکـوپێکی جێبەجێبکـەین، ئـەوا پێویسـتە لـە باخچـەی سـاوایانەوە دەســتپێبکەین، بۆیــە پێویســت دەکــات وەزارەتــی تەندروســتی بەهەماهــەنگی لەگــەڵ وەزارەتــی پــەروەردەو فێرکــردن پەلــە بکــات لەدامەزرانــــدنی بەڕێوەبەرایــــەتییێکی گشــــتی بەناونیشــــانی (بەڕێوەبەرایـەتیی گشـتی تەندروسـتیی ناوەنـدە پەروەردەییـەکان)،

پێویستە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بەم تایبەتمەندی و ئەرکانـەدا بێت:

- لەهەموو پارێزگایەکدا بەرێوەبەرایەتیەک هەبێت، لەهەر قـەزایێک فەرمانگەیەکی هەبێت.
- لەم بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگانەدا چەندین بنکـەی تەندروسـتی گـەڕۆک هـەبێت کـە لەسـەر پشـتی ئۆتۆمبێلـدا بـن لەوانـەش (پیکاب دوو تەنی بۆکس، بارهەڵگری گەورەی بۆکس).
- لــەتیمی بنکــەی تەندروســتی گەڕۆکـدا پزیشـکێکی گشـتی و یـەکێکی ددان و تاقیگەیـەکی بچـوکی گـەڕۆک و پەریستاریشـی تێدا بێت لەگەڵ ئـامێرێکی بچووکی تیشـک، و دەرمانخانەیـەکی بچووک.
- ســەردانی بنکــەکانی تەندروســتی گــەڕۆک بــەپلان و بــەپێی خشتەیەکی دیـاریکراو دەبێـت کـە بـەلانی کـەم هـەر ناوەنـدێکی پـەروەردەیی لـەماوەی چـل رۆژدا جارێـک سـەردان دەکرێـت و ساڵانەش بەلانی کەم شەش جار (لەباری دروسـتبوونی کێشـەی تەندروسـتی یـان بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەک لەدەڤەرێکـدا ئـەوا جگە لەخشتەی سەردانی ئاسـایی، سـەردانی کتـوپڕیش ئـەنجام دەدرێت).

- لەگەڵ بنکە تەندروستییە گەڕۆکەکانـدا زانیـاری هـەر قوتـابی و فێرخوازێک بارمتە دةکرێت، دواتر بە ئەلیکترۆنی دةنێردرێت بـۆ (ناوەندی نیشتمانی بۆ زانیاریی تەندروستی).
- بۆ جێبەجێکردن و ئەرکی دارایـی ئـەم پـڕۆژە سـتراتیجیە جگـە لەبودجەی گشتی پێویستە سـوود لـەتوانـای دارایـی و دەرمـانی رێکخـــراوی تەندروســـتی جیهـــانی و رێکخـــراوی یونیســـێف و رێکخراوەکـانی تـری جیهـانی و خێرخـواز وەربگیرێـت، دەکرێـت هاوکارییەکان بریتی بن لەئۆتۆمبیلی بۆکس کە زۆر پێویستن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.
- لەباری دەرکەوتنی نەخۆشیەک کە چارەسەری خێرای لەناوەنـدە گەورەکان پێویست بێت ئەوا قوتابیە نەخۆشەکە لـەڕێی بنکـەی تەندروستی گەڕۆک بەراپۆرتەوە رەوانە دەکرێت.
- هەر فێرخوازێک بۆ هەر بینینێک تەنها هەزار دینار وەکـو بڕینـی پســوولە دەدات، لــەباری کــەم دەرامــەتی ئــەوا لەدەســەڵاتی بەپرسی بنکەکەیە کە کەسەکە لەم برە ببەخشێت.
- یەکێکی تـر لەخزمەتگوزارییـەکانی بنکـەی تەندروسـتی گـەڕۆک، بڵاوکردنـەوەو پەخشـکردنی (رۆشـنبیری تەندروسـتی)یە لـەرێی بڵاوکردنەوەی نامیلکەو لیفلێت و هەڵواسینی پۆستەر و فلێکس.

# چاکسازی و بوژاندنەوەی پەروەردە و فێرکردن

لەبیسـت و حـەوت سـاڵی رابـردوودا وەزارەتـی پـەروەردەو فێرکردن بەچەند قۆناخ و بارێکدا تێپەڕیوە، بەڵام لەراستیدا لەهەموو قۆناخەکانیدا تەنها وەزارەتی فێرکردن بووە و کەمتر گرنگی دراوە بە لایەنی پەروەردەیی.

لەرابردوودا هـەنگاوی باش هاوێشـتراوە بۆ گـۆڕینی پرۆگرامـی خوێنـدن بـەڵام ئـەم گۆڕانکاریانـە ناتـەواو بـوون چونکـە لەسـایەی نەبوونی ژینگە و بینای گونجـاو و مامۆسـتا و کـادیری پـەروەردەیـی پێشکەوتوودا، باشترین و هاوچەرخترین پرۆگرام سەرکەوتوو نابێت و شکسـت دێنێـت و نابێتـە هـۆی گەیانـدنێکی تـەواو بـۆ پـەیامی پەروەردەیی، بۆیە لەخوارەوە چەند پێشنیار و کورتکراوە بۆ پرۆژەی وەبەرهێن لەبواری پەروەردەو فێرکردنەوە دەخەمەروو:

## دامەزراندنی (بانکی بوژانەوەی پەروەردە و فێرکردن)

بـۆ کـاراکردن و خێراکردنـی پرۆسـەی بوژانـەوەی پـەروەردەو فێرکردن، واباشـترە بـانکێکی نیشـتمانی بـەناوی (بـانکی بـوژانەوەی

پەروەردە و فێرکردن) دابمەزرێنرێت کە ئەرکی کۆکردنەوەی هاوکاری بێت بۆ پێشخستنی بواری پـەروەردەو فێرکـردن، پێویسـتە بونیـاد و ئەرکی ئەم بانکە بەیاسا یان بە رێنمایی رێکبخرێت.

سەرچاوەی دارایی بانکەکە هەمەجۆرن بەمشێوەیەی خوارەوە:

- ئەو بڕەی کە لەبودجەی گشتیدا ساڵانە بۆ وەزارەتـی پەروەردەو فێرکردن تەرخان دەکرێت.
- زەوی و باڵەخانەو هۆڵە بەکرێدراوەکانی وەزارەتی پەروەردە.
- بەخشینە داراییەکانی رێکخـراوە نێودەوڵەتییەکـانی یونیسـێف و یونێسکۆ و ئەوانی تر.
- بەخشینە داراییەکانی وڵاتاني دۆست و وڵاتە بەخشێنەرەکان.
- بەخشینی هاوڵاتیان وسەرمایەدارە نیشتمانییەکان.
- باجی قوتابخانەو فێرگە ئەهلییەکان.
- پارە بەخشراوەکانی (سندوقی نیشتمانی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا پەروەردەییەکان).
- پارەی فرۆشـتنی ئـەرز و باڵەخانـەکانی قوتابخانـە و خوێندنگـە کۆنەکان.
- پارەی باجی سەر قوتابخانەو فێرگە ئەهلییەکان.
- داهاتی رسوماتی کردە بانکییەکان.

## پرۆژەی کۆمەڵگای پەروەردەیی هاوچەرخ

لەکوردسـتاندا زۆربـەی باخچـەی سـاوایان و قوتابخانـەو خوێندنگاکان مەرجی تەواوی تێدا نییە بۆ خولقاندنی کـەش و هـەواو ژینگەیەکی تەندروست بـۆ پرۆسـەی پـەروەردەو فێرکـردن، خوێنـدن دابەش بووە بەسەر چەند باڵەخانەیـەکی کـۆن و ناڕێـک و نـەگونجاو لەهەموو روێکـەوە، سـتایلی ئـەو بینایانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق یان بۆ شەستەکانی سەدەی رابـردوو کـە بریتیبوون لە خوێندنگای شەش پۆل یـان دوانـزە پـۆل، گۆڕەپـانێکی بچووکی کۆنکریتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵا و بەڕیز وەستانی بـەیانیان، دوو سـێ ژوور بـۆ مامۆسـتاو نووسـەری کـارگێڕی و پاسـەوان و پاککەرەوەکان، بۆیە پێشنیار دەکەم وەزارەتی پەروەردە و فێرکـردن پلانێکی تۆکمەو ورد دابنێـت بـۆ بونیادنـانی کۆمـەڵگای پـەروەردەیی لەگشـت شـارە گـەورەو مـام ناوەنـد و شـارەدێکان، هاوشـێوەی کومـەڵگای پـەروەردەیی (فـاخیر مێرگەسـۆری) بێـت کـە لەهـەولێر لەلایـەن دەوڵـەتی کۆریـای باشـوورەوە بونیـاد نـراوە و بریتییـە لـەرووبـەرێکی گـەورە کـە لـەقۆناخی باخچـە سـاوایانەوە باڵەخانـەی تایبـەتی بۆ بونیـادنراوە تـا دەگاتـە دواناوەنـدی، بێگومـان هەنـدێک کەموکوڕی لەبونیادی ئەم کۆمەڵگایەشدا هەیە، پێویسـتە لەکۆمـەڵگا پێشنیارکراوەکەماندا نەمێنێت و هەڵەکان راستبکرێنەوە.

پێشـنیار دەکـەم کۆمـەڵگا پـەروەردەییـەکانی کوردسـتان بـەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە بن:

- کۆمەڵگاکە لەسەر رووبەرێکی فراوان بێت، جگە لە باڵەخانـەکان بەشـێکی تایبـەتی هـەبێت بـۆ سـەوزایی و باخچـە، هـەروەها رەچاوی ئایندەش بکرێت بۆ فراوانبوونی زیاتر.
- کۆمەڵگاکـە باڵەخانـەی تایبەتمەنـدی بـۆ گشـت قۆناخـەکانی خوێنـدن تێـدا بێـت (باخچـەی سـاوایان، سـەرەتایی، ناوەنـدی، دواناوەندی).
- چەند ستادیۆمێکی بچووکی تێدا بێـت بـۆ وەرزش و یارییـەکانی باڵەو سەبەتە و تێنسی سەر ئەرز و فوتبۆلی بچوک (یەکێک لە ستادیۆمەکان داخراو بێت یان نیمچە داخراو بێت).
- مەلەوانگەیـەکی داخـراوی تێـدا بێـت کـە تێـدا رەچـاوی هـەموو قۆناخەکانی خوێندن کرابێت.
- هۆڵێکی مام ناوەند کە جگە لەشانۆ، شوێنی دانیشتنی نزیکـەی ٢٥٠ کـەس بکرێتـەوە، ئـەم هۆڵـە بـۆ زۆر چـالاکی و بۆنـە بەکاردێت.
- لەگشت قۆناخەکان رەچـاوی هـۆڵ و ژوورەکـانی تاقیگـە، هـۆڵی کتێبخانـە، هـۆڵی نیگارکێشـان، هـۆڵی مۆزیـک، هـۆڵی شـایی و سەما و نواندن بکریت.

- نورینگەیەکی بچووک، کە لەهۆڵێکی چاوەڕوانی و ژووری چارەسەری و ژورێکی دوو قەرەویڵەوەیی بۆ پشوودان و پاڵکەوتنی نەخۆش.
- هۆڵی ریستۆرانت، شوێنی حانوتی جاران بگرێتەوە کە تیایدا خواردنی تەندروست پێشکەش بەو منداڵانە بکرێت، ئەوانەی هاوبەشن لەخواردنی ریستۆرانتەکە، یان ئەوانەی کە لەماڵەوە خواردن لەناو (بۆکسی خواردن) لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و لەم شوێنەدا بەئارامی نان دەخۆن.
- بونیادنانی توالێتی هاوچەرخ و گونجاو بەرەچاوکردنی توالێتی بچووک بۆ باخچەی ساوایان و قوتابیانی پۆلی یەکەم تاکو چوارەمی سەرەتایی، بێگومان بەرەچاوکردنی سیستمێکی پاک و خاوێنی و تەندروستی ورد و ئاست بەرز.
- تەرخانکردنی ژێر زەمینی باڵەخانەکان بۆ پارکینگی ئۆتۆمبیلی مامۆستایان بەرەچاوکردنی سیستمی پاراستن لەلافاو و کۆبوونەوەی ئاو لەخوارەوە، بەشێکی ژێرزەمینەکەش وەکو کۆگا بەکاردێت .
- بونیادنانی چەندین ئاوپرژێن لەناو سەوزایی و باخچەکاندا، زیندوویی زیاتر بە کۆمەڵگاکە دەدات.

چۆن و بەچی تێچوون و خەرجی بونیادنانی کۆمەڵگاکان دابین بکەین؟!

بونیادنانی ئەم کۆمەڵگایانە کارێکی هەروا ئاسـان و بێ گرفـت نییـە، بەتایبـەتیش ئـەم پرسـە پەیوەسـتە بـە خـەرجی و دارایـی و دابینکردنـی رووبـەری ئـەرز، بۆیـە بـۆ ئـەوەی سـەرکەوتووبین و پێشنیارەکەمان تەنها بیرۆکەیەکی فـەنتازی و خـەیاڵی نـەبێت چەنـد پێشـنیار و سـەرچاوەیەکم لێـرە دەستنیشـانکردووە کـە بـە هـەر هەموویان دەتوانرێت کاری جدی لەسەر بکرێت و لەماوەی ٨-١٠ ساڵ بتوانرێت گشت ئەم کۆمەڵگایانە لەهەموو کوردستاندا بونیاد بنرێت.

ئەم پێشنیار و سەرچاوە دارایانەش بەمجۆرەیە:

- بودجـەی نەخشـەدان و گەشـەپێدان لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کـە سـاڵانە بڕێکـی زۆر خـەرجی بـۆ بونیادنـانی باڵەخانەی تازە تەرخان دەکرێت (مەبەستم بودجەی نەخشەدان و گەشەپێدانە نەوەک بەکاربردن- المیزانیە التشغیلیە-).
- پارەی فرۆشـتنی ئـەرزی ئـەو کۆمەڵـە ئـەرز و باڵەخانانـەی کـە باخچـەی سـاوایان و قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی و دواناوەندین، دوای ئەوەی ئەو شوێنانە دەفرۆشرێن پێویستە بـۆ یەکسـاڵ خوێنـدن تیایـدا بـەردەوام بێـت، کـە لـەو ماوەیـەدا کۆمـەڵگاکـانیش بـەخێرایی و بەسیسـتمی باڵەخانـەی دیـواری ئامـادەکراو تـەواوبکرێن و لـەکارکردنی ئـەو پڕۆژەشـدا پێویسـتە سیستمی کارکردنی بونیادنانەکە بە دوو ستاف بێت واتە سـافی کـاری بـەیانیان هـەتاکو چـواری ئێـوارە، سـتافی دووەمـیش

لــەچواری ئێــوارەوە بــۆ دوانــزەی نیوەشــەو، بەمشــێوەیەش یەکســاڵی کــارکردن لــەم پڕۆژانــە دەکاتــە دووســاڵ کــارکردن بەبەراورد لەگەڵ ئەو پڕۆژانـەی کـە بەیـەک شـیفت کاریـان تێدا دەکرێت، هـەروەها سیسـتمی بونیادانـانی باڵەخانـەکـان بـەهۆی دیواری ئامادەکراو دەبێت کە کارەکانی خێراتر دەچێتە پێشـەوە بەبەراورد بە دیواری بلۆک یان خشت یاخود دیواری بەردین.

- هاوکاری (بـانکی بوژانـەوەی پـەروەردەو فێرکـردن) کـە سـەربە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردندا دەبێت (دواتر بـەوردی بـاس لـە دامەزراندن و ئەرکەکانیم کردووە).
- هاوکاری وڵاتانی بەخشینەر، کە زۆر جار ئەو وڵاتانە بەراستەخۆ بێـت یـان لـەرێی رێکخـراوە نیودەوڵەتییەکانـەوە ئـەم پڕۆژانـە دەگرنـەخۆ یـاخود بەشـێوەیەکی رێژەیـی و دیـاریکراو هاوکـار و بەشدار دەبن لەبونیادنانی ئەم پرۆژانە.
- رێکخــراوی نەتــەوە یــەکگرتووەکان یۆنیســکۆ UNESCO بــۆ پەروەردەو زانسـت و هونـەر، ئەگـەرچی یونیسـکۆ کـە ئۆفیسـی سەرەکییەکەی لە پاریسی فەڕەنسـایە رێکخراوێکـی هـەژار و بـێ دەرامەتــە، بــەڵام توانــای پەیــداکردنی هاوکــاری و بەخشــینە داراییەکان هەیە لەوڵاتان و رێکخراو و کەسانی بەخشێنەر.
- (سندوقی نیشتمانی بۆ بونیادنانی کۆمـەڵگا پـەروەردەییـەکان)، ئـەم سـندوقە لەگـەڵ دەسـپێکی پرۆژەکـە دادەمـەزرێت و گشـت هاوڵاتیان دەتوانن بەشدار بن لەبەخشین بـەڵام بـۆ ئـەو بـاوک و

دایکانەی کە منداڵەکانیان قوتابی و خوێنـدکارن ئـەوا پێویسـتە مانگانە بۆ هـەر فێرخوازێـک بـڕی ٠١% موچـەکانیان ببەخشـنە سندووقەکە، واتە ئەگـەر دایکێـک یـان باوکێـک موچـەیان پێـنج سـەد هـەزار دینـار بێـت (کـە کـەمترین ئاسـتی موچەیـە) ئـەوا پێویستە مانگانە تەنها پێنج هەزار دینـار لەموچەکـەی ببڕدرێـت بۆ سەندوقی نیشتمانی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا پەروەردەییـەکان (بڕەکە بۆ یـەک قوتـابی و خوێنـدکارە لـەباری زیـاتر بڕەکـەش دەگۆڕێت).

## پەرەپێدان بە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی

لــەرابردووی نزیکــدا دوای دوای پرۆســەی رزگــاری عــراق و دامەزرانـدنی (عراقـی تـازە!) دەوڵـەتی عـراق فێڵێکـی گـەورەی لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و نەتـەوەی کـورد کـرد ئـەویش بـەو داواکارییــەی کــە پێشــکەش بــە یۆنیســکۆ کردبــوو ســەبارەت بــە نوژەنکردنــەوەو زیندووکردنــەوەی تەلــەفزیۆنی پــەروەردەیی، ئــەم تەلەفزیۆنە لەسەردەمی پێشـوودا هـەبووەو لەگـەڵ پرۆسـەی رزگـاری عـراق هـەموو کەلوپـەل و ئامێرەکـانی لـەناوچوون و فـەوتان، تـەنها باڵەخانەکـەی مـابوو، وەزارەتـی پـەروەردەی عـراق لـەبواری مفـا و سـوودی ئـەم تەلەفزیۆنـە ئامـاژەی بـەوە کردبـوو کـە لەسەرتاسـەری عراق قوتـابی و خوێنـدکار و فێرخوازەکـان بەگشـتی لێـی سـوودمەند دەبن، بێ ئەوەی کوردستان و خوێنـدن بـەزمانی کـوردی و خوێنـدن

بەزمانی نەتەوەکانی تری کوردستان رەچاو بکرێت، بۆیە کاتێک یونیسکۆ نزیکەی شەش ملیۆن یۆرۆی لەولاتانی بەخشێنەر وەکو هاوکاری بێ بەرامبەر کۆکردەوە بونیادی کەلوپەل و راهێنان و گەشەپێدانی مرۆیی ئەم تەلەفزیۆنەی پێ تەواوکرا، بێ ئەوەی هیچ سوودێک بگەیەنێت بە قوتابیانی کوردستان و پرۆگرامی خوێندن بەزمانی کوردی و زمانەکانی تری کوردستان.

بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات داوای هاوکاری و قەرەبووکردنەوە لەیونێسکۆ بکات و هەوڵبدات بەخشینی دارایی دابینبکات بۆ پێشخستنی (تەلەفزیۆنی پەروەردەیی) کە بارەگاکەی لە سەنتەری شاری سلێمانییە تاوەکو ببێت بە رایەڵێکی گرنگی پەروەردەیی و فێرکاری و مەعریفی.

بۆ دابینکردنی خەرجی پێشخستن و نوژەنکردنەوەکە پشت بەم سەرچاوانە ببەستێت:

- وەرگرتنەوەی ملیۆنێک و دووسەد هەزار یۆرۆ کە دەکاتە پشکی قوتابیانی کوردستان لە دەوڵەتی عراق کە رێژەی ٢٢% ی ئەو پارەیەیە کە برەکەی ٦ ملیۆن یۆرۆی ولاتانی بەخشێنەرەو چونکە قوتابی و خوێندکاری کوردستان لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی عراق سوودمەند نابن و بەناوی هەموو عراقەوە وەرگیراوە (ئەو رێژەیەش هەموو کوردستان دەگرێتەوە بە هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم).

- رێکخسـتنەوەی بونیـادی تەلەفزیۆنەکـە و سـازکردنی خـولی راهێنـانی پێشـکەوتوو بــە کارمەنــدانی تــەکنیکی و هونــەری و میدیاکارانی.

- گرنگیـدان بـە بەرنامـەو پرۆگرامـەکانی خوێنـدن بـە زاراوەی بەهدینانی.

- بـەجیا رەچـاوی پرۆگرامـی خوێنـدن بـەزمانی تورکمـانی و سریانیش بکرێت.

- ئامادەکردنی بەرنامەی بەهێزو پێشـکەوتوو بـەهۆی مامۆسـتا بەهێز و بەتواناکانی کوردستان، بەتایبەتیش بۆ قۆناخەکانی سێیەمی ناوەنــدی و شەشــەمی دواناوەنــدی تــاوەکو ببێتــە پاڵپشــت بــۆ فێرخـوازان، بەتایبـەتیش ئەوانـەی توانـای داراییـان لاوازەو نـاتوانن مامۆستای تایبەت بگرن.

- پشتیوانیکردنی کارمەنـدانی تەلەفزیۆنەکـە لـەرووی داراییـەوە بۆ ئەوەی شایەستە داراییەکانیان بەشێوەیەک گونجـاو و نزیـک بێـت لەهـەمان ئـەو بـڕە پارانـەی کـە میـدیاکاران لەتەلەفزیۆنـە حزبـی و تایبەتەکان وەریدەگرن، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کارمەندانی هونـەری و میدیاکار و تەکنیکی تەلەفزیۆنەکە جێنەهێڵن (ئەم کارە بە پاداشـت بێت یان بە دەرماڵەیەکی تایبەتی دەکرێت).

## پێشخستن و پەرەپێدانی بواری چاپکردنی پرۆگرامی خوێندن

لــە١٥ ســاڵی رابــردوودا، ئــەزموونی چــاپکردنی کتێبــەکانی پرۆگرامی خوێندن زۆر خراپ بوو، پرۆسەکەش کە لـەرێی تەنـدەرەوە دەکرا هەموو جارێک بۆ چاپخانەکانی دەرەوەی وڵات دەردەچوو، کـە چاپخانەیەکی لوبنانی چاپکردنی زۆرینەی کتێبەکانی بـۆ دەردەچـوو، بەمەش پارەیەکی زۆر لەکوردستانەوە دەچووە وڵاتێکـی تـر ئـەوە لـە کاتێکـدا بـوو حکومـەت خـاوەنی کۆمـەڵێک چاپخانـە بـوو، لـەپێش هەمووشــیانەوە چاپخانـــەی وەزارەتـــی پـــەروەردە کـــە گـــەورەترین چاپخانەیـە لەهــەموو کوردســتانی باشــوور، لەلایــەنی زۆری ئــامێرو جۆرەکـانی، هـەروەها وەکـو فراوانـی رووبـەری چاپخانەکـەش. (ئـەم چاپخانەیەش کە لەهەشتاکانی سەدەی رابـردوودا دامـەزرێنرا یەکێکـە لــەو ســێ گــەورە چاپخانانــەی کــە دەوڵــەتی عــراق بــۆ چــاپکردنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە بەغداد و بەسرا و هەولێر بونیـادنرا، تا ئێستاش تواناى بەرهەمهێنانی ئەم چاپخانەیە زۆر و گەورەیە).

پێشـنیار دەکـەم کـە بـۆ چـاککردنی ئـەم بـارە خراپـە ئـەم هەنگاوانە بهاوێین کە زەحمەت و ئەستەم نییە:

- پێشخســتنی چاپخانــەی وەزارەتــی پــەروەردە لەهــەولێر لــەرووی چاککردنــەوەو نوژەنکردنــەوەی ئامێرەکــانی، هــەروەها کێشــەی کرێکار و کارگێڕەکانی چارەسەر بکرێت و چیتر لێنەگـەڕێن ئـەم دەزگــا بەرهەمهێنــە پــەکی بکــەوێت و لــەرووی کارگێڕیشــەوە گۆڕانکاری و گەشەپێدانی بۆ بکرێت.

- بەرزکردنەوەی ئاستی چۆنایەتی کتێبە چاپکراوەکانی پرۆگرامـی خوێنـدن لـەرووی ئـەوەی هـەر کتیبێـک لـە لاپـەڕەی سـەرەتاوە تاکۆتـایی بـە یـەک ئاسـت چاپبکرێـت و رەچـاوی سـتانداردی جیهانی بکرێت لە جۆری چاپ و بـڕین و بـەرگکردن چونکـە زۆر جار ئەو کتێبانە بەرگەی فشاری ٨-٩ مـانگی خوێنـدن نـاگرن و هەڵدەوەشێنەوە.
- دەرکردنـی بڕیارێـک بـۆ کۆتاییهێنـان بـە چـاپکردنی کتێبـی پرۆگرامـی خوێنـدن لــەدەرەوەی وڵات، پێویسـتە وەزارەتـی پەروەردە بەتەواوی سوود لەچاپخـانە حکومییەکانـەوە ببینێت، بەمەش خەرجییەکـی زۆر پاشـەکەوت دەکرێـت، جێگـای ئاماژەپێکردنە کە حەوت چاپخانەی حکومەت هەن: (چاپخانەی وەزارەتـی پەروەردەو فێرکـردن لەهەولێـر، چاپخـانەی وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان لەهەولێـر، چاپخـانەی وەزارەتـی دارایـی و ئابووری لەسلێمانی، چاپخـانەی وەزارەتـی کشـتوکاڵ لەهەولێـر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لەهەولێـر، چاپخـانەی زانکـۆی سـلێمانی لەسـلێمانی، چاپخـانەی پارێزگـای دهـۆک کە لەلایەن فەرمانگەیـەکی وەزارەتـی رۆشـنبیرییەوە لـەدهۆک بەخواسـتن بەکاردەهێنرێت).
- هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی کـارگەیەکی بەرهەمهێنـانی کـاغەز و کـارتۆن کە دەکرێـت وەکـو سـەرەتا کـارگەیەکی دەسـتی دوو بکڕدرێت، (بێگومان لەکوردستاندا مادەی خامی کـاغەز بەهەردوو

شێوەکەی هەیە هەم وەکو ماددی خامی ئۆرگانی یاخود وەکوسەرلەنوێ دروستکردنەوەی لەڕێی کاغەز و کارتونی بەکارهاتوو کە رۆژانە لەبازار و مالاندا چەندین تۆن فڕێ دەدریت و بەبێسوود بەفیڕۆدەچێت.

## دانانی باج لەسەر خوێندنی تایبەت

لە ١٥ سالی رابردوودا دامەزراوە پەروەردەییە ئەهلییەکان فراوانبوون و گەشەکردن و پێشوەچوونێکی زۆری بەخۆوە بینی، ئەو فراوانبوونەش کاری نەرێنی هەبوو لەسەر خوێندن لە دامەزراوە نیشتمانییەکان و بەجۆرێک جیاوازی لەنیوان چین و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دروستکرد، و مامۆستا هەرە باشەکانیش لەبەر لایەنی باشکردنی ئابووری خۆیان، پشتیان لەدامەزراوە نیشتمانییەکان کرد و  روویان بەرەو دامەزراوە پەروەردەییەکانی کەرتی تایبەت گۆڕی.

بۆیە پێوسیتە لەسەر حکومەت باجێکی گونجاو لەسەر ئەم دامەزراوە تایبەتانە دابنێت جگە لەباجی دەرامەت کە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە یاسا و رێنماییە داراییەکان لێیان وەردەگرێت.

کۆی ئەو باجانەش دەچێتە سەر حسابی (سندوقی نیشتمانی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا پەروەردەییەکان) لە بانکی بوژانەوەی پەروەردە و فێرکردن.

باجەکـەش گشـت بوارەکـان دەگرێتـەوە لـەباخچـەی سـاوایان، قوتابخانــەو خوێنــدنگا، پــەیمانگا پیشــەییەکانی کــەرتی تایبــەت (ئەودامەزراوانــەی کــە ئــەهلین و تایبــەتن بــە کەســانی خــاوەن پێداویستی تایبـەت و بیرکـۆڵی و تووشـبوانی نەخۆشـی ئـۆتیزم لـەم باجە دەبەخشرێن و هەڵاوێر دەکرێن).

پێشنیار دەکەم باجەکان بەمشێوەیە بێت:

| قوناخەکانی خوێندن | باجی ساڵانە |
|---|---|
| بۆ هەرمنداڵێکی قۆناخی باخچەی ساوایان | ١٥٠٠٠٠ د.ع |
| بۆ هەرقوتابییەکی قۆناخی بنەرەتی | ٢٠٠٠٠٠ د.ع |
| بۆ هەرخوێنکارێکی قۆناخی ناوەندی | ٣٠٠٠٠٠ د.ع |
| بۆ هەرخوێنکارێکی قۆناخی دواناوەندی | ٣٥٠٠٠٠ د.ع |
| بۆ هەر فێرخوازێکی پەیمانگا و ئامادەییە پیشەییەکان | ٣٥٠٠٠٠ د.ع |

## چارەسەری کەمی مامۆستا و وانەبێژ

بـۆ نەهێشــتنی کەمــی میلاکــی مامۆســتا و وانەبێــژ، پێویســتە لەوەزارەتەکانی تری حکومەتـدا ئـەم میلاکاتانـە لـەو لەشـکرە زۆر و بۆرەی فەرمانبەرانی زیادە دابینبکرێت بەجۆرێک ئەوفەرمانبەرە زیـاد و بــن دیــوارانەی کە بڕوانامەکانیــان گونجــاون، بەفــەرمانێک بگـوازرێنەوە سـەر میلاکی وەزارەتـی پەروەردەو فێرکـردن و خـولی شیاندنیان بۆ بکرێتەوە.

# بوژاندنەوەو پەرەپێدان بە کشتوکاڵ و ئاودێری

لـەرابردوودا کوردسـتان لەبەرهـەمهێنانی دانەوێڵـەو سـەوزەو میوەو بەروبوومەکانی تر هەمیشە توانای دابینکردنی نـاوخۆی هـەبوو هەروەها توانای ناردنە دەرەوەی کوردستانیشی هەبوو بەتایبـەتی بـۆ ناوچـەکانی تـری عـراق بۆیـە کوردسـتان بـە (سـەبەتەی خـۆراک)ی هەموو عراق دادەنرا.

بـواری کشـتوکاڵ و ئـاودێری لەگـەڵ هێرشـە چەپەڵـەکانی دەوڵەتی عراق بۆ سەر گوند و دێهاتـەکان پـەکی کـەوت یـاخود زۆر لاواز بـوو بەتایبـەتیش کاتێـک ئـەم گونـد و دەڤەرانـە سـوتێنران و بەزۆرەملی چۆلکران و خەڵکەکەشی راگوێزان و لەنزیک شـارەکان لـە ئۆردوگاکانی زۆرەملی نیشتەجێکران، ئەم نیشـتەجێکردنە چەنـدە بـۆ کـۆنترۆلکردنی لایـەنی ئـەمنی و بێبەشـکردنی شۆرشـی کوردسـتان و پێشمەرگە بوو لە خەڵک و بژێوی، سـەد ئەوەنـدەش بـۆ ئـەوە بـوو، بـەها کۆمـەڵایـەتی و کـەلتوری و بژێوییـەکانی جوتیـاران و خـەڵکی دیهاتـەکانی کوردسـتان بشـێوێنێت و بیانگۆڕێـت لەکۆمەڵگەیـەکی بەرهـەمهێنی کشـتوکاڵی هاوسـەنگ بـۆ کۆمەڵگەیـەکی ناهاوسـەنگی مشەخۆری پشتبەستوو بەمووچە و هاندان و ملکەچکردنیان بۆ خزانە

ناو ریزەکانی ئـەو هێـزە جۆراوجۆرانـەی کـە بـەکرێگیراوی دەوڵـەتی بـوون و ئـەرکیان لێـدان و سـەرکوتکردنی شۆڕشـی کوردسـتان بـوو لەپاڵ سوپای داگیرکەری دەوڵەتی عراق.

بەداخـەوە لـەزۆر ناوچەکانـدا تەنانـەت دوای راپـەڕینی ١٩٩١ و پرۆسـەی (رزگـاری عـراق)یش هـەموو ئـەم خانـەوادە راگوێزراوانـە نەگەڕانـەوە زێـدەکانیان بـەڵکو لـەزۆر کاتـدا تـەنها نـەوەی یەکـەم و دووەمـی راگـوێزراوان گەڕاونەتـەوە، ئیتـر نـەوەی سـێیەم و چـوارەم بەتـەواوی سەرمەسـت ژیـانی جـەنجاڵی شـار بـوون و وابەسـتەی کۆمەڵێک پەیوەندی و بـەرژەوەنـدی ئـابووری و کۆمـەڵاتی بـوون کـە بۆیان نەکراوە بگەڕینەوە.

وەزارەتی کشـتوکاڵ و ئـاودێری هـەرێمی کوردسـتان لەقۆناخـە جیاجیاکانیدا، بەپێی توانای دارایی و مرۆیـی و شـارەزاییان، هـەوڵی جۆراوجۆریان داوە کە هەنـدێک لـەو هەوڵانـە بـاش و گونجـاو بـوون، بێگومـان هەندێکیشـان خـراپ و بێکـەڵک شکسـتخواردوو بـوون، لـەم بوارەشدا کۆمـەڵێک بڕیـار و یاسـای بـاش و خـراپیش لـە پەرلـەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانیش دەرچوون، کـە پێویسـت دەکـات حکومەت و پەرلەمان کاری جدی بکـەن لـەگۆڕین و هەموارکردنـەوەی ئەو یاساو بڕیارانەی کە بێسوود بوون یان تەنانەت یاسای کوشـندەو نـاواقعی بـوون لەگـەڵ سروشـت و پێکهاتـەی کۆمەڵگـەی کشـتوکاڵی لەکوردستان.

لەخوارەوە چەند پێشنیارێک بۆ چاکسازی لەبواری کشـتوکاڵ و ئاودێری دەخەمە روو:

**دامەزراندنی (بانکی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری)**

بەمەبەستی پشتیوانیکردنی جوتیاران و گەشـەپێدانی پرۆسـەی چاندن و ئاودێری واباشترە حکومەت پەلەبکات لەدامەزراندنی بانکێک بەناوی (بانکی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری) کەبەهۆیەوە قەرزی بچـوک بـدرێت بەو جوتیـارو خـاوەن زەوییـانەی کە زەوییەکانیـان دەچێـنن، هـەروەها لـەکاتی نـەهات و لافـاو و نەخۆشـییەکانی کشتوکاڵی و هێرشی کلۆو قرتێنەکان قەرەبووی جوتیـاران بکاتـەوەو پشتیوانیان بێت.

سەرچاوەی سەرمایەی ئەو بانکە نیشتمانییە بەم شێوەیە دەبێت :

- ئەو بـڕەی کە لەبـودجەی گشـتیدا بـۆ وەزارەتـی کشـتوکاڵ و ئاودێری تەرخان دەکرێت.
- باجی زەوی نەچێنراور (بەدرێژی باسم کردووە).
- کرێی زەوییە کشتوکاڵییە بەکرێدراوەکانی حکومەت.
- بـاجی زەویە بەکارهاتووەکـان لەلایـەن کۆمپانیـا گـاز و نەوتییەکانی خۆماڵی و جیهانی.
- (رسومات)ی مامەڵەی فرۆشتنی زەویە کشتوکاڵییەکان.

- بەخشینە داراییەکانی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی FOW ی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان یاخود هەر ڕێکخراوێکی تری جیهانی.
- هاوکاری و بخشینەکانی وڵاتانی دۆست.
- قەرزی وەرگیراو، چ لەلایەن دامەزراوە جیهانی یان وڵاتانەوە بێت یان لەلایەن قەرزدەرە ناوخۆییەکانەوە.
- (رسومات) و قازانج لەکردەو پرۆسە بانکییەکانی بانکەکە.

(**تێبینی**: دامەزراندنی بانکەکە لەڕێی یاسا دەبێت یاخود بە بڕیارێکی دەزگا تەنفیزییەکان)

## پەیڕەوکردن و سەپاندنی باج و وەرگرتنی قەرز و بەخشینە داراییەکان

بۆ سەرخستنی پرۆسەی کشتوکاڵی و ئاودێری و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی خۆراک و پەیداکردنی داهات بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاودێری، پێوستە چەندین جۆر لەباج بەشێوەیەکی گونجاو لەسەر کەسان یان کۆمپانیاکانەوە پسەپێنرێت، لەوانەش:

١- باجی زەوی نەچێنراو

لـەزۆر شـوێنی کوردسـتاندا ئـەرزی گـەورەو فـراوان هـەن کـە خاوەنـەکانیان نەبـەخۆیان دەیچێـنن نەبەکرێشـی دەدەن بـەبیانووی کەمی داهاتی زەوییەکانیان.

ئەگـەر خـاوەن زەوییـەکان مـافی تـەواویان بەسـەر موڵکـداری زەوییەکانیشیاندا هەبێت، بەلام پێویستە ئەوە بزانن کە ئـەو زەویانـە بەشێکی گرنگ و ستراتیژین لـەئاسایشـی خـۆراکی کوردسـتان، بۆیـە لەسـەر حکومـەت و پەرلـەمان و دەزگـا دادییـە باڵاکـانی کوردسـتان ئەرکـە کـە بریارێـک یـان یاسـایەک دەربکـەن بـۆ وابەسـتەکردنی جوتیـاران یـان خـاوەن زەوییـەکان بەداچانـدنی زەوییـەکانیان و نەهێشتنەوەیان بە بەیاری.

کۆی پارە کۆکراوەکانی باجەکەش رادەستی (بانکی نیشـتمانی بۆ پەرەپێدانی کشـتوکاڵ و ئـاودێری) دەکرێـت و بـۆ پشـیوانیکردنی جوتیـاران و سـەرلەنوێ لەپرۆسـەی کشـتوکاڵ و ئـاودێری بەکاردەهێنرێتەوە.

تێبینـی: مەبەسـت لـەم باجـە تـەنها پـەیداکردنی داهـات نییـە بەڵکو مەبەستی سەرەکی داچانـدنی زەوییەکانـە کـە ئـەویش دەبێتـە هۆی زۆربوونی داهاتی نیشتمانی و پەیداکردنی هەلی کارە.

٢- باجی بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەلایەن کۆمپانیا گازی و نەوتییەکان

لای هـەمووان روونـە کـە بـوونی کۆمپانیـا نەوتییـەکان چەنـدە گرنگـە بـۆ بەرزکردنـەوەی توانـای ئـابووری کوردسـتان ومـەزنکردنی هەژموونی سیاسی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جێگای داخە کە زۆربـەی ئـەو زەوییـە بەکارهاتووانـە لەلایـەن کۆمپانیاکـانی گـاز و نەوتـەوە، باشترین زەوی کشتوکاڵین، بۆیـە واباشـترە پەرلـەمان و حکومـەت و دەزگاکانی تری تەنفیزی و سیادی فـەرمان بفـەرموون بـە دەرکردنـی بڕیارێک یان یاساییێک بـە سـەپاندنی بـاج لەسـەر ئـەم کۆمپانیایانـە، باجـەکش گشـت ئـەو کۆمپانیایانـە بگرێتـەوە کـە زەوی کشـتوکاڵیان بەکارهێناوە چ بۆ پرۆسەی دەرهێنان بێت یان بۆ پیشەسازی نـەوتی و گازی بێت یاخود بەکارهێنانی زەویەکان بـۆ راکێشـانی بۆرییـەکانی نەوت و گاز.

دانانی باجەکەش بۆ گشـت ئـەو زەویانەیـە کـە کشـتوکاڵین و موڵکداریان هی خەڵک بێت یاخود هی دەوڵەت (ئەمیری).

بێگومان ئەو باجەش پەیوەندی بە بەکرێدان یـان فرۆشـتنەوە زەویەکانــەوە نیــیە بەڵکــو بــاجێکە لەســەر ئەو کۆمپانیایانــەیــە کەئەرزێکی کشتوکاڵیان بەکرین بێت یان بەکرێگرتن بەکارهێناوە.

بــاجەکەش دەچێــتە ســەر حســابی (بــانکی نیشــتمانی بــۆ پەرەپێــدانی کشــتوکاڵ و ئــاودێری) و بــۆ پشــیوانی جوتیــاران و پرۆسەی کشتوکاڵ و ئاودێری بەکاردەهێنرێت.

٣- باجی بەربەوومی هاوردەی کێبڕکێکار

زۆر جار جوتیاران زیانێکی گـەورە دەکـەن لەئـەنجامی ئـەوەی کە توانیان نابێت بۆ کێبڕکێکردنی بەربەوبوومە هاوردەکانی و لاَتـانی دەوروپشت، بۆیە زۆربەی جار دەبێتە هـۆی زیـان و دوورکەوتنـەوەی جوتیاران لەچاندنی ئـەو جـۆرە بەرووبوومانـە، لـەرابردوودا وەزارەتـی کشـتوکاڵ و ئـاودێری پـەنای بـردە بـەر قەدەخـەکردنی بەرووبوومـە هاورودەکـان لـەکاتی پێگەیشـتنی هـەمان بـەروبووم لـە کێڵگـەکانی کوردستان، بێگومان ئەمە کارێکی باش بوو بەڵام دەکرێت جگـە لـەم هەڵسـوکەوتە حکومـەت و پەرلـەمان و دەزگاکـانی تـر بڕیارێـک یـان یاسـایەک دەربکـەن بـۆ دانـانی بـاجێکی زۆر لەسـەر ئەو بەروبـوومە کشـتوکاڵیانەی کە لەکوردسـتاندا هەن بەڵام لـەوڵاتانی دەوروپشـتدا هـاوردەکرێن ( داهـاتی بـاجەکەش دەچێـتە سـەر حسـابی بـانکی کشتوکاڵی).

لەگەڵ سەپاندنی باجەکە پێویستە پێشتر وەزارەتـی کشـتوکاڵ و ئـاودێری پلانـی روونـی هـەبێت بـۆ رێـژەی داچانـدنی ئـەو بەرووبوومانـەو هاوکـاریکردن و رێنمـاییکردنی جوتیـاران بـۆ جـۆر و چوونییەتی و بڕی داچێنراوەکان تاوەکو کەمی بەرهەمـە ناوخۆییـەکان و چۆنییەتیان نەبنە هۆی دروستبوونی قەیران.

## وەرگرتنی قەرز

هەوڵدان بۆ وەرگرتنی قەرز لە وڵاتانی نزیـک کـارێکی گونجـاو دەبێـت بـۆ پەرەپێـدانی بـواری کشـتوکاڵ و ئـاودێری بـەتایبـەتیش

ولاتانی کەنداو کە خاوەن توانای دارایی مەزنن بەڵام لەبـەر نالـەباری زەوییەکانیان هەمیشە بەروبووم لەوڵاتانی تر هاوردە دەکەن.

پێویستە ئـەو قەرزانـە بەمەرجێـک بێـت، دانەوەیـان لـە ٥٠% لەشـێوەی بەروبـوومی کشـتوکاڵی و گۆشـتدا بێـت، ئـەویتریان وەکـو دراو بدرێتەوە، بەشە هەرە گەورەکەی سوودی قەرزەکە بۆ جوتیـار و خاوەن زەوی و کۆمپانیاکانی بازرگانی و فرۆشتنی بەروبوومە ئاژەڵی کشـتوکاڵییەکانە، بەشـێکی کەمیشـی دەچێـتە سـەر حسـابی بـانکی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری).

## بەدەستخستنی هاوکاری و بەخشینەکان

هەوڵدان بۆ وەرگرتنی بەخشینی دارایی لەرێکخراوی خـۆراک و کشـتوکاڵی جیهـانی FOW ی سـەر بەنەتەوە یەکگرتووەکـان چ لەشـێوەی نەختیـنەو دراودا بێـت یـاخود لەشـێوەی بینـراو وەکـو ئـامێروکەلوپەل و کۆگـای سـاردخانەو پەینـی کیمیـایی بێـت یـان سـازکردنی خـولی راهێنـان و دامەزرانـدنی وێسـتگەکانی توێژینـەوەی زانسـتی کشـتوکاڵی بێـت (دەکرێـت بە رازامەنـدی ئەم رێکخـراوە بەشـێک لەو پـارانە بچێـتە سـەر حسـابی بـانکی نیشـتمانی بـۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری).

## مۆرکردنی گرێبەست و لەیەکگەیشتن

پێویستە حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بیر لەرەهەندی پێشکەوتوو بکاتەوە بۆ پرسی پێشخستنی کشتوکاڵ و بازرگانی بەرووبوومەکان و پێشخستنی جۆری بەرووبوومەکان، بۆ ئەو مەبەستە پێویستە خەبات بکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

- هەوڵدان بۆ مۆرکردنی گرێبەست و یاداشتی لەیەکگەیشتن بۆ هاوکاری لەگەل وڵاتان و کۆمپانیاکانیان بۆ ناردنی بەروبوومی کشتوکاڵی و گۆشتی خۆماڵی (کە ولاتانی کەنداو باشترین شوێنن).

- مۆرکردنی گرێبەست یان یاداشتی لەیەکگەیشتن بۆ هاوکاری لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوەو زانکۆ و رێکخراوەکانی ناوخۆ و جیهانی بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و هاوکاری لەرووی پەرەپێدانی مرۆییەوە لە بواری کشتوکاڵیدا.

## هاندان بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی

بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بازرگانی بەرووبوومە کشتوکاڵی و ئاژەڵییەکان، لەسەر حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەرکە کە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئەم پرۆسانەی خوارەوە بکات و بەشداری کارا بکات لەئەندازەکردنی ئەم بوار و کایانەی خوارەوە:

- هانـدانی کۆمپانیـا نـاوخۆ و جیهانییەکـان بـۆ دامەزرانـدنی کارگەی شەربەت و بەقوتووکردنی بەروبومەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی لەڕێـی پێـدان و دابینکردنـی زەوی بـۆ بونیادنـانی کارگـەو کۆگـا و ئاسانکاری تری لۆجەستیکی و یاسایی.

- هانـدانی کۆمپانیـا نـاوخۆ و جیهانییەکـان بـۆ دامەزرانـدنی کۆمپانیای فرۆشتن و بەبازاڕکردنی بەروبوومی ئـاژەڵـی و کشـتوکاڵی نـــاوخۆیی لەڕێـــی پێـــدان و دابینکردنـــی زەوی و قەرز لەبـــانکی پەرەپێـدانی کشـتوکاڵ (قەرزەکـە تـەنها بـۆ کۆمپانیـا ناوخۆییـەکان بێت).

- هانـدانی جوتیـاران و خـاوەن زەوی و کۆمپانیـا نـاوخۆیی و جیهانییەکـان بـۆ دامەزرانـدنی کۆگـای ساردخانە لەڕێـی پێـدان و دابینکردنـی زەوی و قەرز لە بـانکی پەرەپێـدانی کشـتوکاڵ قەرزەکـە تەنها بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان بێت).

- دامەزرانـدنی بەنـداوی بچـووک کە بۆمەبەسـتی کشـتوکاڵی و گەشتیاری بەکاربێت، خەرجی پرۆژەکەش دەکرێـت بەهاوبەشـی بێـت لەگەڵ کۆمپانیـایەکی بەهێـزی گەشـتیاری بـۆ نمـونە کۆمپانیـاکە بەڕێژەی ٥٠% لەخەرجییەکان بەشدار بێت لەبەرامبەردا کـۆی بـوارە گەشتیارییەکە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بدرێت بە کۆمپانیاکە و لە باجیشدا بەرێژەیەکی گونجاو ببەخشرێت.

- بـۆ پشـتگیریکردنی خـاوەن کـێڵگە بچوکەکـان پێویسـتە هەوڵبدرێت بۆ دامەزرانـدن و پەیڕەوکردنـی سیسـتمی فرۆشـتن لەنـاو کێڵگەکاندا (بەجیا باسمان لەو سیستمە کردووە لەبڕگەی کۆمپانیـای تریان).

## دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتمانی (تریان)

رووبەرە چێنراوەکان لەناوچە شاخاوییەکاندا کـەمترە بەبـەراورد لەگەڵ ناوچە دەشت و زورگ و گردۆلکەکان ئەمەش وای کـردووە کـە جوتیاران و خەڵکی لادێ و ناوچە شـاخاوییەکان بەرێژەیـەکی کـەمتر چانـدان بکـەن، بۆیـە زۆر لەجوتیـاران بەروبومەکانیـان ئەوەنـدە زۆر نییە کەبیگەیەنە بازاڕی شارەکان، بەتایبەتیش کرێی رێگـا و درەنـگ گەیشـتنی بەرووبوومـەکان و خراپـی هۆکـانی گواسـتنەوە وا دەکـات بەرووبوومـەکان بـەها و ئاسـتیان نـزم بێتـەوەو جوتیـاران مایـەپوچ دەردەچن، بۆیە کڕینی ئەو بەروبوومە کەمانەو کۆکردنەوەیان لەچەند وێسـتگەیەکی گەورەی کـۆکردنەوەو دابەشـکردن، سـوودێکی زۆر دەگەیەنێت بە جوتیار، هەروەها دەبیتە هـۆی بەرزبـوونەوەی داهـاتی نیشتمانی و بەهەدەرنەدانی بەروبوومەکان.

دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نیشـتمانی کـە ئـەرکی کۆکردنـەوەی بەرووبوومەکان بێت لەناوگوند و کێڵگەکان کارێکی باش و وەبـەرهێن دەبێـت، بیرۆکـەی کارەکـەش زۆر سـادەیە، ئـەویش بەدروسـتکردنی پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆ لـەنێوان کۆمپانیاکـەو جوتیارەکـان

بەشـێویەک ڕۆژانــە یــان دوو ڕۆژ جارێــک بارهــەڵگری داپۆشــراو و ساردرکراوی (کۆمپانیای تریان) سەردانی گوندەکان بکات هەر یەکەو بەکاتێکی دیاریکراو، بەجۆرێک کاتێک ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرە بۆکسەکە دەگاتە هەر گوندێک ئەوا بـەرووبوومی لێکـراوەی جوتیـاران ئامادەیـە بــۆ کێشـــکردن و فرۆشـــتن، راســـتەوخۆش جوتیـــاران پـــارەی فرۆشراوەکانیان وەردەگرن.

بێگومان دەتوانرێت سـەرەتا چەنـد ناوچەیـەک وەکـو ئـەزموون وەربگیرێت دوای سەرکەوتنی کارەکە فراوان و گشتگیر بکرێت.

# بوژاندنەوەی کۆمەڵگە و خێزان

ئەو بوارە گرنگە، کـە راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـەژیانی خێـزان و تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، لەرابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لـەرێی کـار و چالاکییـەکانی وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی کاری باشی کردووە، ئەگەرچی زۆر جار ئـەم پرۆژانـە بەتـەواوی یـان بەرێژەیەکی زۆرباش ئامانجەکانی نەپێکاوە، ئەمەش تەنها وەزارەت و حکومەت تیایدا تاوانبار نییـە بـەڵکو خـەڵک و کـەلتوری خراپـی نـاو کۆمەڵگەش هۆکاربوون بۆ کورتهێنانی ئەم کارانە.

ئیدی پێویستە حکومەت زۆر شێلگیرانە کاربکات لەسـەر بـوارە کۆمەڵایەتییـەکان و دەسـتەبەرکردنی کـار یـان بیمـەی کـار یـاخود ژیانێکی گونجاو بۆ ئەوانەی لەپەراوێزی کۆمەڵگەو ژیاندان، عـەیبێکی گەورەیـە لەکوردسـتاندا لەسـاییەی حـوکمڕانی کـوردا خـەڵکی هـەژار هەبێت کە ئاستی هەژاریان لەخوار (هێلی هەژاری)دا بێت!

**دامەزراندنی (بانکی پەرپێدانی کۆمەڵگەی کوردستان)**

بۆ کاراکردنی ئەرک و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی واباشترە حکومـەت بیـر لەدامەزرانـدنی (بـانکی کـار و پـەرپێـدانی کـۆمەڵگەی کوردسـتان) بکاتـەوە کە ئەرکـی پـەیـداکردن و کـۆکردنەوەی داهـاتە

بەئامـانجی خەرجکردنـی لەو بـوارانەی کە بـوژانەوەو بەرزبـوونەوەی ئاسـتی ژیـان و دەسـتەبەری کـۆمەڵایەتی بـۆ تاکەکـانی کـۆمەڵگە دابیندەکات.

سەرچاوەی سەرمایەی ئەو بانکە نیشتمانییە بەم شێوەیە دەبێت:

- ئەو بڕەی کە لەبودجەی گشتیی ساڵانەدا بۆ وەزارەتـی کـار و کاروباری کۆمەڵایەتی تەرخان دەکرێت.
- باجی مۆڵەتی دامەزراندنی دایەنگە ئەهلییەکان.
- باجی بوژانەوەی کۆمەلگە.
- هاوکـاری رێکخـراوی یونیسـێف UNICEF و رێکخـراوی تەندروستی جیهانی WHO
- هاوکاری و بەخشینی وڵاتان.
- هاوکـاری و بەخشـینی خـاوەن سـەرمایەی نیشـتمانی و خێرخوازان.
- باجی کارمەند و کرێکارانی بیانی.

## بونیادنانی دایەنگەی پێشکەوتووی هاوچەرخ

نەبوونی دایانگەی پێشکەوتووی گونجاو هۆکارێکە بۆ نـەناردنی کۆرپەکان بۆ دایانگە نیشتمانییەکان و زیاتر دایکان منداڵەکانیان لای ماڵی باپیران جێدەهێڵن کە ئـەوەش ئـەرکێکی تـرە لەسـەر باپیرە و

داپیرەکان، بەڵام لـەکاتی نـەبوونی دارایـی پێویسـت حکومـەت چۆن بتوانێت ئەم دایانگا هاوچەرخانە بونیاد بنێت؟!

پێشنیار دەکەم حکومەت بۆ بونیادنانی دایەنگەی نوێ سـوود لە فرۆشتنی ئەرزەکانی وەربگرێت و سیستمێک پەیڕەو بکات ئـەویش سیسـتمی (زەوی لەبەرامـبەر باڵەخـانە) دایـە، بۆنمونـە حکومــەت ئەرزێکی بازرگانی باش بەنرخێکی گونجاو بدات بـە سـەرمایەدار یـان وەبـەرهێنێک، لەبەرامبـەردا ئـەو وەبەرهێنـە دایانگایـەکی هاوچـەرخ لەسەر ئەرک و بودجەی خۆی و بـەو مـەرج و نەخشانەی حکومـەت بونیادبنێت.

## دامەزراندنی (ناوەندی نیشتمانی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی)

تاکو ئێستا هەر چ رواڵـەت و رووداوێکی کۆمەڵایـەتی روودەدەن و دەبنە دیاردە، هیچ بەشـێکی تایبـەتیمان لەحکومـەت و زانکۆکانـدا نییــە لــەم دیــاردەو رواڵەتانــە بکۆڵنــەوە، ئـەوەش وای کــردووە، چارەسەری بۆ ئەو کێشانە نەدۆزرێنەوەو بەکراوەیی بمێننەوە، راسـتە لەدامەزراوە ئەکادیمیەکاندا زۆرێک لەلیکۆڵینەوەی زانستی هـەن کـە لەشـێوەی ماسـتەرنامەو نامـەی دکتـۆران، بـەڵام ئـەو لێکۆڵینەوانـە لەسـەر رەفـەی کتێبخانـەکانی زانکـۆ و کۆلیژەکانـدا هەڵـدەگیرێت و تەنها کەسی لێکۆڵـەر سـوودی لێـدەبینێت بـۆ بـواری بەرزکردنـەوەی ئاستی فەرمی و رێژەی مووچەو شایەستە داراییەکانی!

بۆ زانینــی کێشــە و دیــاردە کۆمەڵایــەتی پێویســتە ناوەنــدێکی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینــەوە لــەبوارە جیاجیاکـانی کۆمەڵگـە دابمەزرێت، دەکرێت ئەم ناوەندی بەهاوبەشی بێـت لەگـەڵ دامـەزراوە ئەکادیمییــەکانی کوردســتان کــە خوێنــدنی ئــەکادیمیان لــەبواری کۆمەڵناسیدا بێت.

ناوەندەکــە تایبــەت دەبێــت بــە لێکــۆڵینەوە لە رواڵەتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکی تەنها تـوێژینەوە و دیـاریکردنی سـەرچاوەی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان دەبێـت و کەسـانی شـارەزا و دڵسـۆز تیایـدا کار دەکەن و لێکۆڵینەوەو دەرەنجامەکانیان پێشکەش بە حکومەت و وەزارەتە پەیوەندیـدارەکانی دەکـەن و هـەروەها پەرلـەمانیش بـۆ زۆر پــرس ســوود لــەو توێژینەوانــە دەبینێــت بەتایبــەتیش لیژنــەکانی (کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مـافی ئـافرەت و لە مـافی مــرۆڤ) دامودەزگاکــانیش دەرەنجــامی لێکۆڵینەوەکــان بەهەنــد وەردەگرن و دەبێتـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ پـەیڕەو و بنەماکـانی چارەسەریی گرفت و ئاریشەکانی کۆمەڵ .

دەرگای ئەم ناوەندە بۆ هـەموو لێکۆڵـەر و تـوێژەران واڵایـە، چ لەناوەندەکەدا کارمەند بن یاخود لەدامەزراوەی تر یان تەنانەت ئەگەر توێژەرێکی دەرەوەی دامەزراوەکانی حکومەت و زانکۆ بێت.

زۆر گرنگە ئەم ناوەندە نیشتمانییە لەهەموو وەزارەت و لایەنە حکومی و ناحکومییەکان بە ئامار و بۆچوون هاوکاری بکرێن.

## سەپاندنی (باجی کارمەند و کرێکارانی بیانی)

گومانی تێدا نییە کە کوردستان بۆتـە کانگـای بەختـەوەری بـۆ زۆرێک لەکەسانی بیانی کە لەکوردستاندا کار دەکـەن، ئـەوەش بۆتـە هۆکارێـک بـۆ کەمبوونـەوەی هـەلی کـار بـۆ کرێکـار و کارمەنـدانی ناوخۆیی کوردستان، بۆیە پێویستە هەر کەسێکی بیـانی مانگانـە بـە رێژەی ٥٥% لەکۆی مووچەی مانگانانەی باجی لێ وەربگیرێت.

باجەکەش بچێتە ناو (بانکی پەرپێدانی کۆمەڵگەی کوردستان) و لەو پرۆژانە بـەکاربهێنرێت کەپشـتیوانن بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی بەختەوەری کۆمەڵ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە نزیکن لەئاستی (هێلـی هەژاری).

## دانانی (باجی بوژانەوەی کۆمەلگە)

زۆربەی کات ئەو کەسانەی کە نزیکن لـەهێلی هـەژاری تووشـی نائومێدییەکی زۆر دەبن چونکە ئەو هاوکارییانەی ئەگـەر لەحکومـەت وەربگرن زۆر کـەم و رەمـزین و نابنـە هـۆی کرانـەوەو جـۆرێکی کـەم لەخۆشـگوزەرانی دەسـتەبەردەکات، بۆیـە واباشـترە حکومـەت بیـر لەسـەپاندنی بـاجێکی زۆر کـەم بکاتـەوە، ئـەویش (باجی بـوژانەوەی کۆمەڵگە)یـە، ئـەم باجـە دەکەوێتـە سـەر فەرمـانبەر و کرێکـار و کاربەدەستانی کەرتی گشتی و تایبەتی (بە کاربەدەست و ئەنـدامانی کـورد لەحکـومەتی عـراق و پەرلەمـانی عراقیشـەوە) بەمـەرجێک شایەستە داراییەکانیان لەسەرووی ٧٥٠٠٠٠ دینارەوە بێت، بـاجەکەش

راسـتەوخۆ دەچێـتە سـەر حسـابی (بـانکی پەرپێـدانی کـۆمەڵگەی کوردستان)، ئەم باجە جیایە لەگەڵ باجی دەرامەت.

**بڕی باجی بوژانەوەی کۆمەڵگە بەپانزە ئاستی جیاوازە بەم شێوەیە:**

- ئاستی یەکەم بەرێژەی ٠.٥% لە کۆی موچەی مانگانەی ئەوانەی موچەکانیان لەسەرووی ٧٥٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی دووەم بەرێژەی ١% لە کۆی موچەی مانگـانەی ئـەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ١٥٠٠٠٠٠.
- ئاستی سێیەم بەرێژەی ٢% لە کۆی موچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٢٠٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی چوارەم بەرێژەی ٣% لە کۆی موچەی مانگانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٢٥٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی پێنجەم بەرێژەی ٤% لە کۆی موچەی مانگانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٣٠٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی شەشەم بەرێژەی ٥% لە کۆی موچەی مانگانەی ئەوانەی موچەکانیان لەسەرووی ٣٥٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی حەوتەم بەرێژەی ٧% لە کۆی موچەی مانگانەی ئەوانەی موچەکانیان لەسەرووی ٤٠٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاسـتی هەشـتـەم بەرێـژەی ٨% لە کـۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانەی موچەکانیان لەسەرووی ٤٥٠٠٠٠٠ دینارە.

- ئاستی نۆیەم بەرێژەی ٧% لە کۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٥٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی دەیەم بەرێژەی ٨% لە کۆی موچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٥٥٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی یـانزە بەرێـژەی ٩% لەکۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٦٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی دوانزە بەرێژەی ١٠% لەکۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٦٥٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی سیانزە بەرێژەی ١١% لەکۆی موچەی مانگانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٧٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی چواردە بەرێژەی ١٢% لەکۆی موچەی مانگانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٧٥٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی پانزە بەرێژەی ١٣% لەکـۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٨٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی شانزە بەرێژەی ١٤% لەکۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٨٥٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی حەڤدە بەرێژەی ١٥% لەکۆی موچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٩٠٠٠٠٠ دینارە.
- ئاستی چواردە بەرێژەی ١٦% لەکۆی موچەی مانگانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ٩٥٠٠٠٠ دینارە.

- ئاستی پانزە بەرێژەی ١٧% لەکۆی مـوچەی مانگـانەی ئەوانـەی موچەکانیان لەسەرووی ١٠٠٠٠٠٠ دینارە.

## پێشخستنی سیستمی سەندوقی پرۆژە بچووکی گەنجان

لەسـالانی رابـردوودا حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـەرێی هاوکـاری (سـەندوقی پـرۆژە بچـووکی گـەنجان) کـاری زۆر باشـی ئەنجامـدا، زۆرێـک لـە گـەنجان سـوود مەنـد و سـەرکەوتوو بـوون و توانیـان پێگەیـەکی ئـابووری گونجـاو بـۆ خۆیـان و خانـەوادەکانیان بونیاد بنێن، بەڵام لەهـەمان کاتـدا ئـەم سیسـتمە لەهەنـدێک برگـە و لەهەنـدێک بـاردا شکسـتی هێنـاو زۆر کـات گـەنجان تووشـی زیـان دەبوون ونەیاندەتوانی بەتەواوی لێی سوودمەند بن، هەندێک جـاریش گەنجان ئەم سندوقەو برە پارەکانی بۆ مەبەستی تر بەکاریان دەهێنا بێ ئەوەی ئامانجەکانی سیستمەکە بپێکن.

واباشترە حکومەت بـەدواداچوون و توێژینـەوەی ورد بکـات بـۆ پێداچونەوە بە کۆی سیسـتمەکە چ لـەرووی تەمـەنی سـوودمەندانەوە بێت یان بـڕی پـارەی تـەرخانکراو یـان زیـادکردنی بوارەکـانی کـار و پیشە، هەروەها میکانیزمێکی زینـدوو و کـارا بدۆزرێتـەوە بـۆ ئـەوەی وەرگرتنی برە پارە تـەرخانکراوەکان سەداسـەد بـۆ پرۆژەبچووکـەکان بێـت و نەبێتـە هۆکارێـک کـە گـەنجان پارەکـە لـەبواری تـردا وەگـەر بخەن.

## دەرکردنی (یاسایی باوکایەتی دەوڵەت بۆ منداڵانی چەوساوە)

لەسـالانی رابـردوودا رواڵـەتێکی زۆر خـراپ لـەنێوان ئـەو خێزانانەدا پەیدا بوو کە گرفتی خێزانی و تێکچوون و هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزانیان تێدا دروست بووە، بەسەدان منداڵ تووشـی ئـازار و ئەشکەنجەو چەوسانەوە بوون لەلایەن باوکانی ئالودە بـوو بەمـەی، دایـک و بـاوانی کەمتەرخـەم و بـۆهیمی، باوەژنـەکان، چەوسـانەوە لەلایەن پۆر و مام و خاڵ یان کەسانی تری بنەماڵەکانیان یاخود ئەو مندالانەی کە لەناوەند و ژینگەییێکی خراپی بەدڕەوشـتییەوە دەژیـن!، ئەمەش وادەکات ئەو مندالانـە لـەژێر ئـازار و فشـاردا کەسـایەتیـەکی ناجێگیر و ترسناکیان لێدەربچێت کە لـەداهاتوودا دوور نییـە تووشـی کارەسـات و تـاوان و لادان ببێـت. بۆیـە پێویسـت دەکـات لـەباری نەبوونی مـەرجی باوکایـەتی و دایکایـەتی دروسـت بـۆ منداڵـەکانیان، حکومەت یاسایەک دەربکات بەهۆیەوە ئەم دایک و باوک و خێزان و ئەندامەکانی تر لەو مافە ببوریـت کـە بەشـێوەیەکی دروسـت نـاتوانن ئەرکی (وەلی ئەمر)ی منداڵەکان ببینن.

ئـەم یاسـایە دەبێتـە فریـارەس و قـەڵغانێک بـۆ رزگـارکردنی مندالانی چەوساوە و دوورخستنەوەیان لەچەوسـانەوەو لادان و تونـدو تیژی.

## کاراکردنی توێژەرە کۆمەلایەتییەکان

سـالانە بـەدەیان قوتـابی و خوێنـدکار لەبەشـی کۆمەڵناسـیدا بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست دێنن، کـەچی تـاکو ئێسـتاش نـەتوانراوە سوود لەپسپۆریان وەربگیرێت، راستە لەهەنـدێک قوتابخانـەو خوێنـدنگا توێژەی کۆمەلایەتی هەن بەلام هەر ناو و ناونیشانێکە و بەس!

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی دەتوانێت بەتـەواوی سـوود لەو دەرچووە زانکۆیانە ببینێت، مەرج نییـە هـەر بـە دامەزرانـدن بێـت، مەرجیش نییە پـارەو ئـەرکی کارکردنیـان لەسـەر وەزارەت بێت بـەڵکو دەکرێت وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایـەتی کۆمـەڵێک پـڕۆژەی کـار ئامـادە بکـات، پشـتیوانی داراییشـی لەلایـەن دامـەزراوەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و دامـەزراوەی ولاتـانی بەخشـێنەر و تەنانـەت بەخشـێنەرانی نـاوخۆش بـۆ دابینبکـات، هـەروەها لەبڕگـەی پاداشـتەوە وەزارەت دەتوانێـت بەشـێک لـە شایەسـتە داراییـەکانی ئـەم توێژەرانـە دابینبکـات و ئـەوانیش بەرهـەمێکیان دەبێـت و دەبـن بەکەسـانی بەهەژموون.

پێویستە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە ئەو توێژەرە کۆمەلایەتییانـە وەگەڕبخات و بیانخزێنێتە ناو کۆمەڵگە، بازاڕ، خێزانـە پـڕ ئاریشـەکان، باخچـەی سـاوایان و قوتابخانـەو خوێنـدنگاکان، بنکـەکانی چـاودێری کۆمەلایەتی، شێلتەری پاراستنی خانمان، زیندان و چاکسازییەکان، زۆر شوێنی تر.

# چاکسازی و گەشەدان بە نیشتەجێبوونی هاوچەرخ

یەکێک لەکێشە هەرە مەترسیدارەکانی سەر ئاشتەوایی خێـزان، گرانـی نرخـی یەکـەکانی نیشـتەجێبوونە، ئـەوەش وای کـردووە کـە ئەوانەی نەتوانن یەکەیـەکی نیشـتەجێبوونی ئاسـۆیی یـان سـتوونیان بکڕن تووشی کرێچیاتی ببن کـە ئـەوەش خـۆی لەخۆیـدا لەئاسـتێکی بەرزدایەو ئەو هاوڵاتیانەی توانای داراییان لاوازە دووچاری تێکچوونی بودجەی تایبەتییان دەبن و لەئەنجامدا زۆر جار گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونیشی لێدەکەوێتەوە.

## ئایا نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەرامبەر بە ئاستی یەکەکان راستەقینەن؟!!

لەرابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێی چەنـد وەزارەت و دەستەوە مۆڵـەتی بونیادنانی بەخشی بە دەیان کۆمپانیای بیـانی و نـاوخۆیی بـۆ بونیادنـانی شـار و کۆمەڵگـە و گونـدی نیشـتەجێبوون لەشـێوەی ئاسـۆیی وەکـو خـانوو و ڤـێلا یـاخود لەشـێوازی سـتوونی وەکو باڵەخانەی بەرزی چەند نهۆمی، بەڵام حکومـەت لـەژێر فشـاری بڕگەی هەندێک لە یاساکان بەتایبەتیش یاسـای هانـدانی وەبـەرهێنان

و هەروەها فشار و هەژموونی کەسانی خـاوەن هێـز و دەسترۆیشـتوو ئـەم هەنگاوانـەی پڕبـوون لـە کامەسـی و ناتـەواوی و ناعەدالـەتی بەشێوەیەک ئەم بوارە خراپ بەکارهێنرا کە بەتـەواوی لەبەرژەوەنـدی سەرمایەدار و وەبەرهێنەراندا بوو.

**خراپییەکانی :**

- گرانی نرخی یەکەکانی نیشتەجێبوون بەپێوەرێکە کە زۆر جار ئـەو نرخ و بەهایانە دەگات بە ئاستێکی ناڕاستەقینە و ئەفسـوناوی کـە لەهەموو جیهاندا بوونی نییە، بۆنمونە ئەو خانووانەی کـە نرخیـان لەسـەرووی ٣٠٠٠٠٠ دۆلارە هـەموو تێچووەکـانی بونیادنـانی ناگاتـە نیوەی ئەم نرخە، یاخوود ئەو شووقەو خانوانەی کە بەهاکانیان لە نێـوان ١٢٠٠٠٠- ١٥٠٠٠٠ دۆلار دایـە کـۆی تێچـووی دروسـتکردنی هـەرگیز ناگـەن بـە ٦٠%ی بـەهای خانووەکـان، بێگومـان لێـرە مەبەسـتمان ئـەو کۆمەڵگایانەیـە کـە حکومـەت بـۆ هانـدانی وەبەرهێنەران، زەوییەکانی بۆ دابینکردوون.

واتـە زۆربـەی جـار قـازانجی وەبەرهێنـەر و سـەرمایەداران نیـوەی بەهای خانووەکانە یاخود کەمترە لەنیوە.

- خراپـی ئاسـتی بونیـادانی ئـەو کۆمەڵگایانـەی نیشـتەجێبوون، بێگومان بەبێ جیاوازی هەر هەموویان کۆمەڵێک گرفتی تایبەت بـە نەخشە و ئاوڕۆ و پتەونەکردنی ئەرزی ژێر کۆمەڵگەکانیاندا هەیە.

- گرنگی نەدان بـە سـەوزای کۆمەڵگـەکان و نـەبوونی شـوێنی یـاری منداڵان و حەوزەکانی ئاوپرژێن.
- نزیکی خانوەکان یاخود باڵەخانەکان لەیەکتری کە ئەمەش جۆرێک لەخنکان و نەمان و سنووردارکردنی تایبەتمەندی دروستکردووە.
- نەبوونی یان خراپی مـەرجی سـەلامەتی لـەرووی ئاگرکەوتنـەوە لـە باڵەخانە چەند نهۆمییەکاندا.
- ئـاودزبوونی بنمـیچ و سـەبەی باڵەخانـەکان، بـۆ نمونـە کاتێـک شوقەیەک لە نهۆمی هەشتەمدا سیستمی ئاوی سووک یان قورسی تێک دەچێت ئەوا بەربوونی ئاوەکە دەگاتە شوقەکانی خـوار خـۆی و زیانیان پێدەگەیەنێت.
- خراپی ئاستی خزمەتگوزاری کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون و گرانـی بـەهای ئـەو خزمەتگوزاریانـە بەتایبـەتیش وەزەی کارەبـا کـە لەهەنـدێک بـاردا بـەهای خزمەتگوزارییـەکان بـۆ مانگێـک دەگاتـە سەرووی ٥٠٠ دۆلار.
- بـەرەڵایی لەگرێبەسـتەکانی بەشـداریکردن و کڕینـی یەکـەکان و رواڵـەتی فێڵکـردن لـەهاولاتیان لـەرێی فرۆشـتنی یەکەیـەکی نیشتەجێبوون بە چەندین کەس.
- ئـەو کۆمپانیـا بیانیانـەی کـە لەکوردسـتاندا کـاری بونیادنـانی یەکەکانی نیشتەجێبوون دەکەن زۆربەیان کۆمپانیای پلـە دوو یـان سـێی وڵاتـەکانیانن و کـەم ئـەزموون و هـەژارن، زۆربـەیان

لەوڵاتــەکانیان تووشــی شکســتی دارایــی هــاتوون، هاتنیــان بــۆ کوردستان تەنها بـۆ راسـتکردنەوەی بـاری خـواری کۆمپانیاکانیانـە لەوڵاتەکەی خۆیاندا لەسەر حسابی هاوڵاتیانیانی کوردستان.

- وەبەرهێنەرە خۆماڵییەکانیش هەنـدێکیان خـاوەن سـەرمایە نـین و نــاتوانن بــەبێ پــارەی بەشــداربووانی یەکــەکان هــیچ هــەنگاوێکی بونیادان بهاوێژن، بۆیە زۆربەیان لەکاتی قەیراندا پەکیان کەوت.

## هەنگاوەکانی چاکسازی لەبواری نیشتەجێبوون:

بـۆ دەربـازبوون لـەم کێشـەو ئاریشـانە و بوونیادنـانی یەکـەی نیشتەجێبوونی هاوچـەرخ، پێشـنیاردەکەم ئـەم هەنگاوانـە بگرێتەبـەر کـە کاریگـەری ئـەرێنی دروسـتدەکات لەسـەر ئـەم بـوارەی ژیـان و گوزەرانی خەڵک:

- دوور کەوتنــەوەی حکومــەت لەپێـدانی مۆڵــەت بـۆ کۆمــەڵگاکانی خانوو و ڤێلا، لەبەرامبەردا حکومـەت هـانی بونیادنـانی کۆمـەڵگای نیشتەجێبوونی ستوونی بدات بەمەرجێک:

١- هەر باڵەخانەیەک لە هەشت نهۆم تێنەڕنەکات.

٢- هەر نهۆمێکیش لەچوار شوقە تێپەڕ نـەبێت بـەجۆرێک کـە هـەر شــوقەیەک خــاوەنی دوو روو بێــت لــە باڵەخانەکــە، هــەر نهۆمیکیش ڕاڕەوێک هەبێت کە دوو شوقە لەگـەڵ دووەکـەی تـر بەرامبەر بکات و پێویسـتە نێوانیـان لـە ٥مـەتر کـەمتر نـەبێت،

هەروەها جگە لە پێپپیلکانە، دوو ئەسانسـۆری جـۆری زۆر بـاش و سەلامەت (٣کەسی و ٤ کەسی) لەباڵەخانەکەدا هەبێت.

٣- لەرووی رووبەری شوقەکانیشـەوە دەکرێـت چەنـد جۆرێـک بێـت هەر لە ٨٠ مەترییەوە دەستپێبکات تا دەگاتە ٢٥٠ مەتری.

٤- هەر کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوونی سـتوونی پێویسـتە بـەڕێژەی ٦٠%ی رووبــەرە گشــتییەکەی ســەوزایی و یــاری منــداڵان و حەوزی ئاوپرژێن و کەپر و کورسی دانیشتن بێت لەگەڵ بـوونی فرۆشگایەکی بچووک.

٥- لەبونیاد و نەخشـەی سـەرەکیدا گشـت لایەنـەکانی ئـاودزبوونی ئاوی سووک و قورس چارەسەر کرابێت.

٦- بــەکارهێنانی پارتێشــنی ئامــادەکراو لــەبری بلــۆک، کــە هــەم قورســایی باڵەخانــەکان کــەمتر دەکاتــەوە، هــەم تێچووشــی کەمترەو لەرووی پاراستنی سەرما و گەرماش باشترە.

٧- گرنگییەکی زۆر بدرێت بەلایەنی سەلامەتی لەئاگرکەوتنـەوە، بـە دابینکردنی بۆڕی و خەرتومی ئاگرکوژێنـەوە کـە بگاتـە هـەموو ژوورەکـــان، هــــەروەها لەهــــەر نهۆمێکیشــــدا بــــوتڵێکی ئاگرکوژاندنەوەی ٢٥ لیتری جولاو دابنرێت و رەچاوی کـارایی و رێکــەوتی پڕکردنەوەکەشــی بکرێــت، بــوونی دوو پێپپیلکانــەی ئاراســتە جیــاواز زۆر پێویســت بــۆ دابــەزین لــەکاتی کتــوپڕ و تەنگاویدا.

٨- دانانی پێوەرێک بۆ بەهای خزمەتگوزارییەکانی ناو کۆمـەڵگاکان بـەجۆرێک کـە گونجـاوبن، هــەر کۆمپانیاییێـک کـە پابەنـدی پێوەرەکە نەبوون ئەوا خزمەتگوزارییەکان بە تەندەر بـدرێت بـە کۆمپانیای تر.

٩- ئاگـاداربوونی حکومـەت لـەگرێبەسـتەکانی فرۆشـتنی یەکـەکانی نیشـتەجێبوون و دوورخسـتنەوەی ئـەو برگانـەی کـە تـەنها لەقازانجی خاوەن سەرمایە و وەبەرهێنەرەکان دایە.

١٠- هـەر کۆمەڵگایـەکی نیشـتەجێبوون زیـاتر بێـت لـە ٥٠٠ یەکـە پێویستە باخچەی ساوایان و قوتابخانەیەکی سەرەتایی ٦ پۆلی بگرێتە خۆ کە دەکرێت و لەسەر جـۆری بـەڕێوەبردنی هـەر دوو شوێن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە هەماهەنگی بکرێت.

١١- گەراجی ئوتومبێلـەکان و پاراسـتنی ئـاو پێویسـتە لـەژێر زەوی دابێت، بەجۆرێک کە لە ژێر باخچەو سەوزاییەکاندا بێت.

١٢- ئاستی کەرەسـتەی بوونیادنـان پێویسـتە لەئاسـتێکی زۆر بـاش دابێـت، مـەرجی کەرەسـتەی خۆمـاڵی لـەچیمـەنتۆ و شیشـدا دابنرێت.

١٣- لــەباری زۆری داواکــاری لەســەر یەکــەکانی نیشــتەجێبوون، پێویســت دەکــات حکومــەت دەســت بخاتــە نــاو ئاراســتەی فرۆشتنەکە بەجۆرێک چانسەکە زیاتر بۆ ئەو خێزانەنە بێت کـە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوونیان نییـە، ئـەوانیش دەکەونـە نێـو تیر و پشک بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی دادوەر.

١٤- لەبەهادانان بۆ یەكەكانی نیشتەجێبوون پێویستە حكومەت ڕۆڵی هەبێت و پێشووتر پێش بونیادان و دوای بونیادانیش بەپێی پێورێک نرخەكان دابنرێت كە لەقازانجی هەردوولا (وەبەرهێن و هاوڵاتی) دابێت.

# چاکسازی و گەشەپێدان

# بە گواستنەوەو گەیاندن

## دەرگای یەکەم : کەرتی گواستنەوە

١- دامەزراندنی تۆڕی گواستنەوەی پاسی ناوشار (City Bus):

لە١٥ ساڵی رابردوودا زۆر جار وەزارەتی گواستنەوەو گەیـاندنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بۆ چارەسـەرکردنی نـەبوونی هۆکـانی گواستنەوەی گشتی بەدوای ناوی گەورەو بریقەدار و پرۆژەی خەیاڵی دەکـــەوت کـــە هـــەرزوو شکســـتیان دەهێنـــاو نەدەکەوتـــە بـــواری جێبەجێکردن و تەنها بریتیبوون لە پرۆژەیەک لەشێوەی بەرنامەیەکی سێ دووری D٣، ئینجا هەر لەپـرۆژەی میتـرۆی تونێڵەکانـەوە بگـرە تادەگاتە پرۆژەی ترامواى سەر ئەرز و ترامواى هەڵواسراو، ئەفسوس ئەوانـەی بەرپرسـبوون بیریـان لـەوە نـەکردەوە کـەچۆن دەتوانرێـت هەنگاوی ئاوا مەزن لەشارە گەورەکاندا بهاوێژن لەبارێکدا لەم شـارانە تەنانـەت سیسـتمی تـۆڕی گواسـتنەوەی پاسـی نـاو شـار ( City Bus)یشیان لێنەبوو!

بێگومان کە باس لەپاسی ناو شار دەکـەین مەبەسـتمان پاسـی ستانداردی جیهانییە نەوەک ئەو مینـی پـاس و گـەورە پاسـانەی کـە تایبەتن بە گواستنەوەی هاوڵاتیان لەرێگا دوورەکانی نێوان شارەکان، چونکە کومەڵێک کۆمپانیای ناوخۆیی هـەن کـە بەهەڵـە ئـەم پاسـانە لەناو شاردا بەکار دەهێنن.

واباشـترە دامەزرانـدنی ئـەم پـرۆژە مەزنـە بخرێتـە ئەسـتووی کۆمپانیا راستەقینەکان کە خـاوەنی سـەرمایەی گـەورەن بەمـەرجێک کارەکانی هێلی گواستنەوەی ناوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکومەت دابێـت واتــە دابینکردنـی هێلەناوخۆییـەکان و نرخـی گواسـتنەوەو کوالیتــەو ئاستی خزمەتگوزارییەکە لەژێر رکێفی حکومـەت و چاودێری لیژنـەی گواسـتنەوەو گەیانـدنی پەرلەمانـدا بێـت، بـۆ ئـەوەی رێگـا لـەکـاری نەشـیاو و چـاونۆکی بگیرێـت، بێگومـان ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کـە ئـازادی کـارکردن و بازرگـانی و وەبـەرهێنان بەربەسـتی بـۆ دروسـت دەکرێـت بـەڵکو ئەمـە کـارێکی خۆپاراسـتن دەبێـت لـەناعەدالـەتی و خراپـی ئاسـتی خزمەتگوزارییـەکان و رێکخسـتنەوەی باشـتری ژیـانی سڤیل و شارستانی.

سوود و قـازانجی ئـەم کـارە زۆر فـراوان و پـڕ بەرهـەم دەبێـت بەتایبەتیش کاتێک بـزانین هـەر دانەیـەک لـە پاسـی نـاو شـار ٣٠-٤٠ کەس لەیەک کاتدا لەخۆ دەگرێت واتە شوێنی نزیکەی ٣٠ ئۆتـۆمبیلی بچوکی تاکە کەسـی دەگرێتـەوەو لەهـەر گەشـتێکی ناوخۆیـدا دەیـان

کەس سەردەکەون و دادەبەزن کـە ژمارەکـەیان بـۆ هـەرجارێک چـوار ئەوەندەی سەنشینەکانی دەبێت.

سوود و مفاکانی ئەم پڕۆژەیە زۆر فراوانە، لەوانەش:

- کەمکردنەوە روودانی هاتووچۆ و تامپۆن کە ساڵانە سەدان کـەس لەکوردســتان لــەناو شــارە گــەورەکان لەئــەنجامی رووداوی هاتووچۆدا گیان لەدەست دەدەن یان بریندار و کەمئەندام دەبـن، ئەوە جگە لەزیانی ماددی.
- کەمکردنـەوەی خـەرجی تاکـەکەسـی و پاشـەکەوتکردنی داهـات، چونکە لەشارە گەورەکاندا بەیانیان هەر ئوتۆمبیلێک تـەنها یـەک کـەس یـان دووانــی تێدایـە و بـەرەو شـوێنی کـارکردن یـاخود خوێندن دەچن، بەمەش خەرجی تاکە کەسی بـەفیڕۆ ناچێـت کـە کۆی خەرجییەکە دەچێتە ناو بواری خەرجی گشتی وڵات.
- جێگرتنـەوەی پاسـێکی ٣٠-٤٠ کەسـی لـە شـوێنی زیـاتر لـە ٣٠ ئۆتۆمبیــل، جــەنجاڵی و ترافیــک لــە شــەقامەکانمان کــەمتر دەکاتەوە، ئەوەش خێرایی لەگەیشتنی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی لێدەکەوێتەوە.
- شــەقامەکان بــار و قورســی کــەمتری لەســەر دەبێــت بەمــەش درەنگتر تێکدەچن و پێویستیان کەمتر بە نوژەنکردنەوە دەبێـت، کە هەمیشە بارگرانییێکی دارای زۆرە لەسەر حکومەت.

- جێگرتنەوەی دووکەڵی گزۆزێکی پاس لەشوێنی زیاتر لە دووکەڵی ٣٠ گــزۆزی ئۆتــۆمبیلی تایبــەتی بچــووک، دەربــازبوونێکی بەبەرنامەیە لەپیسبوونی ژینگـەی شـارەکان کـە لـەئێسـتا گشـت شارە گەورەکان ئەم گرفتـەیان هەیـە، بێگومـان ئـەوەش دەبێتـە هۆی کەمکردنەوەی تووشـبوون بـە نەخۆشـییە درێژخایەنـەکان و نەخۆشـیە کوشـندەکانی جـۆری شـێرپەنجەی خـوێن و پێسـت و سییەکان، هەروەها ئەو تێچووانـەش ناهێڵێـت یـان کەمدەکاتـەوە کــە بــۆ نەخۆشــییە کوشــندەکان لــەناوخۆی کوردســتان یــان لەدەرەوەی وڵاتدا خەرج دەکرێت.
- پەیداکردنی چەندین هەلی کار، لەرێگای کۆمپانیای گواسـتنەوەی پاسی ناوشار، لە (شۆفێری پاس و پشکنەری بلیـت و میکانیـک و چاککەرەوەی پاس و کارگێڕ و ژمێریـار و پاسـەوان و هیتـر..) کـە لەشـارە گەورەکانمانـدا ئەگـەر هێڵـەکان فـراوان بـوون ئـەوا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٠٠٠ کارمەند.
- لـەرێی ئـەو باجـە کەمـەی کەلەسـەر بلیتـدا هەیـەو دەگەڕێتـەوە خەزێنـەی گشـتی، دەتوانرێـت ئـەم داهاتـە گشـتییە بەتایبـەت تـەرخان بکرێـت بـۆ پێشخسـتن و نوژەنکردنـەوەی شـەقامەکانی ناوشار.
- لەهەمووش گرنگتر ئەو جۆر گواستنەوەیە روێکـی شارسـتانی بـە شارە گەورەکان دەبەخشێت جوانتر و شارستانیتر و هاوچـەرختر دەکەونە بەرچاو.

٢- دامەزراندنی تۆڕی گواستنەوەی پاسی نێوان شار و دەڤەرەکان:

نێوان شارەکانی کوردستان تۆڕێکی لاوازی گواستنەوەی گشتی هەیە کە زیاتر پشت بە ئۆتۆمبیلی بچووک دەبەستێت، بۆیە پێویست دەکات کۆمپانیای تایبەت بە گواستنەوەی ڕێگای دوور لەکوردستاندا دابمەزرێن و پاسی جۆری زۆر باش و سەلامەت تیایدا بخرێتە کار و چۆنییەتی کارکردنی ئەو پاسانە بە پێودانگی نوێ بێت و وابەستەی کاتی گەیشتن و ئاستی بەرزی سەلامەتی و خزمەتگوزاریەکان بێت.

کارکردنی ئەو کۆمپانیایانەش لەژێر چاودێری حکومەت و لیژنەی گواستنەوەی بەرلەماندا دەبێت، بێگومان وەگەڕخستنی ئەو خزمەتگوزاریانەش کۆمەڵێک سوود بە هاوڵاتیان دەگەیەنێت بەتایبەتیش لەبواری سەلامەتی و ڕێکوپێکی کاتی گەیاندنەکە.

٣- ڕاهێنان بۆ پیشەوەرانی تاکسی و پاس

ڕێکخستنەوەی کاری پیشەوەری شۆفێری تاکسی و پاس کە لەگەڵ پرێنسیپە نێودەوڵەتییەکانی پیشەی شۆفێری تاکسیدا بگونجێت، بۆ ئەو مەبەستەش گشت شۆفێرانی تاکسی و پاس پێویستە خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە کە تایبەت بێت بە ئیتیک و شێوازی کارکردنیان هەروەها ڕاهێنانیان بۆ کاری کتوپڕ و ئێمێرجنسی و فریاکەوتنی خێرا، زۆریش گرنگە کە شۆفێران لایەنی کەم لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی بزانن.

لەم خولانەدا ئەو شۆفێرانەی کە سەرکەوتوو نـابن مـافی کـاری شۆفێری تاکسی و پاسیان نابێت.

٤- ڕێکخستنی کاروباری پۆستەو گەیاندنی کەلوپەل

واباشترە حکومەت چاوبخشێنێتەوە بە کاری پۆستەی ناوخۆیی و دەرەکی کوردستان کە لەرابردوودا هەوڵەکانی سـەرکەوتوو نـەبوون و نەتوانرا ئەم بوارە گرنگە بەباشی ڕێکبخرێتەوە، بۆیە واچاکترە ئەم بـوارەش بـەپێی یاسـا و ڕێنماییـەکان لەلایـەن کۆمپانیاکانـەوە جێبەجێبکرێت.

بـەپێی گرێبەسـتەکە پێویسـتە تـۆڕێکی گەیانـدنی پۆسـتە و کەلوپـەل لەلایـەن کۆمپانیاکـەوە ڕێکبخرێـت کـە هـەموو کوردسـتان بەیەکەوە ببەستێتەوەو دەستپاکی و پاراستنی ئەمانـەت و خێرایـی دوو رووی راستی ئەم پرۆسەیە بێت.

ئەو بوارەش لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی گواستنەوەو گەیانـدن و چاودێری پەرلەماندا دەبێت.

٥- پەیڕەوکردنی باجی ڕێگاوبان

لـەپێناو دابینکردنـی داهـاتی گشـتی بـۆ بەردەوامیـدان بـە نوژەنکردنەوەی پرد و ڕێگاوبان و ڕاکێشـانی ڕێگـای تـازە، واباشـترە حکومەت جۆرێک لەباج لەدەرچەی ڕێگای سـەرەکی شـارە گـەورەکان

لەسەر ئۆتۆمبیلـەکان دابنێـت، بـەجۆرێک رێژەکـەی زۆر کـەم بێـت و کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتی تاکە کەسیدا نەبێت.

واباشترە حکومەت بەپێی یاساو رێنماییەکان، ئەرکی وەرگرتنی باجـەکان بخاتـە ئەسـتووی کۆمپانیایـەک کـە لەبەرامبـەردا ئـەرکی نوژەنکردنـەوەی پـرد و رێگاوبـان لەئەسـتودا بگرێـت لـەو چوارچێـوە جوگرافیایـەی کـە لەلایـەن وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیانـدن یـان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار یاخود وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوەو نیشـتەجێبوون بـۆی دیـار دەکرێـت، بێگومـان لیژنـەی گواسـتنەوەو گەیانـدنیش لەپەرلـەمان چـاودێری رەوشـی جێبـەجێکردنی گرێبەستەکەو ئاست و توانای کۆمپانیاکـە دەکـەن لـەنوژەنکردنـەوەی پرد و رێگاو بانەکان.

دەکرێت نمونـەی بـاجی رێگاوبـان بەمشـێوەیەی خـوارەوە بێـت یان بەهەر شێوەیەکی تر کە گونجاو بێت:

| جۆری ئۆتۆمبیل | باجی تێپەڕبوون |
|---|---|
| ئۆتۆمبیلی بچوک کەسی | ٢٥٠ د.ع |
| ئۆتۆمبیلی کەسی دەبڵ ئەکسڵ | ٥٠٠ د.ع |
| مینی پاس کەمتر لە ١٨ کەسی | ٥٠٠ د.ع |
| پاسی مامناوەند ١٨-٢٦ کەسی | ٧٥٠ د.ع |
| پاسی گەورە زیاتر لە ٢٦ کەسی | ١٥٠٠ د.ع |

| | |
|---|---|
| بارهەڵگری بچوک ١ تۆنی (پیکاب) | ٥٠٠ د.ع |
| بارهەڵگری مامناوەند ٢ تۆنی (پیکاب) | ٧٥٠ د.ع |
| بارهـەڵگری گـەورە (قـەلاب و لـۆری و تانکـەری مامناوەند) سەرووی ٢ تۆنی | ١٠٠٠ د.ع |
| تانکەری گەورەی بارهەڵگری نەوتی خام و گاز | ٥٠٠٠ د.ع |
| بارهـــەڵگری هێنـــان و ترانزێتـــی ئۆتۆمبیـــل و بارهەڵگری درێژ | ٥٠٠٠ د.ع |
| بۆ ئامێرەکانی بونیادنان و کشـتوکاڵی (شـەفەڵ و خـــاک هەڵکەنـــە و خەباتـــەی مەرکـــەزی و میکسەر) | ٢٠٠٠ د.ع |

٦- بیرکردنەوە لەرەهەندی پێشکەوتووتر بۆ ئاینده

بێگومان باسکردن لەگواسـتنەوە تـەنها لـەرێگای پاسـەوە نییـە بەڵکو ترامـوای و میتـرۆ و هێڵـی ئاسـنی و گواسـتنەوەی ئاسـمانیش دەگرێتـــەوە، پێویســـتە لـــەم هەنگاوانـــە پەلـــە نـــەکرێت و بـــەدوای کۆمپانیای سـاختەی وڵاتانـدا وێـڵ نـەبین بـەڵکو دەکرێـت لـەمبارەوە چەندین توێژینەوەو بەدواداچوون و ئامادەکاری بکرێت لەوانەش:

- دانانی پلانێک بۆ ئاینده بە مەبەستی دامەزراندنی ترامـوای لـەناو شاره گـەورەکانی کوردسـتان، کـە رەچـاوی هـەموو ئەگـەرەکانی بەردەمی بکرێت.

- ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی چڕ و پڕ بۆ ئامادەکاری بونیادنان و دامەزرانـدنی چەنـد هێڵێـک لەگواسـتنەوەی ژێـر ئـەرز (میتـرۆ) لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.
- توێژینــەوە بـۆ دارشــتنی پلانــی دامەزرانــدنی هێڵــی ئاســنینی کوردستان کـە بەهۆیـەوە لەسـنووری ئێرانـەوە تـاکو زاخـۆ درێـژ بێتەوەو بە شارە گەورەکانیشدا تێپەڕێت و دواتر تێکەڵ بە هێڵی ئاسنینی عراق و ئێران و تورکیـاوە بکرێتـەوە کـە ئـەویش لـەلای خۆیانەوە بە تۆڕی هێڵی ئاسنینی ئەورووپاوە بەستراوە، بێگومـان ئەم پرۆژە ستراتیژیە هەروا بەئاسانی ناکرێت و چ لەرووی ماوەی جێبەجێکردنــەوە چ لـەبارەی تێچـووی پرۆژەکـەوە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیە کە حکومەت دەست بکات بەتوێژینەوەی دروسـت نـەوەک بڕیاری بەپەلەو بێ رەچاوکردنی گشت ئەگەر و فاکتەرەکان.
- دەسـتبەکاربوون لەپلانـدان و توێژینـەوەو گرتنەبـەری رێکـارە یاسـاییەکان بـۆ دامەزرانـدنی هێڵـی ئاسـمانی کوردسـتان، کـە دەکرێت هێڵێکی نیشتمانی هاوبەش بێت لەنیوان کـەرتی تایبـەت و کەرتی حکومەت بەمەرجێک پشکی حکومەت تیایدا زیاتر بێـت و حکومەت خاوەن و بڕیاردەر بێت تیایدا.
- دابینکردنـی بودجـە بـۆ تـەواوکردنی فڕۆکەخانـەی نێودەوڵـەتی دهۆک کەلەئێستادا وەستاوە.
- ئەنجامدانی توێژینەوەو بەدواداچوون لەسەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێم چۆن فڕۆکەخانـە نێودەوڵەتییـەکانی کوردسـتان بکـات بـە

وێســـتگەی ترانزێـــت لـــەنێوان رۆژئـــاوا و رۆژهـــەڵاتی دوور؟ بەتایبـــەتیش کوردســـتان لەجەرگـــەی رۆژهـــەڵاتی ناوەراســـتەو هەڵکەوتەکـەی لـەنێوان هـەردوو لادایـە و ئاسـمان و خاکەکەشـی لـەئارامی و سـەلامەتیەکی تـەواو دایـە بەتایبـەتیش دوای ئـەوەی هـەردوو لایـەنی رێکخـەری تایبـەت بـە فرۆکـەوانی سـڤیل، واتـە رێکخـراوی نێودەوڵـــەتی بـــۆ فرۆکـــەوانی ســـڤیل (ICAO) و یەکێتی نێودەوڵـەتی بـۆ گواسـتنەوەی ئاسـمانی IATA زۆرێـک لەگەشـــتە ئاســـمانییە نێودەوڵەتییـــەکانی نێـــوان رۆژئـــاواو رۆژهـــەڵاتیان گواسـتۆتەوە ئاسـمانی کوردسـتان، بێگومـان ئـەم کارەش خـەبات و لێکۆڵینـەوەی زۆری دەوێـت بەتایبـەتیش هـەم لەرازیکردنـی کۆمپانیـا هەمـەجۆرەکانی هێڵـی ئاسمانیەوە بگـرە، هەروەها رازیکردنی دەستەی فرۆکەوانی سڤیلی عراق کە ئاسمانی عراق و جوولەی فرۆکەوانی سڤیل لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە.

- پلانـدانان بـۆ دامەزرانـدنی پـەیمانگای نیشـتمانی بـۆ فرۆکـەوانی سڤیل.

## دەرگای دووەم : کـەرتی گـەیاندن

١- بواری پەیوەندیکردن مۆبایل:

رێکخســتنی کاروبــاری ئــەم بــوارە گرنگــە بــەپێی دەســتور و یاســـاکانی عـــراق، بەدەســـتەی راگەیانـــدن و پەیوەندیـــەکان (CMC)ەوە سپێردراوەو لەوێشەوە گرێبەستەکان لەگەڵ هـەر سـێ

کۆمپانیا مەزنەکـەی عـراق (ئاسـیا، کـۆڕەک، زێـن) واژۆکـراوەو هـەر لەوێشـەوە کـار و باجـەکانیان و جـۆری چاودێریکردنەکەشـیان بـۆ رێکخراوە، بۆیە لەئێستادا حکومـەتی هـەرێم هـیچ جـۆرە هـەژمونێکی لەسەر ئەو کۆمپانیایانەوە نییە، مەگەر لەئایندەدا بیر لەوە بکرێتـەوە ئەگەر رێکخستنەکەی لەژێر چنگی بەغداش دەرنەکرێت، هەوڵ بـدرێت حکومـەتی هـەرێمیش بەشـداربێت لەگـەڵ بەغـدا لەرێکخسـتنی ئـەم بوارە.

٢- رێکخستنەوەی بواری پەیوەندیکردن لـەرێگای ریشـاڵە بینراوەکـان (fiber optic)ەوە.

٣- رێکخستنەوەی بواری فریکوانسی سپەیس

وەزارەتـــی گواســـتنەوەو گەیانـــدن بەجـــدی دەســـتبکات بـــە رێکخستنەوەی بواری فریکوانسی سپەیس و پەخش و تاوەری کەناڵە ئەرزییەکانی کوردستان بەجۆرێک کە لـەرووی پەخشـەوە لەئاسـتێکی بەرزی خزمەتگوزاریدا بمێننەوەو کێشـە تەکنیکیـەکانی تێکـەڵاوبوونی پەخش و پەخشی رادەلەدەری یاسا چارەسەر بکرێت.

٤- بواری تۆڕەکانی ئینتەرنێت

رێکخسـتەوەی ئـەم بـوارە گرنگـەش پێویسـتە ئـەم لایەنانـەی بگرێتەوە:

- نەهێشـتنی رواڵـەتی مۆنۆپـۆڵکردنی نـاڕەوا لەلایـەن کۆمپانیـا دەسترۆیشـتوەکان، کـاری کۆمپانیاکـان بـە پێـوەرێکی یاسـایی چوارچێوە بکرێت.
- رێکخســـتنی ئاســـتی خزمـــەتگوزاریی کۆمپانیاکـــانی تـــۆڕی ئینتـەرنێت، بەتایبـەتیش ئاسـتی کوالیتـەو سەرڕاسـتی لـەبڕ و چۆنیەتی پێدراوی خزمەتگوزاریەکە.
- رێکخستنی نرخی خزمەتگوزارییـەکان بـەجۆرێک کـە زیـادەڕۆیی تێدا نەبێت.
- ناچـارکردنی کۆمپانیـان کـە خزمەتگوزارییـەکانیان بگەیەنـە دوورتـــرین شـــوێن، بەتایبـــەتیش گونـــد و دەڤـــەرە دوورە دەستەکان، چونکە زۆر جار ئەم کۆمپانیایانە تاوەری گەیانـدنی خزمەتگوزارییـەکانیان لـەم شـوێنانە دانـانێن بـەو بیـانوەی کـە بەکاربـــەریان کەمنـــە و ناگـــەن بـــە ئاســـتی خەرجییـــە بەردەوامەکانیان لەم تاوەرانە.

٥- بیرکردنەوە لەرەهەندی پێشکەوتووتر بۆ ئایندی گەیاندن.

پێویسـتە حکومـەت بـەدواداچوون و توێژینـەوەی ورد ئـەنجام بدات بۆ ئەوەی پلانێکی ورد دابڕێژێت بۆ هەڵدانی مانگێکی دەستکرد بەناوی (کوردستان سات) بۆ بۆشایی ئاسمان، یـاخود هەوڵـدان بـۆ هەڵـدانی مـانگێکی دەسـتکرد بەهاوبەشـی لەگـەڵ وڵات و کۆمپانیـا جیهانییەکان.

هەڵـدانی مـانگی دەسـتکرد تێچـووی زۆرە بـەڵام لەدەرەنجامـدا سوودێکی زۆرتری دەبێت بەتایبەتیش لەم بوارانە:

- ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
- ڕێکخستنی تۆڕی ئینتەرنێت.
- ڕێکخســـتنی پەخشـــی تەلـــەفزیۆن و ڕادیـــۆ ســـەتەلایتەکانی کوردستان.
- ڕێکخستنی کاری چاودێری کەشوهەوای کوردستان.
- سـوود لێـوەرگرتنـی لـەبواری سـەربازی و ئـەمنی و پاراسـتنی سنوورەکانی کوردستان.
- بەکرێدان یـان پێـدانی بەشـێک لـەو خزمەتگوزارییـەکانی مانگـە دەسـتکردەکە بـە وڵاتـان و کۆمپانیـا و کەناڵـە سـەتەلایتەکانی تری جیهان ئەوەش گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی.
- بێگومـان گشـت خاڵـەکانی سـەرەوە دەبـن بـەهۆی زۆربـوونی داهـاتی گشـتی و پاراسـتنی دراوی قـورس و نەڕۆیشـتنی بـۆ کۆمپانیا جیهانییەکان.

# بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری

بــوونی ڕەگەزە بنەڕەتییەکــانی گەشــتیاری لەکوردســتاندا وا دەکات کە ئەم بوارە گرنگە هیچی کەمتر نەبێت لەسامانی ژێـرزەوی، کـەچی ئەم بـوارە گرنگـە هـەر لەشـێوە سـەرەتاییەکەیدایە و کـەمتر هاوچـەرخی و نوێبوونـەوەی پێوەدیـارە، لەباشـترین جۆریـدا بریتییـە لەبەکرێـدانی کـەپر و ریسـتۆرانت و هۆتێـل و مـۆتیلی سـادە، بۆیـە بواری گەشتوگوزار پێویستی بەگرنگی پێدانی زیاتر و بوژانەوە هەیە، دەکرێت بەم هەنگاوە سـادانەی کە بەچەنـد خاڵێـک ئامـاژەم پێـداوە گۆڕانێکی نمـونەیی دروسـتبکات و ببێـتە بنەمـایەکی بـاش بـۆ کـاری مەزنتر:

**دامەزراندنی (بانکی بوژانەوەی گەشتیاری لە کوردستان)**

واباشـترە حکومـەتی هــەرێمی کوردسـتان هــەنگاو بهاوێـت بـۆ دامەزرانـدنی (بـانکی بـوژانەوەی گەشـتیاری لەکوردسـتان) و بیخاتـە سەر (دەستەی گەشتوگوزار)، ئەرکی بانکەکـە کۆکردنەوەی داهـاتی گەشــتیاری و بــاجە بەمەبەســتی بوژانــدنەوەی بــواری گەشــتیاری لەکوردســتاندا، ئەم بـانکە قەرز دەدات بە پـرۆژە گەشـتیارییەکان و لەهەندێکیشــیاندا بە رێـژەیەک تیایـدا بەشـدار و پشـکدار دەبێـت، سەرچاوەی دارایی بانکەکەش هەمەجۆرە بەم شێوەیە:

- ئەو بڕە داراییـەی کە لەبـودجەی گشـتیدا بـۆ بـواری گەشـتیاری تەرخان دەکرێت.
- باجی داهاتی پرۆژەی گەشتیاری.
- باجی مۆڵەتی پرۆژە گەشتیارییەکان و نوێکردنەوەی ساڵیانەی.
- داهاتی رسوماتی کردە بانکییەکان.
- داهـــاتی پێبژاردنـــی ســـەرپێچییەکانی شـــوێن و پـــرۆژە گەشتیارییەکان.
- باجی داهاتی کۆمپانیا گەشتیارییە بییانییەکان.

## پەلەکردن لەدەرکردنی یاسای گەشتوگوزار

تاکو ئێستا یاسـایەکی تـایبەت بەبـواری گەشـتیاری لەهـەرێمی کوردستاندا بوونی نییـە تـەنها ئـەوە نـەبێت کـە بـە چەنـد مادەیـەک لەناو یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاردا بەکورتی جێگای بۆ کراوەتەوە لەگەڵ کۆمەڵێک رێنمایی تایبەت.

پێویســتە لــەم یاســایەدا بــەوردی و روونــی مــاف و ئەرکــی وەبەرهێن و کۆمپانیا گەشتیارییەکان ناوۆخۆیی و دەرەکی دیاربکرێت و بە گشتی یاساکە رێخۆشکەربێت بۆ گەشەسەندنی بوارەکە.

## دانانی باجی داهات لەسەر کۆمپانیا بیانییەکان

کۆمپانیا بیانییەکانی گەشتیاری کـە لەکوردسـتاندا وەبـەرهێنان دەکەن لەزۆر رووەوە هاوکاری دەکـرێن، بـەڵام لەهـەمان کاتیشـدا بـە کۆمەڵێک پریسنسیپ و ئەرک وابەستە دەکرێن، لەوانـەش سـەپاندنی باجە بەسەر داهاتی ساڵانەیان بە رێـژەی ١٠% لەکـۆی قازانجیـان و پـارەکەش وەکـو داهـات دەچێـتە سـەر حسـابی بـانکی بـوژانەوەی گەشتیاری لەکوردستان.

## گەشتیاری بەنداوەکان

حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئەنجامـدانی زیـاتر لـەپـەنجا بەنداوی بچووک و مام ناوەندی لەپلانـدا هەیـە کـە هەنـدێکیان تـەواو بوون و هەندێکیان یان لەدەسپێک و تەواوبوون دان یاخود لەقۆناخی پلان و نەخشەسازیدان، بێگومان هەندیکیشیان لەبەر قەیرانی دارایـی وەستێنراون، بۆیە پێویستە پـێش وەختـە دەسـتەی گەشـتوگوزار بـۆ ئەم پرسە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بکات بۆ تەرخـانکردنی شـوێنی گونجـاوی گەشـتیاری لەو بەنداوانـە، هـەروەها هەوڵبـدرێت لەمەودوا لەپـلان و نەخشـەی بنەڕەتـی بەنداوەکانیشـدا رەچاوی لایەنە گەشتیارییەکان بکرێت.

لەهەندێک باردا بەتایبەتیش لـە بەنـداوە بچووکـەکان، دەکرێـت کۆمپانیاکـانی گەشـتیاری نـاوخۆیی و دەرەکـی بەرێژەیـەکی دیـار بەشداربن لەتێچوو و خەرجی بونیادنانی بەنداوەکە، بێگومان ئـەوەش

بەپێی ڕێککەوتنێک دەبێت لەبەرامبەردا، کۆمپانیاکە بۆ ماوەی کەمتر لە١٥ ساڵ مافی ئەوەی هەبێت لایەنی گەشتیاری بەنداوەکە تەنها بۆ ئەوان بێت و لـەژێر چـاودێری حکومەتـدا بێـت، بەمـەش حکومـەت و خـەڵک دوو جـار قـازانج دەکـات یەکـەمیان بـە سـووککردنی بـاری سەرشـانی حکومـەت لـە تێچـووی بوونیادنـانی بەنداوەکـە، هـەروەها دامەزرانـدنی شـوێن و ناوچـەگەشـتیارەییەکان ڕێکـوپێکتر و باشـتر دەبێت و لەژێر چاودێری حکومەتدا دەبن.

## دامەزراندنی پۆلیسی گەشتیاری

زۆر جـار کێشــە لــەنێوان گەشــتیاران و خــاوەن پرۆژەکـانی گەشتیاری یان خەڵکانی خۆجێی دروست دەبێت، لەدروستبوونی ئەم کێشەو ئاریشانەدا پۆلیسی ئاسایی زۆر جار لەئاستی پێویستدا نابێت لەچارەسەرکردنی کێشەکان چونکە کێشـەکە تاوانکـاری و کـەتنکاری نییــە، بــەڵکو زیــاتر پەیوەنــدی لــەنێوان گەشــتیار و خــاوەن پرۆژەکاندایە، بۆیە دامەزراندنی پۆلیسی گەشتیاری بۆ ئەم بوارە زۆر پێویســتە، دەزگــای پۆلیســی گەشــتیاری دەکرێــت بەشــێک بێــت لــەوەزارەتی نـاوخۆ، یـاخود راسـتەوخۆ وابەسـتبکرێت بـە دەسـتەی گەشتوگوزار.

پۆلیســی گەشــتوگوزار ئەرکــی پاراســتنی بــواری گەشــتیاری دەبێت و پاراستنی هاوڵاتیـان و گەشـتیارانی نـاوخۆ و بیـانی دەبێـت لەفێڵ و باری نەخوازراو کێشەکانی لەلایەنە گەشتیارییەکان.

## یەکسانی و هاوسەنگی لەپێدانی هەلی وەبەرهێنان

لەپێـــدانی هـــەلی وەبـــەرهێنان و دابینکردنـــی زەوی بـــۆ پڕۆژەگەشـــتیارییەکان زۆر جـــار بـــۆ هـــەمووان یەکســـان نییـــە و ناعەدالـــەتی تیـــادا دروســـت دەبێـــت، ئـــەوەش بـــەبارێکی نـــەرێنی دەشکێتەوە بەسەر کارەکان و جۆرێک لەمۆنۆپۆڵ دروست دەبێت کـە لەکۆتایدا بە نەرێنی و کەماسی بۆ بوارەکە دەگەڕێتەوە.

دابینکردنی زەوی بۆ وەبەرهێنەرانی بواری گەشتیاری پێویستـە لەشێوەی گرێبەستێک بێت بـۆ مـاوەی کـەمتر لـە١٠ سـاڵ کە لایەنـی وەبەرهێنـانەکە بەشـێوەیەکی یاسـایی ناچـار بکـات بـۆ بەردەوامـی پـــرۆژەکە و پێشکەشـــکردنی ئاســـتێکی گونجـــاو لەخزمـــەتگوزاری گەشتیاری.

## هاندانی گەشتیاری ئایینی ئاینزای ئێزدی

بێگومـــان ســـەرچاوەی ئـــاینی ئێـــزدی لەکوردســـتانەو وەکـــو نەتـــەوەش ئێزدیـــەکان کـــوردن (جگـــە لەبەشـــێکی زۆر کـــەم کـــە بـــە رەچەڵەک گوایە عەرەبن و رێژەیـان ناگاتـە لەسـەدا نیـویش)، لەبـەر ئـەوەی ئێزدیـەکان لـەباکووری کوردسـتان و رۆژئـاوای کوردسـتان و هـــەروەها لـــەولاتی ئـــەڵمانیا و لوبنـــان و ئـــەرمێنیا و جۆرجیـــا و کازاخستان و قرغستان و روسـیای فیـدڕاڵ و فەڕەنسـا و بـەریتانیا و ئـەمریکادا بەرێژەیـەکی بـەرچاو هـەن و زۆریـان ئومێـد دەکـەن بـۆ حەجکردن و بەسـەرکردنەوەی لالـش و هەنـدێک لەمـەزارگاکانی تـری

شێخ و پیرانیان سەردانی باشووری کوردستان بکەن، بۆیە پێویستە دەستەی گەشتوگوزار وەبەرهێنان لەم رووەوە بکات بەهەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە ئاینییەکانی ئێزدی، کە لەکۆتایدا هەوڵبدرێت لەکات و رێککەوتەکانی حەجکردن و بۆنە ئاینییەکانی ئێزدی گەشتی ئاسمانی لەولاتانی دوورەوە بۆ هەردوو فرۆکەخانەی کوردستان رێکبخرێت بەتایبەتیش بۆ فرۆکەخانەی هەولێر کەنزیکترە لەمەزارگاکانی ئێزدی، هەروەها لەرێی کۆمپانیاکانی گەشتیاری کوردستان و ئێران و تورکیاو رۆژئاوای کوردستان گەشتی ئاسان و سەلامەت لەرێگای پاسی گەشتیارییەوە رێکبخرێت، مفاو سوودی ئەمکارە زۆرە لەوانەش:

- لەرووی ئابوورییەوە دەڤەرەکانی ئێزدی دەگەشێنەوە، چونکە زیاتر لەجاران خەڵکی دوورە ولات و خەڵکی پارچەکانی تری کوردستان سەردانی مەزارگاکان دەکەن، کە بەهۆیەوە هۆتیلەکان، ریستۆرانتەکان، خانووە فەرشکراوەکان، دووکان و فرۆشگاکان، کۆمپانیاکانی گواستنەوە ئەوانە هەر هەموویان دەگەشێنەوەو قازانج دەکەن.
- تێکەڵاوبوونەوەی کۆمەڵگای کوردانی ئێزی و ئاگاداربوون لەنزیکەوە بەژیان و گوزەران و کەلتووری یەکتری.
- وابەستەبوونی کوردانی ئێزدی هەندەران بەنیشتمانەکەیان و بە ئاینەکەیانەوە بەتایبەتیش ئەو ئێزدیانەی سۆڤیەتی کۆن کە

بــەزۆرداری بــۆ کۆمارەکــانی ناوەڕاســتی یــەکێتی ســۆڤییەت دوورخراونەتەوە.

- دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دانیشتوانی خۆجێی دەڤەری ئێزیـەکان و بەرزبوونــەوەی داهــاتی تاکــە کەســی و لەگەڵیشــیدا داهــاتی نیشتمانی.
- ســەردانەکان دەبـن بـە رێخۆشـکەر بـۆ جولانـدنی وەبـەرهێنانی سەرماییەی کوردانی ئێزدی هەندەران بۆ کارکردن و بونیادنـانی شــوێنی گەشــتیاری لەناوچەکانیانــدا بۆنمونــە هانــدانیان بــۆ بونیادنـانی هۆتێـل و مۆتیـل و شـاری یـاری وئـاوی و پـارکی ئاژەلان لە شێخان و ناحیەکانی دەڤەرەکە کە زۆربـەیان کـەمتر لـە بیسـت خولـەک لەمـەزارگاکان دوورن بەتایبـەتیش مـەزارگا سەرەکییەکەی لالش.

پێویستە بەر لەوە ئامادەکاری باش بکرێت بۆ کارئاسـانی فیـزا و لەگــەڵ هێلــی ئاســمانی بــاش و نــرخ گونجــاو قســەبکرێت و کۆمپانیاکـانی گواسـتنەوەی نـاوخۆیی ئامـادەبکرێن بـۆ گواسـتنەوە لەهەولێرەوە بۆ دەڤەری شێخان و لالش، هـەروەها لـەدهۆک و شـارە دێکانی کەنزیکن لە مەزارگاکان، شوێنە گەشتیارییەکانی وەکو هۆتێل و مۆتێل و ریستورانتی باش و نرخ گونجاو بۆیـان بڕەخسـێنرێت تـا ئـەو کاتـەی بـۆ سـاڵانی دواتـر قـەزای شـێخان و ناوچـەکانی نزیـک مەزارگاکان هۆتێل و ریستۆرانتی گونجاوی تیادا دادەمەزرێت.

## هاندانی گەشتیاری زستانە

کە باس لەگەشتیاری دەکرێت راستەوخۆ سەرنج دەچێتـە سـەر سەوزایی و ئاوهەوای خۆشی بـەهار و هـاوین، تەنانـەت دەسـتەواژەی گەشـتیاریش زۆر نوێیـە چونکـە پێشـتر لەبـەر ئـەوەی گەشـتکردن و خۆشی لەوەرزی هاویندا بـوو بۆیـە بەشـوێنە گەشـتیارییەکان دەوتـرا (هاوینەهــەوار) بۆیــە پێویســتە دەســتەی گەشــتوگوزار هەوڵبــدات سەرماو بـەفری سـپی شـلخەکانی کوردسـتان لـەرووی گەشـتیارییەوە وەبەربهێنێت.

پێشنیار دەکەم بۆ هاوێشتنی ئـەم هەنگاوانـە کـە رەنگـە ببنـە سـەرەتایەک بـۆ دروسـتبوونی گەشـتوگوزاری زسـتانە کـە لەراسـتیدا هەندێک هەنگاوی سەرەتایی لەم رووەوە دراون:

- هانـدانی وەبـەرهێن و خـەڵکی خـۆجێی بـۆ سـازکردنی شـوێنی گەشتیاری کە لەگەڵ وەرزی زستاندا بگونجێت بەتایبەتیش ئەو ناوچانــەی کــەبــەدرێژایی زســتان بــەفراوین، بەتایبــەتی ئــەو ناوچانەی کە نزیکن لەو شاخانەی کە بەرزییەکانیان لەسەرووی ٢٠٠٠ مەتر دان لەئاستی دەریا و زۆربەیان لەهاوینیشدا زۆزان و کوێستانی رەوەندی هۆزەکانن.
- سـازکردن و ئامـادەکردنی هۆکـاری گەیشـتن بـە شـوێنەکانی بەبەفر داپۆشراو وەکو تەلەفریک و ئۆتۆمبیل و پاسـی زنجیـری

واتــە تایــەری ئاســایی نــەبێت بــەڵکو وەکـو بلـدۆزەر و تــانکی سەربازی زنجیردار بێت.

- ڕێکخستنی پێشبڕکێی بەفرەخلیسکێ (Skiing) لەراستیشـدا ئەم جۆرە پێشبڕکێیانە چەند ساڵێکە لە دەڤەری باڵەکایـەتیـدا سازدەکرێت.
- کردنەوەی خـولی بـەفرە خلیسـکێ لەدەڤـەرە بەفراوییـەکان لـە قوتابخانـــەو خوێنـــدنگاکان و دەســـتەبەرکردنی ئامرازەکـــانی خلیسـکێن و راهێنـەر، بەمـەش نەوەیـەک دروسـت دەبێـت کـە زستان ئەم وەرزشە بکات و بەفرەخلیسکێ دەبێتـە کـەلتورێکی نەبڕاوەی ناوچەکەو گەشتیارانیش بەشێک دەبـن لەبەشـداربوون لەم پرۆسەیە.
- بونیادنانی هۆتیلی شاخە بەفراوییەکان کارێکی گونجاو و جوان دەبێت بەتایبەتیش کاتێک هۆتێلەکە ریک و پێک و گونجاو بوو لـەرووی مانــەوە (ئاپارتمــان بێــت، یــان خــانووی شــاخاوی)، دەتوانرێت لەوەرزەکانی تریش سوودی لێ ببینرێت.

## دامەزراندنی مۆزەخانە کەلتورییەکان

هانــدان بــۆ دامەزرانــدنی مۆزەخــانەی کــەلتووری لــەناوچــە گەشتیاریەکان کارێکی زۆر باش و فرە رەهەنـد دەبێت تیایـدا لـەرێی پەیکەری مۆم کەسایەتی و رووداوە مێژوویەکان و ژیـانی کـوردەواری

بخرێتە روو کە دەنگ و دەنگە دراماتییکیەکانیش لەگەڵ پەیکـەرەکان دابنرێت، جگە لەوەش دەتوانرێـت ئاژەڵـە مۆمیاکراوەکـانیش بەشـێک لە مۆزەخانەکە داگیر بکات.

پلیتی چونە ژوورەوەی مۆزەخانـەکان پێویسـتە زۆر هـەرزان و گونجاو و هاندەر بێت بۆ هاتن و هاموشۆکردنی گەشتیاران.

دەکرێت لەلایـەکی مۆزەخانەکـە یـان لـەکۆتایی نمایشـکراوەکان ئـەو فرۆشـگایانە دابنرێـت (لـەبەشـی دامەزرانـدنی بەڕیوەبەرایـەتی هونـەری میللـی و کارگاکـانی مـافووردا ئاماژەمـان بـەدوور و درێـژی پێکردووە).

## بوژاندنەوەی کارگەکانی مافوور

لەهـەرێمی کوردسـتاندا چەنـدین کارگـەکانی مـافوور هـەن کـە کارگـەی دەوڵـەتن، بـەڵام لـەبارێکی خـراپ و فەرامۆشـکراودان بـە جۆرێـک چەنـدین جـار میلاکـی ئـەم کارگانـە، ئـەم وەزارەت و ئـەو وەزارەتـی پێکـراوە ئەمـەش راسـتەوخۆ کاریگـەری نـەرێنی هـەبووە لەسـەر خراپـی و ئاسـت نزمـی جـۆری بەرهەمـەکانی، بەرهـەمی ئـەم کارگانە جگە لەوەی کـە پیشەسـازییەکی دەسـتییە لەهـەمان کاتشـدا بەشێکە لەکەلتوری ئەم وڵاتە بۆیە گواستنەوەیان بـۆ سـەر دەسـتەی گەشتوگوزار و پەرپێدانیان دەبێتە بەشـێک لـەپرۆسـەی گەشـەپێدانی گەشتیاری لە کوردستان.

لەپێناو بوژانەوەی زیاتری ئەم بوارە پێشنیار دەکەم حکومـەت ئەم رێکارانە بگرێتە بەر:

- گواستنەوەی گشت کارگەکان بۆ سەر دەسـتەی گەشـتوگوزار و کاراکردنیان.
- دابینکردنـی خـوری و سـوف و ریـس و رەنـگ و فیکسـچەری رەنگەکان و ئامێرەکانی خم (رەنگ)کردن بۆ گشت کارگەکان.
- پەرەپێدانی توانای نەخشەساز و تەونکارەکان و داهێنانی تابلۆ و نەخشـی تـازە کە گوزارشـت لە کەلتـوری کوردسـتان و ناوچەکـانی بکـات، لـەم ڕووەشـەوە دەتـوانین سـوودی زۆر لـەو تـەونکار و نەخشـەکارانەی رۆژهـەڵات و بـاکووری کوردسـتان وەربگرین چ وەکو راهێنەری هەمیشـەیی لـەرێی گرێبەسـت یـان وەکو راهێنەری کاتی وەکو رێکخەری خولی راهێنان.
- لەرووی کـارەوە سیسـتمێکی ئەوتـۆ دابڕێژرێـت کە خانمـە تەونکارەکان نەچەوسێنرێنەوەو بەجۆرێک تەونکەرەکان ببن بـە هاوبەش لەقازانجی بەرهەمەکە، نەوەک فەرمانبەری مووچەخـۆر ئەمەش وا لەتەونکارەکـان دەکـات کە هەمیشـە هـەوڵی باشـتر بدەن و بەرهەمی چاکتر بهێنە کایەوە نەوەک دەوامێکـی رۆتـین ئاسا و بەرهەمێکی ئاست نزم و داهات و مووچەیەکی کەم.
- هەوڵــدان بــۆ داهێنــانی جــۆرێکی تــری کــارکردن ئــەویش (تەونکاری ماڵەکان)ە بیرۆکەکە ئەوەیە کە تەختەی تـەونکاری

لەماڵی ئەو خانمە تەونکارە بلیمەتانـە دابینبکرێـت و لەماڵـەوە کـاری تـەونکاریان بـەئارەزووی خۆیـان و بـەپێی کاتـەکانیان جێبەجێبکـەن، بەتایبـەتیش هەنـدێک لـەو تەونکارانـە دوای شووکردن ناتوانن لەکارگەکاندا درێژە بەکارەکـەیان بـدەن، ئـەم جـۆرە زۆر گونجـاوە بـۆ خانمـانی شـووکردوو (بێگومـان نەخشـەکان و ریسـەکان و دواتـریش سـاخکردنەوەی بەرهەمەکانیان، کارگەکە لێی بەرپرسە).

## دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە میللیەکان CRAFT

بەرهـەمی هونـەرە میللییـەکان (CRAFT) و کـاری دەسـتی یەکێکـە لـەو بابەتانـەی کـە گەشـتیاران لەگەشـت و گەڕانەکانیانـدا هەوڵی کڕینی دەدەن ئینجـا چ وەکـو بـەکارهێنانیان بێـت یـان وەکـو یادگارییـەکی لەماڵـەکانیان لەشـێوەی ئێکسیسـوار و جوانکـاری دایدەنێن، لەئێستادا ئەو پیشە میلییانە لەباشووری کوردستان بـەرەو لـەناوچوون دەچێـت، ئـەوەی کـە لـەبازاڕی شـوێنە گەشـتیارییەکاندا دانراون زۆربەیان هی باکوور و رۆژهەڵاتن یان هـی عراقـی عـەرەبی و وڵاتانی تری عـەرەبن، پێشـتر تـەنها کڵاشـی کوردسـتانی هـەبوو کـە لەهەورامانی باشووری کوردستان دەهاتـە بەرهـەم بـەڵام بـەم دواییـە ئەو بەرهەمەشیان لەهەورامانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاوردە دەکرێن.

بـۆ چارەسـەری ئـەو دوورکەوتنـەوەی پیشـەوەران لەبەرهـەمهێنانی هونـەرە میلییـە دەسـتییەکان پێشـنیار دەکـەم کـە

بەڕێـوەبەرەتییەک بەنـاوی (بەڕێـوەبەرایەتی بەرهەمـە میللیـەکان CRAFT) دابمەزرێت، ئەرکی بەڕێوەبەرایەتییەکە هاندانی خەڵـک بێـت بـۆ بەرهەمهێنـانی کـارە دەسـتییە میللیەکـان کە پێـی دەڵـین CRAFTS ئەم بەڕێـوەبەرایەتییە ئەرکـی وەرگـرتن و کڕینـی ئەو بەرهەمـانە لەئەسسـتوو دایە کە لەلایەن خانەوادەکـانەوە لەمـاڵەوە بەرهەم دەهێنـرێن، دواتـر ئەم بەرهەمـانە لەفرۆشـگا و شـوێنە گەشـتیارییەکاندا شـان بەشـانی بەرهەمـی مـافووری میللـی وەکـو کاڵایەک دەخرێنە بەردەم گەشتیارانی بیانی و ناوەخۆیش.

ئەم بوارەش زۆر پیشە دەگرێتەخۆ لەوانەش کارگەی بچووک و کوورەی قوڕکاری بۆ بەرهەمهێنانی سـیرامیک و گۆزەکـاری، نەخشـی ئەتـەمین و نەخشـی داودەرزی سـەر قومـاش، دروسـتکردنی کـڵاوی جۆراوجۆر و نەخشاندنی، چنینی بلوز و شـاڵ و کلێتـە و گـۆرەوی و پوزاوەنەو سـاق و لیفکـە و رازاندنـەوەی هـەوری و شـەدە، هـەروەها کاری دارتاشین و سەبەتەو سەوەو مسکاری و چەندین پیشەی تر.

بـــۆ ســـاخکردنەوەی بەرهەمـــە میللییـــەکان واباشـــترە بەڕێوەبەرایەتییەکـە ئـەرکی کڕینـەوەی بەرهەمـەکان بگرێتـە ئەسـتوو هەروەها فرۆشگای کەلـوپەلی میللـیش لەزۆربەی شـوێنە گەشـتیارییە دیارەکانی کوردستان بکاتەوە کە تیایدا بەرهەمەکان نمـایش دەکـرێن و راســتەوخۆ دەفرۆشــرێن، دەکرێــت ئــەم فرۆشــگایانە لــەناو

مۆزەخانــەکانی کــەلتوری بــن یــاخود لــەکۆتایی نمایشــخانەکاندا شوێنێکیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

لەهەنـدێک کـات و بـاردا بەڕێوەبەرایەتییەکـە لـەرێی (بـانکی بوژانەوەی گەشتیاری)ةوە قـەرزی بچـووک بـۆ پیشـەوەرە میلییـەکان وەردەگرێت بۆ رێکخستنی کارگە بچووک و شوێنکاریان.

هاندانی ئەم بوارانە سوود و قازانجی زۆرە لەوانەش:

- زیندووکردنــەوەی بەشــێکی گرنگــی کــەلتوری نەتەوەکەمانــە لەفەوتان و لەبیرچوونەوە.
- دۆزینەوەی هەلی کاری ئازادە بۆ هاوڵاتیان بەمەش فشـار لەسـەر حکومەت کەم دەکاتەوە لەداواکاری دامەزراندن.
- بەرزکردنــەوەی ئاســتی داهــاتی تاکــە کەســی و لــەو رێیەشــەوە داهاتی گشتی بەرزدەبێتەوە.
- ناســاندنی گــەلان و نەتــەوەکانی تــر بــە بەرهەمــە کــەلتووری و میلییەکانی کوردستان.

## سازکردنی فێستیڤاڵە گەشتیارییەکان

لەکوردســتاندا هــەر شــار و گونــد و دەڤــەرو ناوچەیــەک تایبەتمەندییێکی هەیە کەبەهۆیەوە ناسراوە، ئێمـە تـاکو ئێسـتا وەکـو ولاتانی دەورووپشتمان (ئێران، تورکیا، سوریا، لوبنـان) نـەمانتوانیوە

لەرووی گەشتیارییەوە سوود لەو ناوبانگ و تایبەتمەندیانەی ئەو شار و دەڤەرانە وەرگرین.

پێشنیار دەکەم کـە دەسـتەی گەشـتوگوزار بەهاوبەشـی لەگـەڵ شارەوانییە خۆجێیەکان و فەرمانگەکانی وەزارەتی رۆشـنبیری و لاون و تیپـــە میللییـــەکان و ناوەنـــدەکانی لاوان، هـــەوڵی ســـازکردنی فێســـتیڤاڵی گەشـــتیاری لەشـــار و ناوچەگەشـــتیارییەکاندا بـــدەن بـــۆ نمونە:

- فێستیڤاڵی وەرزی ترێ لە دۆڵی خۆشناوەتی کەتیایـدا بازاڕێـک بێت بۆ ماوەی رۆژێک یان زیاتر تیایدا باشترین جـۆری تـرێ و مێوژ و خۆشـاو و سـرکەی تـرێ بخرێتـەروو، فرۆتنـی باشـترین جۆری ترێ کە تیایدا، جـگە لەوەش دەکرێـت چەنـدین چـالاکی رۆشـنبیری و کەلتـوری وەکـو شـایی و هەڵپـەڕکێ و ئاهـەنگی بەندبێژ ودەنگبێژەکان لەپەراوێزدا پێشکەش بکرێت.
- فێسیڤاڵی شانۆی سەرشەقام لەسلێمانی یان یـان کـەلار یـاخود رانیـە پێشـکەش بکرێت کە تیایـدا لـەم رۆژەو رۆژانـی داهـاتوو دەیـــان تیـــپ و گـــروپ راســـتەوخۆ لە بـــازاڕو لەشـــوێنە گەشتیارییەکان شانۆکانیان نمایش بکەن.
- فێستیڤاڵی شالوشەپک لەگەلی زەنتەی نزیک ئـاکرێ کە تیایـدا جگە لەنمایشی هەموو جۆرەکانی شالوشـەپک و بەبـازاڕکردنی، چەنـــدین چـــالاکی رۆشـــنبیری و کەلتـــووری وەکـــو شـــایی و

هەڵپــەڕکێ و ئاهــەنگی بەنــدبێژ ودەنگبێژەکــان لەپــەراوێزدا پێشکەش بکرێت.

- فێستڤاڵی حەیران لەشەقلاوە، کەتیایدا لـەرۆژێک یـان زیـاتر و لەشوێنێکی گشتیدا شانۆ و ستێجێک دابنرێت کە لەوێوە گشت حــەیرانبێژەکان ناوچەکــەو دەڤــەرەکانی تــریش راســتەوخۆ لەهەوای سروشتیدا حەیرانەکانیان پێشکەش بکەن.
- فێستڤاڵی رۆژی کفتە لەسـەیرانگای جنـدیانی نزیـک روانـدز کە تیایـدا خیزانەکــانی روانــدز و دەوروبــەری هەریەکەو مەنــجەڵە کــفەتەی خــۆی ئامــادە دەکــات و پێشــبڕکێ دەکەن لەســەر باشترین کابـان، لەکۆتـایی نمایشەکەشـدا کفتەکـان بە خـۆڕایی بێـت یـاخود بە پـارەیەکی رەمـزی بەسـەر گەشـتیاراندا دابەش دەکرێــت، دەکرێــت هەنــدێک چــالاکی کــەلتوری و هونــەری لەپەراوێزدا هەبن.
- فێستڤاڵی سێو لە دۆڵی روستێ کەبە سـێو بەناوبانگـە  تیایـدا جوتیاران باشترین بەرهەمیان لەناو سەبەتەدا پێشکەس دەکەن و باشترین سـێو و بـاخ دیاردەکرێـت، پاشـان بـازاڕکردنی سـێو راستەوخۆ دەسـتپێدەکاتدەکرێت، دەکرێـت چـالاکی کـەلتوری و هونەیش لەپەراوێزدا سازبکرێن.
- فێسـتیڤاڵی ئەسپسـواری لەهەولێـر، لەئێسـتادا ئـەم فێسـتیڤاڵە هەیە بەڵام زۆر فراوان و میللی نییە دەکرێت بەمیللی بکرێـت و

تەنانەت دەکرێت گرەو و (لۆتۆ)ش لەسەر براوەی ئەسپەکانیش بکرێت.

- فێسـتیڤاڵی ماسـتی هەولێـر، ئـەم فێسـتیڤاڵە واباشـترە لـە ناوەندی بەهاردا لە یەکێک لە پارکە مەزنەکانی شاری هەولێردا سازبکرێت لەپەراوێزیشـدا وا جـوانترە نمایشـێک سـازبکرێت بـۆ جـوانترین و پـاکترین مـەڕ، نمایشـەکە هـەم پێشـبڕکییە بـۆ خۆشـترین ماسـت هـەم دواتـر بـازاڕێکی راستەوخۆشـە بـۆ فرۆشتنی ماست و ماستاو بەهەموو جـۆرە خۆشـکراوەکانییەوە، دەکرێت ئاهەنگیکی شایی و گۆڤەند لەپەراوێزدا هەبێت.
- فێستیڤاڵی خوانی میللی لەشاری سلێمانیدا سازبکرێت کە لەناو پارکێکدا گشت ئـەو خواردنـە میلییانـەی کـە لەئێسـتا لێنانیـان کـەمتر بۆتـەوە یـان هـەر نـەماون، زیندووبکرێنـەوەو لـەوێ پێشـکەش بکـرێن، دەتوانرێـت لـەم نمایشـەدا خانـەوادەکان و ریستۆرانتەکانی شار بەشـدار بـن و دواتـریش خواردنـەکان یـان بەخۆڕایی وەکو برێکی کەم پێشکەش بە میوانان بکرێن یاخود بەپارەیەکی کەم بفرۆشرێن، لەپەراوێزیشدا دەتوانرێت کۆمەڵێک چالاکی کەلتوری وەکو شایی و سترانی کەلتوری سازبکرێن یان پیشـانگایەک بـۆ فۆتۆگرافـە کۆنـەکانی شـاری سـلێمانی و دەڤەرەکانی تر رێکبخرێت .
- فێسـتیڤاڵی هـەنجیر لـە بجیـل، باشـترین هـەنجیـر لـە (بجیل)ی نزیک قەزای ئاکرێییە، بۆیە بوونی فێستیڤاڵێک بـۆ نمایشـکردن

و دیاریکردنی باشترین بەرهەم و باشترین باخ کارێک باش و جوان دەبێت، دواتر راستەوخۆ بەرهەمەکان دەفرۆشرێن کەلەنێو کالاکانیشدا مورەبا هەنجیر و لەتکە هەنجیریش هەبێت، لەپەراوێزیشدا دەتوانرێت نمایشی کەلتوری لە ستران و گۆڤەند هەبێت.

- فێستیڤاڵی کلاش و شاڵ لە شارۆچکەی بیارە، تیایدا نمایشی کلاشی خۆماڵی و شاڵ بکرێت و کێبڕکێ بکرێت لەسەر باشترینیان، دواتر گشت بەرهەمەکان بخرێنە بەردەم کڕیاران، دەتوانرێت لەهەمان رۆژدا چالاکی شایی و هەڵپەرکێ و چڕینی هۆرەی هەورامی سازبکرێت.

ئەوەی سەرەوە نمونەن و مشتێکن لەخەرواری دەوڵەمەندی کوردستان و دەتوانین لەهەموو ناوچەکان ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە سازبکرێت.

## راهێنانی کارمەندانی شوێنە گەشتیارییەکان

ئەگەر هەر هەمووی نەبێت دەتوانین بڵێین لە ٩٩% کارمەند و کرێکاری شوێنە گەشتیارییەکان لەرووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاریی ئەکادیمی نەزان و هەژارن، تەنانەت خوێندەواری و زانینیشیان دیاریکراوە، جارێ زۆر بەکەمی تیایاندا هەیە کە تۆزێک زمانی ئینگلیزی بزانێت، تەنانەت لەنەوەی ئێستادا

زمـانی عـەرەبیش نـازانن یـاخود بـەخراپی قسـەی پێدەکـەن ئـەوە لەکاتێکدا کە نیوەی گەشتیاران عەرەبن.

دەستەی گەشتوگوزار پێویستە خاوەن شوێنە گەشـتیارییەکان ناچـار بکـات کارمەنـدانیان بەشـداری بـن لەخولـەکانی راهێنـان و ئامادەکردنی کارمەندانی گەشتیاری، پێویستە خولـەکانیش نزیـک بـە شـوێنەکانیان بێـت کـە تیایـدا ئەتـەکێتی پێشکەشـکردن و دانـان و هەڵگرتنـەوەی خـواردن و خواردنـەوە فێربکـرێن، هـەروەها شـێوازی قســەکردن و وەڵامدانــەوەی گەشــتیارن و پاکوخــاوێنی کەســی و راگرتنی پاکی شوێنەکانیش تەوەرێکی تری گرنگی خولەکانن.

خولەکان لەرێی دەستەوە رێک دەخرێن و سوود لەو کارمەنـد و ئەکادیمیانە وەردەگیرێت کە هەڵگری بڕوانامـەی گەشـتیارین، نیـوەی تێچووی خولەکانیش لەئەسـتووی دەسـتە دەبێـت، نیوەکـەی تریشـی لەئەستوی خاوەن شـوێنە گەشـتیارییەکە دەبێـت، دەکرێـت کەسـانی ئاسایی کە لەشوێنەکاندا کارناکەن بەشداری خولەکـە بـن بەمـەرجێک نیوەی تێچووی خولەکە لەئەستووی خۆیان دابێت.

خولـەکان بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک دەبێـت کـە تیایـدا رۆژانـە ٥ کاتژمێر وانە تیۆرییەکان بە زارەکی و بە بەکارهێنانی هۆکانی مـەلتی میــدیاوە پێشــکەش دەکــرێن، لــەدوو رۆژی کۆتایشــدا بــەکردەکی (پراکتیکی) کەسی بەشداربوو فێردەکرێت، لـەم خولانـەدا بڕوانامـەی

بەشـــداربوون نابەخشـــرێتە ئەوانـــەی کـــە بـــەرێژەی خـــوار ٧٥%
زانیارییەکان فێربوون.

بڕوانامەکان دەبێتـە بنەمایـەک بـۆ ئەوانـەی کـە بـەدوای هـەلی کاری گەشتیاریدا دەگەڕێن واتە ئەوانە ئەم خولانە دەبینن زووتر کـار دەدۆزنەوە چونکە هەم شارەزان هەم خاوەنی کارەکە پێویست ناکات پارەی زیاتر خەرج بکات لە خولی راهێنانیان.

بـــەڵام بـــۆ خولـــە پێشـــکەوتووەکانی بەڕێوەبـــەردنی هۆتێـــل و ریبیســـتۆرانتەکان پێویســـتە لەهـــەولێر یـــان ســـلێمانی و دهـــۆک و هەڵەبجەدا بکرێت و ماوەکەشی بۆ ١٠ رۆژ درێژبکرێتەوە.

## رێکخستنی گەشت بۆ خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان

زۆرێـــک لـــەخاوەن شـــوێنە گەشـــیارییەکان جگـــە لەشـــوێنە خۆجێییەکان هـیچ شـوێنی تـری گەشـیاری وڵاتانیـان نـەبینیوە بۆیـە ئاسـانترین و نزیکتـرین شـوێن ولاتـی تورکیـا و ئێرانـە کـە پێویسـتە لەرێی دەستەوە ئەم گەشـتانە رێـک بخـرێن و بـەرێژەی کـەم دەسـتە بەشـداربێت لـــەتێچوەکانی و رێـــژە زۆرەکـــەی خـــەرجی گەشـــتەکە لەئەستووی خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان بێت، لەم گەشـتانە لـەرێی دەسـتەوە رێبـەری گەشـتیاری رێکـدەخرێت و ئەنـدامانی شـاندەکە راسـتەوخۆ لـەرێی بینـین و قسـەکردن لەگـەڵ بەڕێوەبـەرانی شـوێنە گەشـیارییەکان زانیـاری تـەواو لەسـەر کـار و چونیـەتی بـەڕیوەبردنی شوێنە گەشتیارییەکان وەردەگرن، بەمەش زانین و بینین و دیـدگایان

دەوڵەمەندتر دەبێت، هەروەها دوور نییە لەم گەشتانەدا ریککەوتن و گرێبەست بۆ کاری هاوبەش لەنێوان خاوەن شوێنە گەشتیارییەکانی خۆمان و ئەو ولاَتانە دروست بێت بەمەبەستی هاتن بۆ کوردستان و وەبەرهێنان تیایدا.

## هاندانی گەشتەکانی شاخەوانی

جێگای خۆشحاڵیە کە نزیکە ١٠ ساڵێکە لەکوردستاندا وەرزشی شاخەوانی زۆر پەرەی سەندووە کە چەندین گروپی شاخەوانی لەکوردستاندا دروستبوون و هەندێکیان زۆر پرۆفیشناڵن لە کار و گەشتەکانیان.

واباشترە دەستەی گەشتوگوزار بۆ هاندانی ئەم جۆرە وەرزشە کە شێوازو خەسڵەتێکی گەشتیاری پێوە دیارە بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان چەند رێکارێک بگرێتە بەر لەوانەش:

- راهێنانی ئەندامی گروپەکان بەشێوازێکی زانستی و بەکەلوپەلی تایبەتی شاخەوانی کە بەجۆرێک سەرکەوتن و هەڵگەڕانیان بەشاخەکان تەندروست و دوور بێت لەگرفتە نەخوازراوەکان.
- بەستنەوەی فیدراسۆنەکەیان بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و هەروەها بە دەستەی گەشتوگوزاریش.
- پێشکەشکردنی هاوکاری دیاریکراو بۆ گروپەکان بەمەبەستی کەلوپەلی شاخەوانی و مانەوە لەبەرزاییەکان.

- ئامادەکردنی رێبەری چاپکراو و ئەلیکترۆنیش کە زانیاری تەواوی لەسـەر جوگرافیـا و تۆپۆگرافیـای شـاخەکان، هـەروەها لەسـەر وردەکاری شوێنی کـانی و ئـەو شـوێنانەش کـە مەترسـی بـوونی مین و تەقەمەنی تێدایە.
- کـڕین و دابینکردنـی دەیـان ئـامێری پەیوەنـدیکردنی بێتـەل و بەخشـینی بـە فیدراسـیۆنی شـاخەوانی کوردسـتان کـە لـەرێی ئەوانـەوە لەشـێوەی خواسـتن بـدرێت بـە شـاخەوانان، هـەروەها دەیـان خیـوەت و کەلوپـەلی تـریش بەهـەمان شـێوە بکرِدرێـت و بەخواستن بدرێتە گروپ و شاخەوانەکانیان.

## هاندانی گەشتی ئاسمانی لەڕێی باڵۆن

بینینی سرۆشتی جوانی کوردستان لەئاسـمانەوە، رەنگـە ئـەوە خـەون و حـەزێکی هـەموو گەشـتیارێکی نـاوخۆیی بێـت ئینجـا ئـەو گەشتیارانەش کە لەدەرەوەی کوردستان دێن.

لەدامەزراندنی ئەم جـۆرە گەشـتیارییە نوێیـە بـۆ سـەرکەوتن و سەلامەتی پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

- کارەکـە لـەڕێی کۆمپانیایـەکی بـاوەڕپێکراوی بـەهێزەوە بێـت ئەنجامبدرێت.

- بـۆ دڵنیـایی گەشـتیاران پێویسـتە باشـترین جـۆری بـاڵۆن و سەلامەتترینیان تیایدا بخرێتە کار.
- پێویستە رێڕەوی باڵۆنەکان دیار بکرێت و دوور بێت لەسنووری باکوور و رۆژهەڵات.
- پێویستە هۆشیاری زیاتر بدرێت بە خەڵکی ئەو دەڤەرانـەی کـە باڵۆنە گەشتیارییەکان بەسەر ئاسمانیدا تێدەپەڕن.
- لەسـەر ئـەرزدا پێویسـتە بـەدرێژایی هێڵـی فڕینـی باڵۆنـە گەشتیارییەکەدا چەند چاودێرێکی کۆمپانیاکە هەبێت.

# دامەزراندنی
# وەزارەتی کوردستانیانی تاراوگە

کوردستانیان لە ٦٠ ساڵی رابردوودا بەهۆکاری سیاسـی یاخود ئـابووری کۆچپـانکردووە بـۆ وڵاتـانی ئـەوروپا و ئـەمریکای بـاکوور و ئاسـیا، تـاکو ئێسـتاش ژمـارەی دروسـتی کـوردانی تاراوگـە لـەلای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە بـەڵام بـە زیـاتر لـە دوو سـەد و پەنجا هەزار کـەس دەخـەملێنرێن، ئەگـەر کوردسـتانیانی پارچـەکانی تـری کوردسـتانی بخەینـە سـەر ئـەوا نزیـک دەبێتـەوە لـە زیـاتر لـە ملیۆنێک کوردستانی تاراوگە.

دوای تێپەڕبوونی ٢٧ ساڵ بەسەر تەمـەنی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان تـاکو ئێسـتاش هـیچ جـۆرە پرۆژەیـەکی گونجـاو بـۆ گرتنـەخۆی کوردسـتانیانی تاراوگـە نییـە بەتایبـەتیش ئـەو چارەگـە ملیۆنەی کە جگە لەهـەڵگری رەگەزنامـە تازەکانیـان، کوردسـتانین و هەڵگری رەگەزنامەی عراقیشن.

کوردستانیانی باشوور کۆچکردنیان بەپێی کات بەمجۆرە پۆلین دەکرێت:

نەوەی یەکەم: ئەوانەن کە لەناوەندی شەستەکان تاکو ناوەندی حەفتاکانی سەددەی رابردوودا روویـان لـە تاراوگـە کـرد بـۆ خوێنـدن

لەرێی هاوکاری و دابینکردنی کورسی خوێندن لەلایەن شۆرشی کوردستان و زەمالەکانی حکومەتی عراق (دوای رێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠) و هەروەها ئەو کورسیانەی خوێندن کە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ولاَتانی بلۆکی سۆسیالیستی بۆ حزبی شیوعی عراق دەستەبەردەکران کە بێگومان بەشێکی زۆر چالاک لەم حزبە کورد بوون و ئەندام بوون لە (هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی) کە لقی کوردستان بوو لەحزبی شیوعی عراق و دواتر لەنەوەتەکان جیابوونەوەو بوون بە حزبی شیوعی کوردستان.

نەوەی دووەم: ئەوانەن کە لەهەشتاکانی سەددەی رابردوودا روویان لە ناوچە ئازادکراوەکان کرد و لەوێشەوە لەرێی ئێران و پاکستان بە پاسپۆرتی ساختەوە رووەو ئەوروپا کۆچیان کرد.

نەوەی سێیەم: لەدوای راپەڕین و کۆچ رەوی ساڵی ١٩٩١ بەهۆی رێگا جیاجیاکانەوە لەدیوی ئێران و تورکیا و سوریاوە لەکەمپی ئاوارەکانەوە بگرە کە لەرێگای فەرمیەوە داوای پەنابەریان لەولاتان دەکرد، تا دەگاتە رێگا قاچاخەکانی سەخت و دژواری خاکی و دەریایی کە لەم رێگایەدا زۆریان بوونە قوربانی خنکان و فەوتان.

نەوەی چوارەم: نەوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پرۆسەی رزگارکردنی عراق کوردستانیان بەرێژەیەکی بەرچاو بەرەو هەندەران رۆیشتوون چ بە فەرمی بێت بۆ خوێندن و کارکردن و بازرگانی و

نیشتەجێبوون، یاخود بـە نافـەرمی و ڕێگاکـانی قاچـاخ ڕۆیشـتوون و داوای پەنابەری مانەوەیان کردووە.

**دامەزراندنی وەزارەتی کوردستانیانی تاراوگە:**

بۆ کاراکردنەوەی ڕۆڵی کوردستانیانی تاراوگەو بەستنەوەیان بە کوردستان، واباشترە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی نـوێ دابمەزرێنێت بەناوی (وەزارەتی کوردستانیانی تاراوگە) کە لـەبوونیاد و ئەرکەکانیـدا زۆر جیـاوازە لەگــەڵ فەرمانگــەی پەیوەندییــەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەم وەزارەتە کۆمەڵێک ئەرکی لەئەستودا بێت لەوانەش:-

- ئامـادەکردنی ئامـارێکی گشـتی بـۆ ئـەو کوردانـەی باشـووری کوردستان کە لەتاراوگەدا دەژین، لەئامارەکـەدا جگـە لـە نـاو و ناونیشـانیان، کۆمـەڵێک زانیـاری ورد هـەبێت لەسـەر شـوێن و تەمــەن و پسـپۆڕی و شــارەزاییان و زۆر زانیــاری تــر بــەخۆ دوورگرتن لەهەندێک زانیاری کە تایبەتمەندی تاکەکەسین.
- پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆ وەرگرتنـی ڕەگەزنامـەی عراقـی بـۆ ئەو نەوەیەی کەلە تاراوگەدا لـەدایکبوون، هـەروەها بـۆ ئەوانـەش کە هاوسەری کەسانی کوردن چ پیاو بن یان ژن.
- کارئاسـانی بـۆ ڕاسـتکردنەوەو گونجانـدنی نـاو و تەمـەنی ئـەو کوردستانیانەی کە بەناوی جیاواز لەو وڵاتانەدا مافی پەنابەری و ڕەگەزنامەیان وەرگرتووە.

- هاندان و کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەرانی کوردستانیانی تاراوگـە بـۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان لەکوردستان.
- هەوڵدان بـۆ سـوود وەرگـرتن لـەتوانا ئـەکادیمی و زانسـتییەکانی کوردانی تاراوگە بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی هەمیشـەیی یـان پچـڕ پچڕ و ڕێژەیی سوودیان لێ ببینرێت.
- دانانی نوسـینگەی وەزارەت لـەو وڵات و شـارانەی کـە ڕێژەیـەکی بـەرچاوی کـوردی تێدایـە، ئەرکـەکانی وەزارەتەکـە لەلایـەن ئـەم نوسینگانە رایی دەکرێن.
- دامەزرانـدنی بـانکێکی نیشـتمانی بـەناوی (بـانکی تاراوگـە) کـە تایبەت بێت بە ڕێکخستنی کـارە بانکییـەکانی کـوردانی تاراوگـەو بانکەکە هاوچەرخانە کاری بانکی رایی بکـات و ببەسـترێتەوە بـە بانکە نێودەوڵەتییەکان.
- هەوڵدان بۆ دروستکردن و بونیادنانی لۆبیەکی بەهێز لە کـوردانی تاراوگـەو ئاراسـتەکردن و رەخسـاندنی تواناکانیـان بـۆ خزمـەتی پرسە چارەنوسساز و مەزنەکانی کوردستان.

# کاراکردنی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ رۆشنکردنەوەی کۆمەڵگە

## پێشخستنی بواری شۆڕشی چاپ و بڵاوکردنەوەدا

### سیستمی پشتگیری چاپکردن:

بـۆ هاوکـاریکردنی چـاپکردنی کتێـب، پێشـنیاردەکەم وەزارەتـی رۆشنبیری و لاوان بەمشێویەو بەم مەرجانە هاوکار بێت:

- هاوکاریکردنەکـە لـەچوارچێوەی زیـاتر گرنگیدانـە بـە بوارەکـانی (منـدالان، زمـان و کـەلتووری کـوردی و کوردناسـی، مێـژووی کوردسـتان، دەقـی ئـەدەبی کـوردی، توێژینـەوەی کۆمەڵایـەتی، ئابووری، سیاسی).
- بۆ هەر کتێبێـک بـەتیراژی ٦٠٠ دانـە بـەرێژەی ٣٥%ی کاغـەزی ٨٠گـرام بـۆ ناوەرۆکەکـە و کـارتۆنی ئـارتی ٢٥٠ گـرامیش بـۆ بەرگەکـەی بـەخۆڕایی لەلایـەن وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوانـەوە دابین دەکرێت (بڕی هاوکارییەکـە وەکـو دراو پێشـتر رادەسـتی نووسەرەکە دەکرێت).
- ١٠٠ دانـە لـە کتێبەکـە دەکڕدرێتـەوە بـۆ دابەشـکردنی بەسـەر کتێبخانە گشتییەکان.

- دابینکردنی هۆڵی بچووکی سەر بە وەزارەت و فەرمانگەکانی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بۆ رێوشوێنی واژۆکردنی کتێبەکە.
- ئەگەر لەلایەن لیژنەی تایبەتی پیشانگا نێودەوڵەتییەکانەوە پەسندکرا ئەوا کتێبەکە لەپیشانگای نیودەوڵەتی هەولێر و فرانکفۆرت و ئەوانی تریشەوە نمایش دەکرێت.
- دوای تێپەڕبوونی ساڵێک ئەگەر کۆی کتێبەکان لەبازاڕدا فرۆشرابوون ئەوا بۆ چاپکردنەوەی چاپی دووەمی کتێبەکە بەهەمان شێوە وەزارەت هاوکار دەبێت بەڵام تەنها بەهەمان رێژەی دابینکردنی کاغەز و کارتۆن.
- پێویستە بەروونی لەبەرگی دواوەی کتێبەکە بنوسرێت: لەچوارچێوەی هاوکاری (سیستمی پشتگیری چاپکردن) بەچاپ گەیەنراوە.
- نرخ و بەهای کتێبەکان پێویستە گونجاو بێت.
- لەباری چاپنەکردنی کتێبەکە پێویستە بڕی پارەی بەخشراو بگەڕیندرێتەوە وەزارەت.

## سیستمی هاندانی وەرگێڕان لەکوردییەوە بۆ زمانە زیندووەکان:

تاکو ئێستاش لەجیهاندا کورد تەنها پێناسەیەکی سادەو ساکارە و گەلان کەمتر دەربارەی ژیان و کەلتوور و مێژوو و جوگرافیا و سیاسەت و ئابووری کوردستان دەزانن بۆیە پێویستە وەزارەتی

ڕۆشنبیری و لاوان شۆڕشێکی فـراوان بـۆ وەرگێـڕان لەکوردییـەوە بـۆ زمانەکانی تر دەستپێبکات.

پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە مەبەستی هاندانی وەرگێڕان لەزمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر بۆ هەر کتێبێکی وەرگێڕدراو ئەم خزمەتانە پێشکەش بکات:

- هەر کتێبێکی تیراژ ١٠٠٠ دانـەیی، بـەڕێژەی ٤٥%ی کاغەزەکـەی بۆ دابیندەکرێت.
- ١٥٠ دانــە لەکتێبەکــە دەکڕدرێتــەوە دابەشــی ســەر کتێبخانــە گشــتییەکان و ناوەنــدە ئەکادیمییــەکانی کوردســتان و کونسوڵخانەکان دەکرێت.
- دابینکردنی هۆڵە بچووکـەکانی سـەر بـەوەزارەت و فەرمانگـەکانی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بۆ ڕێوشوێنی واژۆکردنی کتێبەکە.
- ئەگـەر لەلایـەن لیژنـەی تایبـەتی پیشـانگا نێودەوڵەتییەکانـەوە پەسـندکرا ئـەوا ٣٠٠ دانــە لەکتێبەکــە دەکڕدرێتــەوەو لــەڕێی پیشــانگا نێودەوڵەتییەکانــدا نمــایش دەکرێــت و بــەهۆی نوســینگەکانی حکومــەتی هــەرێم لەوڵاتانــدا وەکــو دیــاری دەبەخشـرێتە کتێبخانـە گشـتییەکان و ناوەنـدە ئەکادیمییـەکان بەتایبــەتیش ئــەو زانکۆیانــەی کــە بەشــی توێژینــەوە ڕۆژهەڵاتییەکانیان تیادا هەیە.

- لەبەرامبەر وەرگێڕانی بابەتی کوردی بۆ زمانی بیانی، وەرگێڕەکە بەبڕێکی پارەی گونجاو پاداشت دەکرێت کە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە دیاردەکرێت.
- پێویستە بەروونی لەبەرگی دواوەی کتێبەکە بنوسرێت: لەچوارچێوەی هاوکاری (سیستمی هاندانی وەرگێڕان) بەچاپ گەیەنراوە.
- نرخ و بەهای کتێبەکان پێویستە گونجاو بێت.
- لەباری چاپنەکردنی کتێبە وەرگێڕدراوەکە پێویستە بڕی پارەی بەخشراو بگەڕێندرێتەوە وەزارەت.

## ڕێکخستنی کاروباری چاپخانەکانی وەزارەتی رۆشنبیری:

وەزارەتی رۆشنبیری خاوەن دوو چاپخانەیە لەهەولێر و دهۆک، چاپخانەی رۆشنبیری لەهەولێر ئەگەرچی ئامێرەکانی کۆنە بەڵام فراوان و گەورەیە و لەرووی بەرهەمهێنانیشەوە بەتوانایە.

ئەم چاپخانانە پێویستی بە گۆڕانکارییەک هەیە لەرووی کارگێڕی و بەرهەمهێنان و پێشخستنی ئامێرەکان، پێشنیار دەکەم بەم دوو شێوازە پێشبخرێت:

١- ئەگەر لەسەر کەرتی گشتیدا بمێنێتەوە:

- دانانی سیسستمێکی نوێ بۆ وەگەڕخستنەوەی کە تیایدا گرنگی بە ئاست بەرزی چاپ و پیشەسازی کتێب بدرێت و بەپێی ئەم پەیڕەوە

نوێیە مافی کرێکار و تەکنیککاران و کارمەندانیش بپارێزرێت، هەر کارمەندێکیش رازی نەبوو بەم سیستمە دەتوانێت خۆی بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە، لەشوێنیدا کرێکاری گرێبەست یان کرێکاری کۆنتراکت کارەکان رایی بکەن.

- لەرابردوودا لەم چاپخانانەدا بەتایبەتی لەهەولێر کاری زۆر نەشیاو رووی دەدا کە زۆرێک لەکرێکاران و کارمەندان تیایدا بەشدار و هاوبشکبوون! بۆیە پێویستە کار بۆ نەهێشتن و روونەدان و دووبارە نەبوونەوەی ئەم رواڵەتە نەرێنیانە بکرێت.

- بۆ نووژەنکردنەوەی ئامێرەکانی چاپخانەی رۆشنبیری لەهەولێر، پێشنیار دەکەم زەویەکی نوێ بەرووبەرێکی فراوانتر لەکەناری شار بۆ چاپخانەکە تەرخانبکرێت، زەوی و باڵەخانەو هۆڵ و کۆگاکانی ئێستای چاپخانەکە بە مەزادی ئاشکری بفرۆشرێتەوە کە لەباشترین شوێنی هەولێرەو بەپارەی فرۆشتنەکە دەکرێت لەزەویە تەرخانکراوە تازەکەدا باڵەخانە و هۆڵی چاپ و کۆگای گونجاو بونیادبنرێت و بەشێکیش لەپارەکە بۆ کڕین ئامێری نوێ و نوژەنکردنەوەی ئامێرە کۆنەکان بەکاربهێنرێت.

٢- ئەگەر بەهاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەتیدا بێت:

گۆڕینی چاپخانەکانی وەزارەت بۆ دامەزراوەیەکی هاوبەش لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بەمەرجێک پشکی حکومەت زیاتر بێت لەپشکی کەرتی تایبەت، لەم سیستمەدا پێویستە حکومەت و

وەزارەت لەکارگێڕی چاپخانەکان بکشێتەوە تەنها وەکو چاودێر وابێت لەسەر چۆنییەتی بەرهەم و کارەکان، هەروەها خاوەنی داهاتی خـۆی بێت بەگوێرەی پشکدارییەکەی.

بەمکارەش حکومەت و وەزارەت، چاپخانەکە رزگار دەکات لـەرۆتین و خراپـی کـارگێڕی و ئاسـتنزمی بەرهــەم چونکـە کـەرتی تایبــەت و کۆمپانیاکان پـەیڕەوی چـەمکی قـازانج و زیـان دەکـەن و دوورن لـەو سیسـتمە سـاوەی حکومــەت کـە لەوەبــەرهێنانی توانـای مرۆیـی پەیڕەوی دەکات.

**بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و پیشەسازی کتێب:**

لەکوردسـتاندا کـەمتر بایەخـدراوە بـە لایـەنی ئاسـتبەرزی هونـەری و پیشەسازی کتێب، ئەوەش لەچاپخانەیەکەوە بـۆ یـەکێکیتر جیـاوازە، هەروەها لەنوسەرێکەوە بۆ یەکێکیتریشەوە دەگۆڕێت، بۆیـە پێویسـتە وەزارەت پێوەرێک بۆ چاپخانە حکومی و ئەهلییەکان دابنێـت بـەپێی ئەم پێوەرانە پێویسـتە ئاسـتی چاپکراوەکـان بـەرزبێت هـەم لـەرووی هونەری و نەخشەسازی هەم لەرووی چاپکردن و کۆکردنەوەو بـڕین و کتێبدروستکردندا.

وەزارەتی رۆشنبیری پێویستە خوولی راهێنان بۆ چاپکاران بکاتـەوەو ئاستی پیشەییان بەرزبکاتەوەو بڕوانامـەی کارکردنیـان پێببەخشـێت، هەر کرێکارێکیش بەشدار نەبووبێت لەم خولانە ئەوا بۆی نییـە کـاری چاپکردن یان ئامادەکاری پێش چاپ و دوای چاپ بکات.

ئەرک و تێچووی ئەم خولانـەش نیـوەی لەسـەر وەزارەتـەو نیوەکـەی تری لەسەر کەرتی تایبەت و چاپخانە ئەهلییەکانە.

## هاندانی چاپی خۆماڵی:

لــەرابردوودا زۆربـــەی کتێبـــەکانی پرۆگرامـــی خوێنـــدنی نیشـــتمانی لـەدەرەوەی وڵات بەپارەیـەکی زۆر چاپـدەکران بەتایبـەتیش زۆربـەی جـار لەچاپخانـەکانی وڵاتـی لوبنانـەوە چاپـدەکران، ئەفسـوس ئـەم پرسەش زۆر شتی نەشیاوی تیـادا روویـدا، ئـەوە جگـە لـەوەی بـووە هۆی لەدەستدانی هەلی قازانج و کارکردن بۆ چاپخانەکانی حکومی و ئـەهلی، بۆیـە پێویسـتە حکومـەت بەگشـتی چـاپکردنی کتێبـەکانی پرۆگرامـــی خوێنـــدن و چاپکراوەکـــانی بانگەشـــەی هـــەڵبژاردن لەچاپخانـــەکانی دەرەوەی هـــەرێمی کوردســـتان قەدەخـــەبکات (بەناوچـەکانی تـری عراقیشـەوە)، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پێویسـتە حکومەت باج و رسـوماتی زۆری بخاتـە سـەرچاپکردنی ئـەو کتێـب و گۆڤارو چاپکراوانەی بانگەشە کە لەدەرەوەی وڵاتدا چاپدەکرێن.

## پەیڕەوکردنی سیستمی ISBN بۆ کتێبی کوردستانی:

پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان جگـە لەشـێوازە کلاسیکەکەی لەپێـدانی (ژمـارەی سـپاردنی کتێـب لـە کتێبخانـەی نیشـتمانی)، بـەزووترین کـات سیسـتمی International Standard Book Number- ISBN پەسـەند بکـات و بیکاتـە مـەرجێک بـۆ مۆڵـەتی چاپکردن، کە بەهۆیەوە کتێبی کوردستانی بەجیهانی دەبێت و زیـاتر

دەناسـرێت، (ISBN) وەکـو ناسـنامەیەکی نێودەوڵـەتی وایـە بـۆ کتێب و چاپکراو، کە لەڕێی بارکۆدێکی ١٣ ژمارەییەوە گشت زانیاری لەســەر کتێبەکــە و نووســەرەکەی دەگرێتــەخۆ، ئــەم سیســتمە نێودەوڵەتیــەش لەلایــەن ڕێکخــراوی (ISO) پشــتگیریکراوە کــە ڕێکخراوێکــی نێودەوڵەتییــەو تایبەتــە بــە دیــاریکردنی پێودانــگ وچۆنایەتی کاڵاکان.

## ئەرشیفی نیشتیمانیی کوردستان

ئەرشیفی نیشـتمانی بریتییـە لـەو دەسـتنوس و وێنـە و دەنـگ و ڕەنگ و دیکومێنت و نووسـراوی فـەرمی و پاشـماوە مێژوویانـەی کـە بەشێکبوون لەدیرۆک و بەسەرهاتی ئەو نیشتمانە و بۆتە بەشـیک لـە کەلتوور و مێژوو، کە پێویستە بپاریزرێت و ڕێزی لێبنرێـت. زۆر جـار ئەرشــیفی نیشــمانی بــە هــزر و یــادەوەری نەتــەوەو میللــەتان هەژماردەکرێت.

نەتــەوەی کــورد بــەدرێژایی مێــژووی دوور و نزیکیــدا هــەردەم دووچــاری جــەنگی نــەخوازراو و داگیرکــردن بۆتــەوە، زۆر جــاریش کوردستان مەیدانی جەنگی گەورەی بووە لەنێوان ئیمراتۆرەیەتـەکان، بۆیــە بــواری پاراســتنی ئەرشــیف و هــەبووە مێژووییــەکان کــەمتر لــەباربووە، تەنانــەت لــەمێژووی نــوێی کوردستانیشــدا بــەدەیان کتێبخانــەی تایبــەتی نووســەران و زانایــان ســووتان و بــە ســەدان

خانەقاو تەکیەو مزگـەوت وێرانکـران کـە لـە هەندێکیانـدا سـەرچاوەی زۆر گرنگی مێژوویی، ئاینی، وێژەیی، زمانەوانی، فقهـی ...هتـد تێـدا هـەبوون و لـەناوبردران بـەبێ ئـەوەی تەنانـەت یـەک کوپیشـی لـێ بمێنێت، هەمووومان سەرسام بوین بە بـەبوونی کتێبـی (مـەلیخا) کـە وەکـو باسـکراوە دەسـتووری بـەهێزترین ئیمـارەتی کوردسـتانی بـوو، بەداخەوە تەنها لەکتێبی میرنشینی سۆراندا روناکبیری گەورەی کورد حوسێن حوزنی موکریانی ئاماژەی پێدەدات و دەفورموێـت (مـەلیخا) دەستوری ئیمارەتی سۆران و نەخشە رێگای بوو، بـەڵام (مـەلیخا) و گشت ئەو ئەرشیفانە لەکوێن و چیان بەسەرداهات؟! بۆ دیار نـەمان؟ کەوتنە کوێ؟ ئەوانە هەمووی پرسـیارن بـۆ گشـت ئـەو دیکومینـت و هەبووە مێژوویانەی کە دیرۆکی خوێناوی و رۆژی گەش و رەشـەکانی نیشتمانمان بۆ دەگێرێتەوە، ئەفسوس، ئەگەر هەموویان نـەبێت ئـەوا زۆربەی هەرە زۆریان تووشی لەناوچوون و فەوتاون.

لەمێژووی هاوچەرخیشدا دوو ئەزموونی شکسـتخواردووی کـوردان هەیە یەکیان حوکمرانی مەلیک مەحمود و ئەویتریان کۆماری مهابـادە کــە تــاک و تــەرا لەلایــەن هاوڵاتیانــەوە هــەبووە دیکــۆمینتی و دەستنووســەکانی پــارێزراوە، تەنانــەت دۆکیۆمینتــەکانی شۆڕشــی ئــەیلول و شۆڕشــی (نــوێ-گــولان)یش بەشــێوەیــەکی بــاش دۆکیۆمینتەکانی نەپارێزراون.

لـەم سـۆنگەیەدا پێویسـتە حکومـەت و وەزارەتـی رۆشـنبیری بەئـەرکی خـۆی بزانـێ کـە هەڵمـەتێک دەسـتپێبکات بـۆ هـەنگاونان لەپێناو کۆکردنەوەو پاراستنی ئەرشیفی نیشـتمانی کوردسـتان، بۆیـە واباشترە دەسپێکی کارەکانی بـە سـازدانی کۆنفرانسـێکی تایبەتمەنـد رابگەیـەنێت تـاوەکو ببێتـە نەخشـە رێگایـەک بـۆ کارەکـانی ئاینـدە، بێگومـان کۆنفرانسـیش ئەگـەر ئامادەکـاری باشـی بـۆ بکرێـت ئـەوا چەنـدین دەسـکەوتی مـەزنی لـێ دەکەوێتـەوەو لـەرێی ئـەو بریـارو راسپاردەو لیژنانەی کە لە کۆنفرانسدا دەردەچن، نەخشە رێگایەک بۆ میکانیزمی کۆکردنەوەو پاراستنی دیاردەکرێت.

ئامانجەکانی کۆنفرانس

بەسەرکەوتنی کۆنفرانس چەندین ئامانجی دوور و نزیک دێتەدی، بـە کورتی لەم خاڵانەدا کۆیدەکەینەوە :

- وەکو هەر کۆنفرانسێک چەندین لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوەو وانـەبێژی لەسەر ئەرشیف و چۆنییەتی پاراستنی پێشکەش دەکرێت و گفتوگـۆ و گەنگەشەی لەسەر دەکرێ.

- ئامادەکردنی رەشنووسی (یاسای پاراسـتنی ئەرشـیفی نیشـتمانیی کوردسـتان) کـە لەهـەمان کاتیشـدا رەشنووسـی یاسـای دامـەزراوەی (ئەرشـیفی نیشـتمانیی کوردستان)یشـە بـۆ ئـەوەی لەپەرلـەمانی کوردسـتاندا دوای خوێندنـەوەو گفتوگـۆکردن دەنگدانی بـۆ بکرێـت و

ببێتـە کارنامـەو نەخشـە رێگایـەک بـۆ بەدامـەزراوەکردنی پاراسـتنی ئەرشیفی نیشتمانیی کوردستان.

- پێشنیارکردن و ئامادەکردنی پەیڕەو و بونیادی (دەزگای ئەرشیفی نیشتمانیی کوردستان) کـە پێویسـتە وەکـو راسـپاردەیەک ئاراسـتەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت.

- دەرکردنی کۆمەڵێک بریار و راسپاردە کـە چوارچیوەیـەکی یاسـایی وەربگریـت و ئاراسـتە بکرێـت بـۆ ئۆرگانـەکانی حکومـەت و لایـەنـە ناحکومییەکان (پارتـەکان، رێکخـراو و کۆمەڵـەکان، کۆمپانیاکـان) و رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان بـۆ پـەروەردەو زانسـت و کـەللتور (UNESCO) و ئەنجومـــەنی نیودەوڵـــەتی ئەرشـــیف (ICA) هـەروەها بـۆ گـەلی کوردسـتانیش لـە گشـت پارچـەکان و وڵاتـانی جیهاندا.

- دامەزارنـدنی بۆردێـک بەناونیشـانی (بـۆردی ئەرشـیفی نیشـتمانیی کوردسـتان) کـە دوای تـەواوبوونی کۆنفرانسـیش بـەردەوام دەبێـت لەبەدواداچوون بەجێهێنانی راسپاردەو بریارەکانی کۆنفرانس.

- نزیکبوونـەوەو ئاشـنابوون و لەیەکگەیشـتنی کەسـانی ئـەکادیمی تایبـەت بـە بـواری پاراسـتنی ئەرشـیفی نیشـتمانی و گۆرینـەوەی زانیارییەکان لەنێوانیاندا.

- داواکـردن لـەوەزارەتی خوێنـدنی بـالا بـۆ کردنـەوەی بەشـێکی تایبەتمەند بە زانستی پاراسـتن و پـۆلینکردنی ئەرشـیف لـە زانکـۆدا

یـاخود لـە پـەیمانگا تەکنیکیەکانـدا تـاوەکو شـارەزاو تایبەتمەنـدیی ئەکادیمی لەم بوارە وەبەربهێنرێت.

**تێبینی** ١: پێش کۆتایی کابینەی حەوتەم هەوڵێک بۆ هاتنـە کایـەی ئـەم دامەزراوەیـە درا کـە بەنـدە ئەنـدامی لیژنـەی ئامادەکـاری بـوو، لیژنەکەش بەسەرۆکایەتی وەزیری رۆشنبیری و لاوان د.کـاوە محمـود بوو، بەڵام لەبەر هۆکاری قەیرانی دارایـی و شـەڕی تیـرۆر و هۆکـاری تــر، لەکابینـــەی هەشـــتەمدا هـــیچ هـــەنگاوێک لەلایـــەن وەزارەتـــەوە لەمبارەیەوە نەهاوێشترا.

**تێبینی** ٢: لەکوردستاندا کۆمەڵێک دامەزراوەی نیمچە فەرمی و حزبی هـەن کـە هـەمان کـاری دامەزراوەکـە دەکـەن، دەکرێـت سـوود لـەو دامەزراوە ئەرشیفیانەش ببینرێت، لەوانەش بنکەی ژیـن، ئینسـتیوتی هونەری مۆزیک، ئەرشیفی حزبە کوردستانییەکان، هـەروەها هەنـدێک ئەرشـــیفی خانـــەقا و تەکیـــە و خوێنـــدنگا ئایینییـــە دێرینـــەکان و ئەرشیفی تاکە کەسی.

**تێبینـــی** ٣: واباشـــترە ئێمـــە لـــەناولێنانی دامەزراوەکـــە خۆمـــان لەدەســـتەواژەی (ئەرشـــیفی نەتـــەوەیی) بپـــارێزین و لـــەبری ئـــەوە دەستەواژەی (ئەرشـیفی نیشـتمانیی کوردسـتان) هـەڵبژێرین چونکـە نیشتمانی کوردسـتان جگـە لەنەتـەوەی کـورد چەنـدین نەتـەوەی تـر وەکـو بـرا لەگـەڵ نەتـــەوەی کـوردا دەژیـن و پاراســتنی ئەرشــیفی ئەوانیش ئەرکی دامەزراوەکە دەبێت.

## ڕێکخستنی سیستمی خەڵاتە نیشتمانییە ڕۆشنبیریی و وەرزشییەکان

لەسـاڵاننی رابـردوودا لەلایـەن حکومـەت و لـەدەرەوەی حکومـەتیش چەنـدین جـۆر خـەڵات و ڕێزلێنـان هـەبووە کـە لەراسـتیدا ڕێکخـراو نـەبووەو لەهـەڵبژاردنی کەسـاندا پشـت بـە پێـوەرێکی هاوچـەرخ و پێشکەوتوو نەبەستراوە، بۆیە زۆربـەی جـار ئـەو خـەڵات و ڕێزلێنانـە سەنگێکی مۆڕاڵی گەورەی نەدەبوو، ئەوە جگە لەسەنگە داراییەکـەی کە زۆر جار بڕێکی کەمی پارە بـوو یـان هـەر لەبنەڕەتـدا بریێتـی بـوو لەقەلغانێکی کریستاڵ یان شووشەیی یاخود میتاڵی، بۆیە ئەم جـۆرە خەڵاتانە نەلەئاستی میللیی و ناوخۆیدا ناساران و ناوبانگیان دەرکـرد نە لەئاستی دەرەوەش.

بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم بوارە گرنگە لەخوارەوە بەکورتی پڕۆژەکارێکی سەرەتایی پێشنیاز دەکەم.

**ڕێزلێنان :**

ڕێزلێنـان پێزانینـی حکومـەت و کۆمەڵگـەی کوردسـتانییە بـۆ ئـەو رونـاکبیر و هونەرمەنـد و نووسـەر داهێنـەر و وەرزشـوانانەی کـە بـەدرێژایی ژیانیانـدا خزمـەتێکی بـەرچاوو دیارییـان پێشـکەش بـە ولاتەکەیان کردووەو بەشدارییەکی کاریگەریان هەبووە لـە بونیادنـانی کۆڵەکەو بناغەکانی هونەرو وێژەو ئەفراندن و هـەروەها ئەوانـەش کـە

بەشـداری بـەرچاویان هـەبووە لەجولانـەوەی وەرزشـی و دەسـکەوتی گەورەیان لـەم بـوارەدا لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان یـان عـراق یـاخود جیهان بەدەستهێناوە.

## سەنگی خەڵات و رێزلێنان :

رێزلێنان و خەڵاتەکان دوو سەنگی هەیـە، سـەنگی دارایـی و سـەنگی مۆڕالی.

- سەنگی مۆڕالی: بە دەرکردنـی بڕیـارێکی ئەنجومـەنی وەزیـران یـان سەرۆکایەتی هەرێم تایبەت بە جۆرو بڕی خەڵات و رێزلێنانەکەو هۆی بەخشینی خەڵاتەکە.

لەکۆتایشدا لەمەراسیمێکی شکۆدار و پڕ لەهەژموون لەلایەن سەرۆکی هەرێم یاخود سەرۆکی حکومەتەوە خەڵاتەکان دەبەخشـرێنە کەسـانی شایەستە.

- سەنگی دارایی: ئەویش بە تەرخانکردنی بڕێکـی دیـار و گونجـاوی دراو کە پێویستە لەخراپترین کاتدا لە ١٢ ملیۆن کەمتر نەبێت.

## سوودمەندانی سستمی رێزلێنان کێن؟ :

- هونەرمەنـدان و نووسـەرانی بلیمـەت و داهێنـەر ئەوانـەی بەشـێکی زۆری ژیانیـان بـۆ داهێنـان و ئەفرانـدن و پێشخسـتنی بوارەکـانی رۆشنبیری و هونەر تەرخانکردووە.

- وەرزشوانان ئەوانەی لە زووەوە بەشـداریان هـەبووەو سـەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عراق و دەرەوەدا .

## ئەنجومەنی باوەڕمەندانی خەڵاتەکە:

ئەو ئەنجومەنە لـە ١٠ ئەنـدام پێکهـاتووە کـە وەزیـری رۆشـنبیریی و ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیری لەپەرلەمان ئەندامن لەم لیژنەیە لەگـەڵ ٨ کەسایەتی روناکبیر و خاوەن ئەزموون و دەستپاک.

دەستەی باوەڕمەندان لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەم، واتـە پـێش کۆتایی ساڵ دادەنیشن و بەدەنگدان بڕیار لەسەر ئەو بەرێزانە دەدەن کە پاڵێوراون بۆ سوودمەندبوون لەسستمی رێزلێنان، لەهەر بوارێکـدا کەسی شیاو بۆ خەڵات و رێزلێنان پێویسـتە بـەرزترین نمـرە لەلایـەن ئەنجومەنی باوەڕمەندانەوە بەدەسـتبهێنێت کـە لـە سـفرەوە تـاکو ١٠ پلەیـە، ئەوانـەی کـە شانسـی دەرچوونیـان نـەبووە بـۆ سـاڵی دواتـر لەگەڵ ناوی تازە دیسان دەخرێنەوە ناو بازنەی کێبڕکێ و دەنگدان.

## کۆمەڵگاکانی وەرزش و لاوان

یــەکێک لــەو مەترســیانەی کــە لــەناو کۆمەڵگاکەمانــدا هەیــە پەرتـەوازەبوونی گـەنجان و لاوانـە، کـە ئەمـەش هەمیشـە لێکەوتـەی خراپـی لێدروسـت بـووە لـەناڕەزایی و تونـدوتیژی و نائومێـدی و خەمۆکی و ئالودەبوون بـە مـاددەی هۆشـبەر و ئـەلکهول و نێرگەلـە، هـەروەها هەمیشـە بیرۆکـەی جێهێشـتنی وڵات و کـۆچکردن بـەرەو

ئـەوروپاش بەهـەموو لایەنـە ئـەرێنی و نەرێنییـەکانی هـزر و بیـری گەنجانی تەنیووە، بەتایبەتیش لەگەڵ دروستبوونی قەیرانی دارایـی و کەمبوونەوەی هەلی کار و نەمانی دامەزراندن.

بۆیە ئەو گەنج و لاوە خوێن گەرمانە هەمیشە پێویستیان بە جۆرێـک لەچالاکی جەستەیی و هـزری و روحـی هەیـە بـۆ تەقاندنـەوەی توانـا جۆراوجۆرەکانیــان، بۆیــە پێشــنیاردەکەم سیســتمی دامەزرانــدنی (کۆمــەڵگاکانی وەرزش و لاوان) پــەیڕەو بکرێــت، لــەرابردوو و ئێستاشدا بنکەی وەرزش و لاوان بوونی هەبووەو هەیە، دەکرێت ئـەم سیسـتمەش گەشـەپێدەری و بەشـێوەیەکی هاوچـەرخ کـارا بکرێـت و بوونێکی بەهێزی لەناو کۆڕی گەنج و لاواندا هەبێت.

## سەرچاوەی دارایی بونیاد و وەگەرخستنی کۆمەڵگاکان:

سەرچاوەی دارایـی بـۆ بونیادانـانی (کۆمـەڵگاکانی وەرزش و لاوان)، دواتـریش بـۆ راییکردنـی چـالاکی و پرۆژەکـانی، هەمـەجۆر دەبێـت، لەوانەش:

- بودجــەی وەزارەتــی رۆشــنبیری و لاوان لەبودجــەی گشــتی ساڵانەی هەرێمی کوردستان.
- هاوکاری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانی و عراقی.
- بەشی کوردستان لەو مونحەو هاوکاریانـەی دەوڵـەتی عـراق کـە لــەرێی وەزارەتــی وەرزش و لاوانــەوە لــە وڵاتــان و ناوەنــدە

نێودەوڵەتییـــەکان وەریـــدەگرێت بـــۆ بوژانـــەوەو پەرەپێـــدان جولانەوەی وەرزش و لاوان.

- پـەیڕەوکردنی (سیسـتمی ئـەرز بەرامبـەر بـە باڵەخانـە) ئـەو سیستمە بریتییە لەپێدانی ئـەرز و زەوی بـە خـاوەن سـەرمایەو وەبەرهێنەران لەبەرامبەردا ئەو خـاوەن سـەرمایانە (کۆمـەڵگای وەرزش و لاوان) بوونیاد بنێن یاخود حکومەت لەگەڵیانـدا رێـک بکەوێت لەسەر رێژەیەک کە لە٥٠% تێچووی کۆمەڵگاکە کەمتر نەبێت؟
- داهاتی پارەی بەشداریکردنی لاوان و گەنجان لەو کۆمەڵگایانە.
- داهـاتی بەکرێـدانی دوکـان و قاوەخانـەی نـاو کۆمـەڵگاکان و دەوروپشتی.
- هاوکـاری وڵاتـان و رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان بەتایبـەتیش رێکخراوەکانی سەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە تایبـەتن بـە پەرەپێدانی مرۆیی.
- بەخشـــــین و هاوکـــــاری خێرخـــــوازان و ســـــەرمایەدارە نیشتمانپەروەرەکان.

## پرۆژەی (کوردستان برۆنز) بۆ پەیکەرسازی شارستانی

بـوونی پەیکـەر و کۆتـەڵ و دیواربەنـد (ریلیف) لـەناو چـەقی شـارەکانی کوردسـتاندا لـەدوای راپـەڕینی ١٩٩١ی گـەلی کوردسـتان

برەوی هەبووە، بەڵام بەشـێوەیەکی زۆر ناتەندروسـت و هەڕەمـەکی و دوور لـە بنـەما گشـتییەکانی پەیکەرسـازی و ئەنـدازەی شارسـتانی بووە.

کاتێک پەیکەر بۆ کەسایەتیەک یـان ڕووداوێـک دروسـت دەکرێـت ئەوا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە نەمری و مۆڕالی بـەو کـەس و ڕووداوە ببەخشرێت، هەروەها کاتێک لەنێو شەقام و پارکەکان دادەنرێت ئـەوا جگـە لـە لایەنـە مـۆرالی کەسـایەتییەکە یـان ڕووداوەکـە، جوانیـەکی شارستانی بـە شـەقامەکانی شـار و پارکـەکان دەبەخشـێت و دەبێتـە تەواوکـەرێکی هونـەری بـۆ لایـەنی تەلارسـازی شـوێن و ژینگەکـە و هۆکارێکیشە بۆ ئارامی دەروونی و هێوربوونەوەی مرۆڤ، بەڵام لەبـەر نـەبوونی کارگـە و کـورەی تواندنـەوەی میتـاڵ و قاڵبسـازی، هـەموو یاخود زۆربەی ئەم پەیکەر و کۆتەڵ و دیواربەندانـەی کوردسـتان بـە چیمەنتۆ و کەرەستەی بیناسازی ئەنجامـدراون، ئەمـەش لـەپیرۆزی و مۆرالی کەسایەتییەکان کەمدەکاتەوە، چونکـە پێویسـتە پەیکـەرەکان بەکەرەسـتەی نـەمر ئەنجامبـدرێن بـۆ ئـەوەی نـەمری زیـاتر بـە کەسـایەتییەکە یـان ڕووداوەکـە ببەخشـێت کـە لەباشـترین بـار و گونجاوترینیـان میتـاڵی (برۆنـز)ە کـە وەکـو سـتانداردێک لەهـەموو جیهان بەکاردێت.

پێشنیاردەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کارگەیەکی گونجـاوی تواندنەوەی برۆنز و میتاڵەکان بونیادبنێت، بۆ ئـەم پرسـەش کەسـی

گونجـاوی کــورد هەیــە کــە هونەرمەنــدێکی پەیکەرتاشــی دیــاری کوردســـتانە و ئێســـتا لـــەوڵاتی ئـــەڵمانیا لەگـــەورەترین کارگـــەی تواندنەوەی برۆنز و چاکردنەوەو نوژەنکردنەوەی پەیکەردا کاردەکـات و لـەم دە سـاڵەی رابـردوودا لـەرێی وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان و هەردوو پارێزگاری هەولێر و سلێمانی چەند جارێک هەوڵی بونیـادانی ئەم کارگەی داوە بەڵام ئەفسوس سەرکەوتوو نەبوو.

پێویستیە وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان فـەرمانێک دەربکـات بـۆ رێکخستنی بـواری پەیکەرسـازی شارسـتانی واتـە بـۆ ئـەو پەیکـەر و دیواربەند (رلیف) و کۆتەڵانەی کە لەناو شار و پارکەکانـدا دادەنـرێن، بۆ ئـەو پەیکەرانـەش کـە لـەرابردوودا دانـراون لەگـەڵ ئـەم چـەمک و پێوەرانە یەکناگرنـەوە یـان لابـدرێن یـاخود سـەرلەنوێ بەشـێوەیەکی جـوانتر و باشـتر و بــە میتــاڵی برۆنــز دروســتبکرێننەوە (تەنانــەت دەتوانرێــت لەســـەر پەیکـــەرە کۆنەکـــە قـــاڵبی بـــۆ دروســـتبکرێتە). پێویستە ئەم فەرمان و بڕیارەی وەزارەت ئەو چەمکانە بگرێتەخۆ:

- پێویســـتە لیژنەیـــەکی تایبـــەت لـــەوەزارەتی رۆشـــنبیری و لاوان بەهاوکاری سەندیکای هونەرمەنـدان و ناوەنـدە ئەکادیمییـەکان پـێش جێبـــەجێکردنی پرۆژەکـــە، نمونەیـــەکی بچـــووکراوو (ماکێـــت)ی پەیکەرەکــە ببیــنن و بڕیــاری ئەنجامــدان یــان رەتکردنــەوە یــاخود گۆڕانکاری لەسەر بدەن.

- پێویستە پەیکەرەکان بە کەرەستیەکی نەمر ئەنجامبدرێت کە برۆنز باشـترینیانەو هەمیشـە سـاڵ بەسـاڵ جـوانتر دەبێـت و کەشـوهەوا کاریگەری ئەوتۆی لەسەر نابێت.

- پێویستە ئەندازیارێکی شارستانی کارامە و خاوەن ئەزموون هاوکـار بێـت لــە دیــزاین و جێبــەجێکردنی بنگــە و ژینگــەی دەورووبــەری پەیکەرەکە.

- بوونی شوێنی کـراوەو ئـاوپرژین و سـەوزایی و روونـاکی لەژینگـەی دەوروبەری پەیکەرەکە زۆر گرنگەو جۆرێـک لەزینـدووی و جوولـە بـە پەیکەرەکە دەبەخشێت.

- هــەڵبژاردنی پەیکــەرەکان لەســەر بنــەمای بــەهاکانی نیشــتمانی و نەتەوەیی و شارستانی بێت.

تێبینی: دانان و بونیادنای ئەم پەیکـەرە شارسـتانیانە تـەنها ئـەرکی وەزارتــی رۆشــنبیری و لاوان نییــە بــەڵکو ئــەو پەیکەرانــە روێکــی نیشتمانی و مێژووی و گەشتیاری و کۆمەڵایەتیشـی هەیـە بۆیـە هـەم لـەبونیادنانی کارگەکـە و هـەم لـەبونیادنانی پەیکەرەشارسـتانییەکان لەشار و دەڤەرەکاندا واباشتر دەسـتەو وەزارەتـەکانی تـریش لـەرووی تێچووەوە بەشداربن.

## رێکخستنی خیوەتگای رۆشنبیری و لاوان

وا باشترە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزار و یەکێتی نوسەران و هەردوو سەندیکای هونەرمەنـدان و رۆژنامەنووسان، هەر لەناوەندی بـەهارەوە کۆمـەڵێک کـەمپی جـوولاو لەناوچەو دەڤەرە شاخاوییەکاندا رێکبخات، ئەم کەمپ و خیوەتگاکانە تایبــەت بــن بــە نووســەران، رۆژنامەنووســان، تــوێژی لاوان و وەرزشوانان، هونەرمەندان، بەتایبەتیش شێوەکاران، بێگومـان ئامـانج لەم جۆرە کەمپانـە تـەنها بـۆ کـات بەسـەربردن و گەشـتیاری نییـە، بەڵکو زۆر سوود و مفای هەیـە بـۆ جولانـەوەی لاوان و رۆشـنبیران و هونەرمەندان لەوانەش:-

- لەئەنجامی تێکەڵاوبوون لەم کەمپانـە، گفتوگـۆو سـیمنار و مێزگـرد پێشکەش دەکرێن کە دەبنە هـۆی زیـاتر لەیەکگەیشـتن و بوژانـەوەی بوارەجیاجیاکانی رۆشنبیری و لاوان.
- هۆکارێکە بۆ تێکەڵاوی و راگۆڕینەوە، رەنگـە زۆرێـک لەیەکگەیشـتن و رێککەوتن لەنێوانیان دروستبێت بۆ بەرهـەمهێنان و کـار و پـرۆژەی هاوبەش.
- دەکرێت ئەو کەمپانە ببنە هۆی بەرهەمهێنانی هونەری بەتایبـەتیش هونەرمەنــدانی شــێوەکار، بــۆ نمونــە ئەگــەر لەکەمپێکــدا پێــنج هونەرمەندی شێوەکار هـەبوو ئـەوا باشـترین هەلـە بـۆ کـارکردن لـەم

سروشتە جوانەی دەڤەرەکان، یان هەڵبژاردنی بەرد و داری ناوچەکـە بۆ پەیکەر تاشین.

- ئـەم توێژانـە زیـاتر هەسـت بەگرنگیپێـدانی وەزارەت و حکومـەت دەکەن بۆ ئارامی و بەرەوپێشچوننیان.

- وەرزشوانان دەتـوانن لـەم دەڤەرانـە پێشـبڕکێ یـان یـاری لـەنیوان خۆیان یاخود وەرزشوانانی دەڤەرەکە سازبکەن.

**تێبینـــی**: تێچـــووی کەمپـــەکان ٧٥% لەســـەر وەزارەت و لایەنـــە هاوکارەکان بێت و بەشەکەی تریش لەسەر خودی بەشداربووان بێت.

**کاراکردنی رێنمایی رێکخستنی فریکوانسی سپەیس (رادیۆ و tv)**

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی نـاوخۆ و وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیانـدن ئـەرکی رێکخسـتنی بـواری میـدیای بیسـتراو و بینـراوی لەئەسـتوودایە، لەرابردووشـدا سـەرکەوتوو بـوو لەدەرکردنی رێنمایی تایبەت بەم بوارە گرنگ و هەستیارە، بێگومـان لەرێکخسـتنی ئـەم رێنماییـە جگـە لـە هەرسێ وەزارەت، سـەندیکای رۆژنامەنووسـان و وەزارەتـی دادیـش بەشـداربوون لـە رێکخسـتنی بەتایبەتیش لەدواین هەنگاودا وەزارەتـی داد چوارچێوەیـەکی یاسـایی بۆ ئەم رێنماییە دانا و لەرۆژنامـەی (وەقـائعی کوردستان)یشـدا بـڵاو کراوەتەوە.

ئەفسوس دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دەرکردنی ئەم رێنماییە کـەچی تـاکو ئێسـتاش نـەتوانراوە بەتـەواوی جێبـەجێبکرێت بۆیـە هەمیشە میدیاکان دەبن بە هۆکاری دروستبوونی قەیرانی نـاوخۆیی و بارگرژی و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەلایـەتی و نیشـتمانی بەتایبـەتیش لەسـاتە هەسـتیارەکاندا، بۆیـە پێویسـتە وەزارەت و حکومـەت ئـەم رێنماییە بەروونی وەکو خۆی بە پیشەییانە لەسەر هـەموو میـدیاکانی بیستراو و بینراوی کوردستان جێبەجێبکات بەتایبەتیش لەسەر میدیا مەزنـەکان کـە لەراسـتیدا میـدیای پـارت و لایەنـە دەسـەلاتدارەکانی کوردستانن.

تێبینی: ئەم رێنمایانـە جگـە لەرێکخسـتنی بوارەکـە، لەهـەمان کاتـدا سـەرچاوەیەکی باشـی داهاتـە بـۆ هـەرێمی کوردسـتان بەتایبـەتیش ئەگـەر گشـت میـدیاکان بـەرێکوپێکی رسـومات بـدەن ئـەوا سـالآنە نزیکەی ملیارێک دینار داهاتی حکومەت و وەزارەتە.

## سیاسەتی پەرەپێدان و هاندانی کەلتووری خوێندنەوە

کتێب و کەلتووری خوێندنەوە کلیلێکی جۆکەرەو دەرگاکانی ژیان بەگشـتی و دەرگـا گەورەکـەی زانسـت و رۆشـنبیریش بەتایبـەتی والآ دەکـات، ئـەفسـوس کـەلتووری خوێندنـەوە لـە ولآتـی ئێمـەدا لەبـەر پەیدابوونی هۆکانی نویّ و پێشکەوتووی ئەلیکترۆنی و هەرزان بـوون و دەستەبەربوونی هۆکانی کات بەسەربردن، کـەلتووری خوێندنـەوەی دووچـاری پاشەکشـە کـردووە بـەجۆرێک هاولآتیـان ئامـادەن مانگانـە

دەیان کاتژمێر لەبەرامبـەر تەلـەفزیۆن و مۆبایـل و (ئایپادەکان)یانـدا بەسەر ببەن بەڵام ئامادەنین مانگانە تاکە کتێبێک بخوێننەوە!.

## وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، وەزارەتی کتێب و خوێندنەوە

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان پەیوەندییەکی ئۆرگانی بـە کتێـب و کـەلتووری خوێندنـەوە هەیـە بـەڵام بەداخـەوە لـەم بـوارەدا کـارا و سەرکەوتوو نەبووەو وەکـو وڵاتـانی دوورو نزیـک لـەم رووەوە خـاوەن پلان و سیاسەتێکی روون و دیاریکراو نەبووە.

لــەجیهانی پێشــکەوتوودا ســەرباری بــوونی رایەڵــە نوێیــەکانی بیستراوو بینراو و ئەلکترۆنی بەڵام هێشتا خوێندنەوەی کتێب گرنگـی و ئەفسووناوی خۆی لەدەست نەداوە، لەوڵاتانی پێشکەوتوودا کتێب خوێندنەوەو خوێنەرانی کتێب جگە لەکتێبخانەکان لەگشت شـوێنێکی گشتیدا بەرچاودەکـەون، لەپارکـەکان، لەکـەناری رووبـار و دەریاچـەو مەلەوانگـەکان، لـەناو شـەمەنەفەرو میتـرۆ و پا✕ـەکان، لەشـوێنی چاوەڕوانی فەرمانگـەکان، لـەناو خوێنـدنگاو ماڵـەکان، لەگرتووخانـەو خەستەخانەکان، لەکۆتایی پشووی هەفتەکان ، هتد...).

## چی بکەین باشە؟!

لەئایندەدا بۆ هاندانی خوێندنەوەو سەقامگیرکردنی ئەم کەلتوورە گرنگە ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بیەوێت لەو بوارەدا کـارا و ســـەرکەوتوو بێـــت، پێویســـتە شانبەشـــانی وەزارەتـــەکانی تـــری پەیوەندیـدار بـەو پرسـە هەڵمـەتێکی نیشـتمانی بـەرپابکات لـەرێی

داڕشتن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی نیشتمانی بۆ پەرەپێدان و هاندانی کەلتووری خوێندنەوە .

دارشـــتن و دیـــاریکردنی سیاســـەتی پەرەپێـــدان و هانـــدانی کـــەلتووری خوێندنـــەوە ئـــەرکی وەزارەتـــی رۆشـــنبیرییە بـــەڵام لەجێبەجێکردنـدا وەزارەتــەکانی تــری پەیوەندیــدارو دامودەزگاکــانی ناحکومیش بەشدار دەبن لێی.

بۆ دارشتنی سیاسەتەکە پێویستە وەزارەت کۆنفرانسێکی گشتیی و یـــاخود ســـیمنارێکی فراوانـــی سەرتاســـەری لەگـــەڵ لایەنـــە پەیوەندیـدارەکان ئـەنجام بـدات ئـەوەش بەمەبەسـتی گۆڕینـەوەی راوبۆچوونە لـەنێوان شـارەزایان و ئـەکادیمیان و خـاوەن ئـەزموون و توێژەجیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستان.

پێشـــوەختە کۆمـــەڵێک پێشـــنیار و پرۆژەکـــاری ســـەرەتاییم ئامادەکردووەو لەخوارەوە دەیخەمـەروو کـە لەبنەڕەتـدا جێبـەجێکاری سیاسـەتی پەرەپێدان و هانـدانی کـەلتووری خوێندنەوەیـەو هـەڵگری روحی سیاسەتەکەشە:

**رۆژی کتێب و خوێندنەوە:**

لەسەر ئاستی جیهاندا ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ زانسـت و پـــەروەردە وکـــەلتوور (UNESCO)، هـــەموو ســـاڵێک ٢٣ی نیسانی بەرۆژێکی جیهانی بۆ کتێب و خوێندنەوە دەستنیشانکردووە، ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانە کە ئەم رۆژە بەرز رابگرێت و بە

تەنها بەیاننامەیەک یاخود چالاکیەکی راگوزاری تێنەپـەڕێنێت بـەڵکو هەموو ساڵێک لـەم رۆژەدا لـە هـەرێمی کوردسـتان کـۆڕ و سـیمناری تایبەتمەند بۆ پێشخستنی کەلتووری خوێندنەوە رێکبخرێـت هـەروەها زۆر گرنگــە لــەم رۆژەدا کەســایەتییەکی گــەورەو گرنــگ پــەیامێک ئاراستەی هاوڵاتیان بکات کە واباشـترە بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم بێـت یاخود سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی پەرلـەمان کـە تیایـدا جـەخت لەسەر پشتگیریکردنی پەرەپێدانی کەلتوری خوێندنـەوە بکاتـەوە کـە بێگومان ئەم پشتگیرییە مەعنەوییەی ئەو بەڕێزیانـە نامەیـەکی روون دەبێــت بــۆ هاونیشــتمانیان کەئــەم پرســە زۆر گرنگــە بۆیــە ئــاوا لەئاسـتێکی بـاڵا و گـەورەدا جـەختی لەسـەر دەکرێتـەوە، پێویسـتە لەباخچــەی ســاویان، قوتابخانــەکان، خوێنــدنگاکان، زانکۆکــان و پارکەکان هەست بەم رۆژە شکۆدارە بکرێت و باشتر وایە وەزارەت بۆ سەرخستنی ئەم بۆنەیەدا هەماهەنگی بکات لەگەڵ وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار بە دەزگاو لایەنە ناحکومییەکانیشەوە.

### دامەزراندنی کتێبخانەی نوێ:

بونیادنـان و دامەزرانـدن و نووژەنکردنـەوەی کتێبخانـەی گشـتیی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دەسـتەبەرکردنی سـەرچاوەی نـوێ بۆیان، هەروەها هەوڵدان بۆ بونیادنانی زیاتر لەکتێبخانەیەک لەشـارە گـەورەکان بـەپێی پێگـەی جوگرافیـان (بـۆ نمونـە شـاری هـەولێر و

سـلێمانی و دهـۆک  لەبـەر فراوانبـوون و جـەنجاڵی و زۆربـوونی دانیشـتوانی، پێویسـتیان بـە زیـاتر لەکتێبخانەیـەک هەیـە) هـەروەها رەچاوی ئەوە بکرێت کەهاوڵاتیان بەئاسانی بگەنە کتێبخانەکان.

## دامەزراندنی کتێبخانەی گەڕۆک:

دارشـتنی پلانێـک بـۆ دامەزرانـدنی سـەرەتایەک بـۆ کتێبخانـە گەڕۆکـەکان (Mobile Library) بـۆ ناوچـە دوورەدەسـتەکان هەروەها بۆ ناو شارو شارۆچکەکانیش لەپێناو گەیانـدن‌و پەرەپێـدانی کەلتووری خوێندنەوە، بەتایبەتی بۆ منداڵان و نەوجەوانان کە رەنگـە گەیشـتن بەکتێخانـەکان بـۆ تەمـەنی ئـەوان کـارێکی ئەسـتەم و پـڕ لەمەترسی بێت بەتایبەتی لە شارە گەورەو جەنجاڵەکاندا.

## کتێبخانە لەدەزگا و رێکخراوە مەدەنییەکان:

هاندانی رێکخراو و  سەنتەرو بنکەو گروپە رۆشنبیرییەکانی لاوان و گەنجان بۆ سوود وەرگرتن لە کـەلتووری خوێندنـەوەو بەشـێوەیەک دامەزرانـدنی کتێبخانـە لـەبارەگاکانیان بکرێتـە یـەکێک لەمەرجـەکانی مۆڵەتی کارکردیان، هەروەها هانبدرێن بـۆ ئـەوەی لەچالاکییەکانیانـدا بازنەو کـۆڕی تایبـەت بەخوێندنـەوە یـاخود پێشـبڕکێی زانیارییـەکان پێکبهێـنن بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پێویسـتە وەزارەت هاوکاریـان بکـات وەکو رێنوێنی و دابینکردنی کتێب.

## کتێبخانەی ناوەندەکانی لاوان:

ناوەندەکانی لاوان کە سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوانە لەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، پێویست ئەکات کە یەکێک لەئەرکەکانی دامەزراندنی کتێبخانە بیت، بەشێوەیەک کە لاوان و گەنجان بتوانن بە باشی بەکاری بهێنن، هەروەها بازنەکانی خوێندنەوە و کێبڕکێی زانیارییەکانی تێدا سازبکرێت.

## دامەزراندنی سستمی کتێبی وێستگە بۆ وێستگە:

بە کارکردن و هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان سستمی کتێبی وێستگە بۆ وێستگە (Book From the station to the station) پەیڕەو بکات، ئەویش بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی بچوک لەناو تیرمینال و وێستگە گشتییەکان کە تایبەتن بە گواستنەوەی هاوڵاتیان لە نێوان شارەکاندا کردارەکەش بە پێدانی کتێب دەستپێدەکات بە گەشتکاران لەوێستگەی سەرکەوتن و دەرچوون، دواتر لەوێستگەی گەیشتیشدا بە وەرگرتنەوەی کتێبەکە تەواو دەبێت لەرێی کتێبخانەی هەردوو وێستگەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ شۆفیری ئۆتۆمبیلەکەو سەندیکای هاتووچۆ.

پێویستە کتێبەکان نامیلکەی بچوک بن بەجۆرێک خوێندنەوەکەی بەشی ئەو دوورەیانە بکات لەنێوان رێگای هەردوو وێستگە واتە

هـەردوو شـار، هـەروەها پێویسـتە تۆمـاری پێـدان وەرگرتنـەوەی کتێبەکان بەرێکوپێکی بێت.

دەکرێـت ئـەم وێسـتگانە لەلایـەن خۆبەخشـان و رێکخراوەکـانی قازانج نەویست بەڕێوەببردرێت.

## هاندان و پشتیوانیکردنی ئەکادیمیانی بواری کتێبخانە:

هانـدانی خوێنـدنی ئـەکادیمی تایبـەت بـە کتێبخانـەکان و دامەزراندنی دەرچووانی بەشی کتێبخانەکان لەکتێبخانە گشتییەکانی هـەرێم بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی ئـەکادیمی بتـوانن خزمـەت بـە جێبـەجێکردنی بەشـێکی گرنگـی ئـەم سیاسـەتە بکـەن هـەروەها دابینکردنی چەند کورسیەکی خوێندنی باڵا لەدەرەوەی وڵات بۆ ئـەم بـوارە هـەروەها رەخسـاندنی خـول و راهێنـانی کارمەنـدانی بـواری کتێبخانەکان و نوێکردنەوەی زانیارییـەکانیان بـەنوێترین زانسـت لـەم بوارەدا.

## پەیڕەوکردنی سیستمی پۆلینکردنی نوێ بۆ کتێب:

پەیڕەوکردنی سستمە نوێکانی  پۆلینکردنی کتێـب و ئاسـانکاری لە رێنوێنیکردنی هاموشۆکەرانی کتێبخانەکان بـۆ زووتـر گەیشـتن بـە سەرچاوەکان و بەفیرۆنەدانی کات.

## گەیاندنی قوتابیان بەکتێبخانە گشتییەکان:

لەشـارەکاندا گرفتـی گەیشـتن بـە کتێبخانـە گشـتییەکاندا هەیـە، بۆیـە پێویسـتە وەزارەت هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی پـەروەردەو فێرکردندا بکات بۆ دابینکردنی پاس و ڕێکخستنی گەشت و سەردانی قوتابیـان بـۆ کتێبخانـەکان بەلایـەنی کـەم مانگانـە گەشـتێک کـە لەگەڵیانـدا مامۆسـتایانی بـەڕێزیش بەشـدار و هاوکـاربن، دەکرێـت ئەمرۆژەی قوتابیان و دەستەی فێرکاریان لەبری پرۆگرامـی خوێندنـدا بێـت، ئـەوەش وادەکـات هـەم ڕۆژێکـی مـەزن و جیـاواز بێـت، هـەم گەیاندنی پەیام بێت بۆ قوتابیان کە خوێندنەوە چەند گرنگە!.

پشتیوانی دارایی بۆ سستمی داشکاندنی کتێب:

چەسـپاندنی پشـتیوانی دارایـی بـۆ سسـتمی داشـکاندن لـە پیشـانگاکانی کتێبـی نـاوخۆیی و نێودەوڵەتییـەکان بـە ڕێژەیـەکی گونجاو تاوەکو دەسکەوتن و کڕینی ناونیشانەکان  لەباربێت بۆ چـین و توێژە گشتییەکەی کۆمەڵگەکەمان، لەرابردوودا ئەو سستمە پەیڕەو کـراو حکومـەت قـەرەبووی دەزگاکـانی بڵاوکردنـەوەی دەکـرد بەتایبەتیش لەپیشانگای هەولێری نێودەوڵـەتی بـۆ کتێـب، ئەگـەرچی زۆرێک لەو دەزگایانە جۆرێک لەفێڵ و ساختەکاریان دەکرد لەپـەڕاوی فرۆشـتنی کتێبـەکانیان کـە لـەرێی پسـوولە سـاختەکاندا ڕێـژەی فرۆشتنیان بەرز نیشان بە حکومەت دەدا بۆ ئەوەی قەرەبووی زیـاتر وەرگرنەوە.

### سازکردنی پێشبڕکێی خوێندنەوە:

ڕێکخســتنی کێبڕکــێ و پێشــبڕکێ بــۆ ئەنــدامانی بازنــەکانی خوێندنـەوەی کتێـب کـە لـەرێی وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان یـاخود وەزارەتی پـەروەردەو فێرکردن سازبکرێت ئـەویش بـەهۆی پێکهێنـانی چەند گروپێک کە هەریەکەو لەبوارێکدا سەرچاوەی خوێندنـەوە پـەیدا دەکــەن و پاشــان بەشــدار دەبــن لەپێشــبڕکێکان کــە راســتەوخۆ لەتەلەفزیۆنێکـدا دەگوازرێتـەوەو براوەکـان خـەڵاتی بینـراو لـەدراو و کەلوپەلیان پێدەبەخشرێت ئەمەو جگە لەخەڵاتی مەعنەوی بـۆ نمونـە میــداڵی یەکــەم یــان دووەم لــەبواری خوێندنــەوەی رۆمــان یــاخود لەبوارەکانی جوگرافیا یان زانست ..هتد...

### چایخانە و قاوەخانە و کتێب:

لەکاتی مۆڵەتپێدانی چایخانە و کافیتریاو یانەی رۆشـنبیرییەکاندا مەرجی بـوونی کتێبخانـە سـەرەکی بێـت بـەپێی قـەبارەی شـوێنەکە (رەنگـە بـۆ یانـەکان ژورێـک بێـت بـەڵام بـۆ چایخانـەو کافیتریاکـان کتێبخانەیــەکی دیوارەبەنــد یــاخود چەنــد رەفەیــەک ئــەم ئەرکــە بەجێبگەیەنێت).

بێگومـان مۆڵـەتی ئـەم شـوێنانە لـەلای وەزارەتـی رۆشـنبیری و لاوان نییــە بــەڵام لەبــەر ئــەوەی وەزارەت ئەنــدازیاری دارشــتنی سیاسەتی پەرەپێدانی کەلتووری خوێندنەوەیە بۆیە دەکرێت داوا لـەو شوێنانە بکات کە تایبەتن بە پێدانی مۆڵەتی یاسایی بە (چایخانە و

کافیتریـاو یانـەی رۆشـنبیرییەکان) بـۆ پـەیڕەوکردنی بـوونی مـەرجی کتێبخانــە لــەم شــوێنانەدا و پێویستیشــە بەبــەردەوامی کتێبــەکانی نوێبکرێتەوە.

## پشتگیریکردنی قاوەخانە کەلتوورییەکان:

واباشــترە حکومــەت و لایەنــە جێبــەجێکارەکانی، پشــتگیریی قاوەخانــە کەلتوورییــەکان بکـات کـە لەمسـاڵانەی دوایـدا لەشـار و شـارۆچکەکاندا بـرەوی هـەبووە، لـەم قاوەخانانـەدا جگـە لـەوەی کتێبخانــەی باشــی تێدایە،هەندێکیشـیان وەکـو دەزگایـەکی چـاپ و بڵاوکردنـەوە بەرهـەمی باشـیان بـەچاپ گەیانـدووە، لـەپاڵ ئەوەشـدا زۆرێک لەچالاکی رۆشنبیری و هونەرییەکانی وەک سیمنار و پـەناڵ و نمایشی شانۆیی و مۆزیـک و شـێوەکاری سـازدەکرێن کـە گەیشـتن و کــارلێکردنی خــەڵک لەگــەڵ ئــەم هــەموو چالاکیانــە زۆر کــاراتر و ئاسانترن لەوەی لەدەزگاحکومییەکاندا هەیە.

## سستمی پشتگیری کاغەزی چاپکردن:

هاندان و پشتگیریکردنی دەزگاکانی چاپ  بە بژاردنەوەی پـارەی کاغەزی چاپکراو بەرێژەیەکی گونجاو، بێگومان ئەم کارەش دوو جـار رێخۆشکەر دەبێت، یەکەمیان بۆ هەرزانبوونی بەهای کتێب بـەجۆرێک ئاســتەکەی گونجــاو بێــت لەگــەڵ توانــای کڕینــی بەکاربــەرانی، دووەمیشـــیان هاوکـــارە بـــۆ لەچاپـــدانی کتێبـــی نووســـەران و

دەسگرۆییکردنیان (لەبەشی چاپکردندا بەوردتر باسی ئـەم سیسـتمە کراوە).

## پەرەپێدانی کتێبخانەی خوێندنگاکان:

هانــدانی وەزارەتــی پــەروەردە بــۆ کردنــەوەی کتێبخانــە لــە قوتابخانـەکان و تـەرخانکردنی وانەیـەکی هەفتانـە بـۆ خوێندنـەوەو گفتوگۆکردن لەسەر ئەو کتێبانەی کە قوتابیان دەیخوێننەوە، ئەوەش ئەرکی مامۆستای زمانی کوردییە، واباشتریشە لەهەر مانگێکدا رۆژێک تـەرخان بکرێـت بـۆ بردنـی خوێنـدکاران و قوتابیـان بـۆ کتێبخانـە گشتییەکان و ئاشناکردنیان بـە کتێـب و راهێنانیـان لەسـەر سسـتمی گەڕان بەدوای کتێـب و چۆنیـەتی خواسـتنی (هـەروەک لـەپێووتریش باسمان لێوەکردووە).

## پێشخستنی شێوەو ناوەڕۆکی کتێبی منداڵان:

پێشخستنی بواری چاپکردنی کتێبی منداڵان لـەرووی نـاوەرۆک و هەروەها لەرووی فۆرم و جۆری چاپــەوە بـەجۆرێک کـە منـداڵان هـان بدات بۆ خوێندنەوەو ئاشـنابوون لەگەڵ کتێب بۆ نمونـە هەوڵـدان بـۆ دەربـازکردنی کتێبکـی منـداڵانی کوردسـتان لــە سسـتمی دوو دووری (درێـژی و پـانی) بـۆ سسـتمی سـێ Two - dimensional دووری Three-dimensional (درێــژی و پــانی و قــووڵی) هەروەها زیادرکردنی رەگەزی بۆن و تێکسـچەر (ملمـس) بـۆ کتێبـی منداڵان زۆرپێویست و پڕ کاریگەرین.

## کتێبفرۆشی مارکێتەکان:

گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتـی بازرگـانی بەمەبەسـتی مەرجـدانان بۆ سۆپەرمارکێت و مینی مارکێتەکان کە پێویسـتە بەشـێکی تایبـەت و دیار تەرخان بکەن بۆ فرۆشتنی کتێب چونکە گومانی تێدا نییە کە مارکێتەکان شوێنی هاموشۆو بەسەرکردنەوەو بەکارهێنانی هاوڵاتیـانن بـەم دواییانـەش گۆڤـارو رۆژنامـە و کتێبـیش لەمارکێتەکانـدا بـوونی هــەبووە، بــەڵام گرنگیــەکی ئــەوتۆ بــەم رووە نــەدراوەو بــەلاوازی لەدایکبووە.

## کاریگەری دایکان و باوکان:

هانــدانی دایکــان و باوکــان بــۆ بەشــداریکردن لەهەڵمــەتێکی نیشتمانی بۆ چاندنی کەللتووری خوێندنەوە لـەلای جگەرگۆشـەکانیان لــەرێی خویندنــەوەی چیــرۆک بــۆ منداڵــەکانیان ئەمــەش یــان بــە بەخشــینی کۆمەڵــە کتێبێکــی منــداڵان یــاخود پێــدانی کتێبــەکان بەشــێوەی خواســتنی هەفتانــە، گرنــگ ئەوەیــە بــاوانی منداڵەکــە بەشداربن لەخوێندنەوە .

ئەم ئەزموونە سەرەتا لە ١٩٩٢ لەبەریتانیادا لەلایـەن نوسـینگەی فیدراڵی بۆ رۆشـنبیری لـەژێر ناونیشـانی (bookstrt) ئەنجامـدراو سـەرکەوتنێکی دیـاری بـەخۆوە بینـی، ئێسـتا هـەمان پرۆگـرام لـە سویسرادا لەلایەن (بابلیومیدیا) و کۆمەڵەی کتێبخانە گشتییەکان و پەیمانگای سویسری بۆ راگەیانـدن و لاوان جێبەجێـدەکرێت بودجـەی

پرۆژەکـــەش بـــڕی ٥٧٠٠٠٠ دۆلارەو لەلایـــەن حکومـــەت و دەزگـــا ناحکومییەکان دابینکراوە، لـەوڵاتانی یابـان و ئوسـتراليا و بـەلژیکادا هەمان پرۆگرام هەیە.

## هاندانی هونەری فیلمسازی و پیشەسازی سینەما

ئەگەر بواری فیلمسـازی و پیشەسـازی سـینەما بـۆ هـەر وڵاتێـک مانایەکی بازرگانی و قازنج ببەخشێت ئەوا بۆ ئێمەی کورد جگە لەوە مانایەکی مۆراڵی هەیە کـە بەهۆیـە پێویسـت کـورد پێناسـەی بـوونی خـۆی و دۆزی رەوای بەگشـت جیهانـدا بگەیـەنێت، بـەڵام ئەفسـوس ئێمە تـاکو ئێسـتاش نـەمانتوانیوە مەینـەتی و مـاڵوێرانی و تەنانـەت جوانی وڵات و لێبـوردەیی خەڵکەکەشـی لـەرێی هونـەری حەوتەمـەوە بەجیهان رابگەیەنین.

ئـــەزموونی حکومـــەت و وەزارەتـــی رۆشـــنبیری و تەنانـــەت کۆمپانیاکـانی کـەرتی تایبـەتیش لـەبونیادنانی پیشەسـازی فـیلم و سـینەما سـەرکەوتوو نـەبوون، بەتایبـەتیش وەزارەتـی رۆشـنبیری توانایەکی زۆری دارایی فەوتاند بێ ئەوەی بەرهەمێکی باشـی لـەدوادا بێـت، تەنانـەت بناغەیـەکی پتەویشـی بـۆ ئـەم هونـەر و پیشەسـاییە نەخولقاند، لەرابردوودا زۆر هەوڵدرا کە دەرچەیەکی گونجاوی یاسـایی بدۆزرێتەوە بۆ وەبەرهێنان لەم بـوارە گرنگـەدا بـەڵام هـەموو جارێـک هەوڵەکان تووشی شکسـت و لادان دەبـوون، هۆکـاریش زۆربـوون کـە جگە لەنەبوونی پلانی گونجـاو و کارنامـەی دروسـت بـۆ پێشخسـتنی

ئەم بوارە گرنگە، نەزانین و گەندەڵیش دوو هۆکـاری سـەرەکی بـوون بۆ ئەم شکستانە!.

لــەخوارەوە هەنــدێک پێشــنیار دەخەمــەڕوو، ڕەنگــە بنکــە و پێگەیــەکی بــاش و ســەرەتایی بێــت بــۆ کــارکردن لەســەری و دەوڵەمەندکردنی لەلایەن کەسانی شارەزاوە، هەندێک لەو پێشنیارانە تایبـەتن بـە بـرەودان بەکـەلتووری بـەکارهێنانی هۆڵـەکانی سـینەما، ئــەوانی تــریش تایبــەتن بــەکرداری بەرهــەمهێنان و چۆنییــەتی هاوکاریکردن بە خولقاندنی ژێرخانی پیشەسازی سینەما:

## پەیڕەوکردنی چەمکی زیان و قازانج لەبەرهەمهێنانی فیلم:

بـۆ خۆپاراســتن و ڕێگــەگرتن لەگەنــدەڵی و بــەفیرۆدانی توانــا داراییەکانی حکومەت و بەرهەمنەهێنانی کاری کرچ وکـاڵ و ئاسـتنزم واباشترە حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری بیر لەدارشتنی سیستمێکی نــویێ بکاتــەوە بــۆ بەرهــەمهێنانی فــیلم بەهــەموو جۆرەکانییــەوە، لــەخوارەوە هەنــدێک بیرۆکــەی ســەرەتاییم هــەڵێنجاوە بــۆ ئــەوەی لەمــەودوا چیتــر وەزارەت و حکومــەت بەتــەنها نەبێتــە لایــەنی بەرهەمهێنــەر و دابینکــەری بودجــە و تێچــووی فیلمــەکان بــەڵکو بەهاوبەشـی بێـت لەگـەڵ کـەرتی تایبـەت و وەبەرهێنـەران بۆئـەوەی قــازانج و زیــان پێــوەر بــن بــۆ کــاری بــاش و زیــاتر دەرهێنــەران و بەرهەمهێنەران مکوڕبکـات بـۆ هـەوڵ و خـەباتی جـدی لـەپێناو زیـان نەکردن و سەرکەوتنی بەرهەمەکانیان:

- بـۆ سـوودمەندبوونی هــەر فیلمێــک پێویســتە لیژنەیــەکی تایبەتمەندی پرۆفیشناڵ لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی هونـەر و لاوانـی پارێزگاکـان بـە ئەنـدامێتی راوێژکـارێکی شـارەزای وەزارەت پێکبهێنرێت.

- لیژنەکـە پێویسـتە خوێندنـەوەی ورد بـۆ سـیناریۆی فیلمەکـە بکات هەروەها لەسـەر دەرهێنەرەکـە پێویسـتە سـیناریۆی فیلمەکـەی ئامادەکردبێت لەسەر شێوازی (هیتشکۆک) یان هەر شـێوازیکی تـری هاوشێوە لەسـەر کاغـەزدا بـە (story board) گرتـەو دیـالۆک و گشـــت کردەکـــانی دەنگـــە دراماتیکیـــەکان و زەمەنەکـــەی تێـــدا دیارکردبێت.

- لـــەباری رەتکردنـــەوەی ســـیناریۆکەش وەزارەت خـــەرجی سیناریستەکە ناگرێتە ئەستوو.

- بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکان بەشـداری وەزارەت بـەرێژەی ٥٠% بێت و ٥٠% ەکەی تر پێویستە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بێت ئینجا چ کۆمپانیا بێت یان کەسانی خـاوەن سـامان یـاخود رێکخراوەکـان و ناوەندە جیاجیاکانی وڵات یان تەنانەت خودی دەرهێنەرەکە بێت.

- رێـژەی قـازانجی وەزارەت و حکومـەت لەفیلمەکـە بـەرێـژەی سـفرە، واتـە ئەگـەر فیلمەکـە تـوانی سـەرکەوتووبێت، ئـەوا رێـژەی ١٠٠% لە قازانجەکە بۆ کەرتی تایبەتـەوە دەبێـت ئـەوەش تـەنها بـۆ هاندان و دروستبوونی پیشەسازی سینەمایە.

- لەباری سەرنەکەوتنی فیلّمەکە و قازانج نەکردنی لەفرۆشتنی بلیت لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، ئەوا رێژەی زیان بەنیوە بەسەر هەردوو لادا دابەش دەکرێت، بەمەش وا دەکات کە هەمیشە وەبەهێنەران و دەرهێنەران خەمخۆری ئاستبەرزی بەرهەمەکانیان بن و تێکۆشانی جدی و خورت بۆ سەرکەوتنی بکەن، چونکە بەسەرنەکەوتنی فیلّمەکە ئەوانیش دووچاری شکستی دارایی گەورە دەبنەوە (مەبەستمان لەزیان ئەوەیە کە فیلّمەکە نەتوانێت سەرمایەو تێچووی راستەقینەی بەرهەمهێنانی خۆی وەدەستبهێنێتەوە).

- ئەگەر بەرهەمەکە لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتی و کوردستانییەکان خەڵاتی وەدەستهێنا ئەوا گشت خەڵاتی کارێکتەرەکان بۆ خۆیان دەبێت تەنها خەڵاتی بەرهەمهێنان نەبێت کە بەهاوبەشی بۆ هەردوو لادا دەبێت.

- وەزارەت و حکومەت بەهیچ شێوەیەک ناچێتە بن باری هیچ سیناریۆیەک کە ناوەرۆکەکەی لەگەڵ رەوتی ئازادیخوازی شۆڕشی گەلی کوردستاندا ناگونجێت.

### هاندانی وەزارەت بۆ دامەزراندنی یانەکانی سینەما:

هاندانی وەزارەت بۆ دامەزراندنی یانەی سینەما لەنێو پارکەکان، ناوەند و سەنتەر و رێکخراوەکانی لاوان و قاوەخانە رۆشنبیرییەکان، لەگەڵ نمایشەکانیشدا خوێندنەوە بۆ فیلمەکان بکرێت، ئەوەش گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فیلمناسی کە دەبێتە هۆی

پـــەروەردەکردن و پێشـــکەوتنی چێژوەرگـــرتن لـــەفیلْم بەگشـــتی و دەرکەوتنی هەندێک توانای گەنجانە لەم بوارەدا.

یانـەکانی سـینەما دەرهاوێشـتەی زۆر ئـەرێنی و گرنگـی دەبێـت کەخۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

- ناسـاندنی هونـەری سـینەما بـەهاوڵاتیانی کوردسـتان چونکـە بەڕاسـتی تـاکو ئێسـتاش بەگشـتی سـینەما بـەچاوێکی کەمـەوە سـەیردەکرێت ڕەنگـە کردنـەوەی ئـەو یانانـە ببێتـە هۆکارێـک بـۆ بەهێزبوونی کەلتووری بەکارهێنانی سینەما و دروستکردنەوەی هـۆڵی سینەما بەتایبەتی لەشارۆچکەکان.

- هاندان و گەشەپێدانی توانای ئەوکەسانەی کەحەزیان لـەبواری سینەمایە لەڕێی ڕەخساندنی بینینی فلیمی بـاش و دانسـقەو گێڕانـی مێزگردو کـۆڕی تایبـەت بەوفلیمانـە کەڕەنگـە لەئاینـدەدا زۆرێـک لـەو گەنجانەی هاموشۆی ئەو یانانە دەکەن ببنە سینەماکار، ئەو ئەزمونە پێشـــتر لـــە وڵاتـــی ئێرانـــدا لـــەچوارچێوەی فەرهەنگخانەکانـــدا تاقیکراوەتـــەوە باشـــترین نمونـــەش ئـــەو کۆمەڵـــە دەرهێنـــەرو سـینەماکارەیە کـە لەکوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا دروسـتبوون وکـارە نایابەکانیان بونەتە مایـەی سـەروەری و شـانازی بۆگـەلی کوردسـتان بەگشتی.

## خولی راهێنان بۆ فیلمسازی:

سازکردنی خولی پەروەردەکردن و راهێنانی ئارەزوومەندانی بوای فیلمسازی لە پارێزگاو شارۆ شارۆچکەکاندا کارێکی بنچینەیی دەبێت و لەماوەی دووردا دەبێتە وەبەرهێنانێکی چاک بۆ جولانـەوەی هونـەر و پیشەسـازی سـینەما لەکوردسـتاندا، خولـەکان بـەم تایبەتمەندیانـە دەبێت:

- پێویستە مـاوەی ئـەم خـول و راهێنانانـە لـە مانگێـک کـەمتر نەبێت، بـۆ هـەر خولێـک زیـاتر لەسـێتێکی ئامێرەکـانی بەرهـەمهێنان دابینبکرێت.

- پرۆگرامی خولەکان گشت لایەنەکانی فیلمسازی بگرێتەخۆ هـەر لـە سـیناریۆ و وێنـەگرتن و روونـاکی و دەنـگ و دەرهێنانـەوە بگـرە تادەگاتـە بچـووکترین کـردەی بەرهـەمهێنان کـە رەنگـەی هـەڵگر و رێکخەری (کلاکێت) بێت.

- پرۆگرامـی خولـەکان لـەدوو بـەش پێکبێـت، نیـوەی یەکـەمی خولەکان ئاشنابوونیان بێت بە لایـەنی ئـەکادیمی فیلمسـازی، بەشـی دووەمی خولـەکانیش پراکتیکی بێـت و ئەنـدامانی خولـەکان دابـەش بکرێنە سەر چەند گروپێک کـە هـەر گروپێکیـان بـۆ نمونـە فیلمێکـی کـورتی پێـنج خولـەکی بەرهـەمبهێنن و هـەموو ئەنـدامانی گروپەکـە لەبیرۆکـەو سـیناریۆ و وێنـەگرتن و روونـاکی و ئەنـدازەی دەنـگ و دەرهێنـان بەشـداربن، هـەر یەکـەو بـەگوێرەی ئـەو شـارەزاییەی کـە

لەخولەکەدا وەدەستیهێناوە کارەکان دابەش بکەن، لەم کارەشدا وانە بێژەکان سەرپەرشتیان دەکـەن و هاوکاریـان دەبـن لەئاراسـتەکردن و راستکردنەوەی هەڵەکان و دووبـارە کردنـەوەی گرتـەکان، گشـت ئـەو زانیارییانەی کە لەبەشی وانەبێژیدا وەریانگرتووە.

- لەبەشی دووەمـی خولەکـەدا هـەم بـەکردارەکی و بەشـێوەیەکی سادده فێری فیلمسازی دەبن، هـەم ئـەم خولانـەش کۆمـەڵێک کـاری سەرەتای جوانی گەنجانەی لێدەکەوێتەوە.

- رەنگــە لــەم خولانــەدا توانــای زۆر گــەورە دەرکــەوێت و بەرجەسـتە ببێـت و ببن بـەهێز و توانایـەکی گـەورە بـۆ جولانـەوەی فیلمسازی لەکوردستان.

- هەوڵبـدرێت لەکۆتاییـدا لـەکۆی ئـەم هـەموو کورتـە فیلمـە بەرهەمهێنراوانەدا فێستیڤاڵێک یان دیدارێکی سینەمایی رێکبخرێـت و نمـایش بکـرێن و بخرێنـە نـاو پێشـبرکێ بەمـەش هانـدانێکی بـەهێز دەبێت بۆ ئەو بەشداربووانەو دەبێتە ماکی بەردەوامبوونیان.

## کوردستان، (لوکەیشن) و وڵاتی هاوشێوە:

بـوونی لەیـەکچوونی سروشـت و شـێوەی کۆمەڵگـەی کوردسـتان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بوونەتە ماددەیەکی تەڕ بۆ ئەنجامدانی ئەو سیناریۆی فیلمانەی کە لەبەر باری ئەمنی ناکرێت لـەو شـوێنانە وێنەیان بگیرێت بۆیە ئەگـەر دەرهێنـەرێکی جیهـانی ویسـتی فیلمێـک لەسەر ئەفغانسـتان یـان ئێـران یـاخود سـوریا بەرهـەم بهێنێـت ئـەوا

بێگومـان کوردسـتان باشـترین شـوێنە کـە لـەرووی سروشـت و تایبەتمەندی بیناسازی گوندەکانی لە ئەفغانستان نزیکە، شـوێنی تـر هەن کە هەروەک ئەفغانستان وایـە بـۆ نمونـە وەکـو پاکسـتان بـەڵام مەترسی و تۆقانـدن لـە پاکستانیشـدا لەبرەودایـە هـەروەها ئێـرانیش رێگە نادات کۆمپانیاکان لەسـەر ئـەرزی ئـەودا فـیلم سـازبکەن، بۆیـە پێویسـتە لەسـەر وەزارەت کـار ئاسـانی بـاش بکـات بـۆ هـاتنی ئـەو کۆمپانیانـە و هەوڵبـدات لەحکومەتـدا کارئاسـانیان بـۆ بکـات لەبەرامبەردا چەند مەرجێکی یاسایی دابرێژرێت کـە کـەمتر بایـەخ بـە لایەنی باج و داهات بـدات بـەڵکو هـەوڵ بـدرێت مـەرجی ئـەوە لـەخۆ بگرێت کە لەگەڵ تیمی کارکردنی کۆمپانیا جیهانییەکانـدا هونەرمەنـد و تەکنیککارەکانمان جێگایان بکرێتەوە.

لەهەفتاکانەوە تاکو ئێستاش هۆلیۆد و کۆمپانیا گەورەکان ئەگەر بیانەوێت فیلمێک لەسەر جەنگی ڤێتنام بەرهەمبهێنن ئەوا ناچارن لـە تایلەنـدا ئـەم کـارە ئـەنجام بـدەن لەبـەر لەیـەکچوونی کـەش وهـەواو جوگرافیا.

هـاتنی کۆمپانیـا و بەرهەمهێنـەرەکانی بـواری پیشەسـازی سینەمای جیهانی ئەم سوودانەی لێدەکەوێتەوە :

- هـەلی کـارکردن بـە دراوی بیـانی بـۆ سـینەماکاران دەسـتەبەر دەکرێت.

- کـارکردن لەگـەڵ ئـەم کۆمپانییانـە باشـترین راهێنـان و وەبەرهێنانـە لـەرووی مرۆییـەوە چونکـە پێشـکەوتووترین ئـامێر و باشترین کادیری تایبـەت بـە بـوارە تەکنیکییـەکانی سـینەما لەگـەڵ خۆیاندا دەهێنن.

- بۆ سینەماکارانی کوردستان دەرگایەکی گەورەیە بۆ چوونە ناو جیهـانیبوون کـە رەنگـە پەیوەنـدی پتـەو دروسـتبکەن لەگـەڵ دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران.

# دامەزراندنی
# (دەستەی پشکنینی گشتی)

لەبـــەر ئـــەوەی خـــاوەنی دەســـەڵاتی تـــەواوی کـــارکردن و خـــەرجکردنن، بۆیـــە زۆر جـــار وەزارەتـــەکان و بەڕێوەبەرایەتییـــە گشـتییەکان و دەزگـا و دەسـتە و فەرمانگـەکان تووشـی لادان یـان زیادەڕۆیی یاخود گەندەڵی دەبن و هەنـدێک جاریش وەکـو پێویسـت بەپێی پلان و نەخشەی ساڵانەیان ئەرکەکانیان جێبەجێناکـەن و کـار و خزمەتگوزاری و بەرهەمـەکانیان لەئاسـتێکی نـزم و نـەگونجاو دان، لەکاتێکدا بودجەکانیان تەرجەمەیەکی ژمێرەییە بۆ سەرکەوتنی پلانی ساڵانەیان.

بێگومان چاودێری دارایی و دەزگاکانی تری چاودێری بەئـەرکی خۆی هەڵدەستێت چ بە پشکنینی سـاڵانەیان بێـت یـاخود بـەکتوپڕی لـەکاتی بـوونی سـەرپێچی و لادان، بـەڵام پێویسـتە حکومـەت بیـر لەرێکارێکی خێراتر و کاراتر بکاتەوە پـێش روودانـی ئاریشـەکان یـان لەسـەرووبەندی روودانیـدا، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم کـە دەسـتەیەک دابنرێت بۆ ئەم پرسە بەناونیشانی (دەستەی پشکنینی گشتی) ئـەم

دەسـتەیە سـەر بەئەنجومـەنی وەزیـران بێـت و لەبونیادیـدا چەنـدین پشکنەر دەستنیشان بکرێن کە مەرج و خسەڵەتی دڵسۆزی و بـوێری و شارەزاییان تێدا بێت، گرنگ نییە پشکنەرکان سەر بەحزب بن یـان نـا، گرنـگ ئەوەیـە ئـەوان کارەکانیـان لـەدەرەوەی بازنـەی حزبـدا رایپەڕێنن.

دەکرێـت کـاری ئـەم دەسـتەیە بەیاسـا رێکبخرێـت یـاخود تـا دەرچوونی یاسایەک دەستەکە وەکـو بڕیـارێکی ئەنجومـەنی وەزیـران بەرێنمایی کارەکانی رێکبخرێت.

کـار و ئـەرکی پشـکنەرە گشـتییەکانی وەزارەتـەکان بەمشـێویە دەبێت:

- پشکنەرەکان راستەوخۆ سەربە ئەنجومەنی وەزیـرانن و لـەژێر هەژموون و فەرمان هیچ وەزارەتێک و لایەنێکدا نین.

- پشکنەرەکان هەر کاتێک بیانـەوێت وەزارەتێـک، دەسـتەیەک، دامەزراوەیەک یان فەرمانگەیەک بپشکنێت، تەواو ئـازادن و پێویسـتە لەشوێنی پشکنیندا هاوکاری تەواو بکرێن لەپێدانی زانیاری دروست.

- دوو جۆر پشـکنین هەیـە، یەکـەمیان ئاسـاییەو شـەش مانـگ جارێکـە، دووەمیـان لـەکاتی سـەرهەڵدانی ئاریشـە و زیادەڕۆییـە کـە راستەوخۆ و بەکتوپڕی دەچنە ئەو شوێنەی کە ئاریشەدارە.

- کاریان پشکنین و لێکۆڵینەوەیە، ئـەنجامی پشـکنینەکانیان زۆر تایبەت و نهێنی دەبێت، ئەنجامـەکانی پشکنینەکانیشـیان لـەڕێی دەسـتەکەیانەوەی رادەسـتی سـەرۆکی حکومـەت دەکرێـت، بـەهیچ جۆرێک وەزارەتەکان بۆیان نییە ئەنجامەکان لەو پشکنەرانە داوابکەن یان وەربگرن.

- لەدەسـتەی پشـکنینی گشـتیدا چەنـدین کەسـی تـەکنیکی و شـارەزا هـەن کـە پشـکنەرە گشـتییەکان بـۆ پرسـەکانی تایبـەت بـە پشکنینەکانیان راوێژیان پێدەکەن.

- نزیکـی و هەنـدێک لەیـەکچوون لـەنێوان ئـەرکی دەسـتەی پشـکنینی گشـتی و چەنـد دامەزراوەیـەکی تـری حکومـەت هەیـە بەتایبـەتیش (چـاودێری دارایـی، دەسـتەی دەسـتپاکی، داواکـاری گشـتی، فەرمانگـەی بـەدواداچوون و هەماهـەنگی) بـەڵام لەراسـتیدا جیاوازیش هەیە چونکە کاری پشکنەرەکان زۆر خێـرا و راستەوخۆیە و تـەنها کـار لەسـەر لایـەنی خـەرجی ناکـات بـەڵکو لەسـەر ئاسـتی خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانیش پشکنین دەکات و لێیدەکۆڵێتەوە.

# پرۆژەی
# ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان

**ناو و کورتکراوەی ئاژانسەکە:**

ئاژانسـی دەنگوباسـی کوردسـتان ( Kurdistan news agency) کورتکراوەکەشی (KURDNA) لـەکورتکراوەی نـاوە ئینگلیزیەکەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستانەوە وەرگیراوە.

(دەکرێ کورتکراوەکەش بە زمانی کـوردی مانـای تـر ببەخشـێت ئەویش سەردەمی تازەی دۆزی گەلی کوردستانە کە سـەردەمی بـەڵێ نییـە بـۆ داگیرکـەرانی، بـەڵکو سـەردەمی نـەخێر و نایـە، سـەردەمی بەهێزی و بڕیاردەرانەیە).

**ئارم و هێمای ئاژانسەکە:**

پێویستە ئارم و هێمایەک بۆ ئاژانسەکە دیاربکرێت کە زۆر ساکار بێت و ئاماژە بۆ ئاژانسەکە بکات، پێویستە لۆگۆیـەکی مـۆدێرن بێـت (بۆ گەیشتن بە نمونەیەکی سەرکەوتووی ئارمەکە وا باشـترە بکرێتـە پێشبرشـکێیەک کـە گشـت هونەرمەنـدانی تایبەتمەنـد تیایـدا بەشـدار بن).

**ئامانجی ئاژانسەکە:**

ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان ( Kurdistan news agency) سەرچاوەیەکی سەرەکیی هەواڵی کوردستانە بۆ کوردستان و بۆ جیهان، بەهۆیەوە دەنگوباسی کوردستان بەو پەڕی راستگۆیی و روونی وەکو خۆی بۆ هەموو جیهان پەخشدەکات، بەهەمان شێوە ئاژانسەکە هەواڵی جیهانی و هەرێمیش بڵاودەکاتەوە.

(KURDNA) کۆبەندی گشت ئەو هەواڵانەیە کە لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی تری هەواڵدەری کوردستانی و جیهانیدا بڵاودەکرێنەوە.

هەروەها ئاژانس کۆمەڵێک کارو پرۆژە بەرهەم دەهێنێت کە پەیوەندی بە رووداوو هەواڵە ناوخۆو جیهانییەکانەوە هەیە وەکو ئامارو راپۆرت و دۆسییەو فیلمی دیکۆمێنتی و دیکۆمێنتارو نەخشەو دایەگرام.

**ئایا بوونی ئەم ئاژانسە پێویستە؟:**

لەکۆمەڵگا پێشکەوتوو و دیموکراسییەکاندا ئاژانسەکانی دەنگوباس تیایدا ناحکومین یان دەسەڵاتی حکومەتیان لەسەر کەمە ئەوەش هاوڕاو هاوچەرخە لەگەڵ سستمە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە کە لەسەر بنەماکانی دیموکراسییەت و ئابووری بازاڕەوە بونیاد نراوە.

بوونی ئەو کەش و هەوا دیموکراسییە و سستمی ئابووری بازاڕ راستگۆیی ئاژانسەکان و بێلایەنی و پیشەوەرییان دەپارێزێت، بە پێچەوانەی سستمە دیکتاتۆری و تۆتالیتارییەکانی کۆمەڵگا نادیموکراسییەکان کە ئاژانسەکانیان هەواڵ وەکو خۆی بڵاوناکەنەوەو دوورن لە راستگۆیی و بێلایەن نین لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و رووداوەکان.

بەڵام ئەوەی لەوڵاتی ئێمەدا رەچاو دەکرێت ئەوەیە کە تاکو ئێستا ئابووری بازاڕ شێوەکەی بەتەواو جێگیر نییە بەڵکو هەنگاوی باش نراوە بۆ گۆڕان بەرەو سستمی ئابووری کراوە بەڵام تاکو ئێستا لەزۆر رواڵەت و کردەدا نەیتوانیوە لە سێبەرە قورسەکەی بازاڕی داخراو دەرباز ببێت، هەروەها وەکو سستمی سیاسیش ناتوانین کوردستان بەراورد بکەین بە وڵاتێکی دیموکراسی ئەوروپایی بەڵکو دەتوانین بڵێین کە سستمی سیاسی وڵاتەکەمان هەنگاوی زۆر باش و نایابی هاوێشتووە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراس و ئێستا بەردەوام لەبەرەو پێشچووندایەو گەڕانەوە بۆ دواوە مەحاڵە.

بۆیە بوونی ئاژنسێکی نیشتمانی لەکاتی ئێستادا قازانجی زیاترە لەزیان بە مەرجێک بە بەرگێکی نوێخواز هاوچەرخ دابپۆشین و پلان و بەرنامەیەکی ئەوتۆی بۆ دابرێژین کە لەم قۆناغەدا رۆڵکی ئەرێنی بگێڕێت.

لەکوردسـتاندا دەیـان پێگـەو رایـەڵی هەواڵـدەری گـەرم و گـوڕی ناوخۆیی هەن کە پێبەپێ لەگەڵ هەواڵی کوردستانیدا ئاوێتە بـوون و سەرچاوەکانی هەواڵیشان زۆر بەهێزە چونکە لەدەسـەڵاتی سیاسـی و بڕیاردەری کوردستانی نزیکن، بەڵام ئەم پێگانە جۆرێک لـە پـەرش و بڵاوی لە گەیاندنی هەواڵ و رووداوەکـان دروسـتکردووە کـە زۆر جـار لـەنێوان ئـەو هـەموو پێگـەو ئاژانسـانەدا جیـاوازی لـە داتـاو ژمـارەو جۆری هەواڵەکاندا هەیە.

بۆیە کاتێک چاودێرێک یان ئاژانسـێکی جیهـانی بیـەوێت هـەواڵی کوردسـتان بزانێـت رەنگـە بـۆ ئـەو باشـتر بێـت ئاژانسـێکی رەسـمی هەبێت کە کۆبەند و کۆکەرەوەی گشت هەواڵەکانی کوردستان بێت.

**لایەنی سەرپەرشتیاری ئاژانسەکە:**

بۆئــەوەی ئــەم ئاژانســە بــەهێز و خــاوەن پێگەیــەکی دیاربێــت واباشـترە وەکـو دەزگایـەک یـان فەرمانگەیـەکی سـەربە ئەنجومـەنی وەزیران بێت.

(تێبینی: ئەوە کورتکراوەی پرۆژەیـەکی گەورەیـە کـە لێـرەدا تـەنها وەکو پێناسەیەک پێشکەشم کردووە).

# چ بکەین بۆ رزگاربوون لەو رێژەی زۆرەی (مووچەخۆران)ی کەرتی گشتی؟!

سیاســەتی هەڵەی لایەنە سیاســیە رکابەرەکــانی کوردســتان ململانێیان لە٢٧ ساڵی رابردوودا دامەزراندنی بەلێشاوی فەرمانبەرانی لــێکەوتەوە کە رێــژە زۆرەکــەیان دوورە لەپێویســتی راســتەقینەی وەزارەت و فەرمانگەکــانی، بەجۆرێــک پــێش قەیــرانە دارایـــی و سیاسـییەکەی هـەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ بەغـدا، رێـژەی بـودجەی بەکاربردن (المیزانیە التشغیلیە) گەیشتە سەرووی ٦٥% لەبـودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی دامەزراندنەکان وەکو پێویست و لەچوارچێـوەی پلانـدا بیـت، بـۆیە ئەوەی ئێسـتا هەیە دەکەوێـتە خـــانەی بێکــاری دەماکــدار بەجۆرێــک کە نــزیکەی ٣٠-٤٠% لەم فەرمانبەرانە زیادەن و بونەتە بارێکی قورس لەسەر بـودجەی گشـتی حکومەت بێ ئەوەی بەرهەمێکی ئەوتۆیان هەبێت، واتـە فەرمانبـەر و کارمەند نین بەڵکو تەنها مووچـەخۆری بـێ ئـەرک و کـار و فـەرمان! تەنانەت بۆ خودی ئەو مووچەخۆرانە مانەوەیان بەمشـێوەیە سـوود و داهاتێکی بەرچاوی ماددی و مەعنەویان نابێت و کەمتـرین شـارەزایی کارگێڕی وتەکنیکی و پیشەیی وەرئەگرن.

ئەم بارە خراپەی کە هەیە، هەمیشە خنکێنەر و وێرانکەر دەبێت بۆ بواری ئابووری کوردستان، تەنانەت ئەگەر نرخی بەرمیلی نەوتی کوردستان بە بەهایەکی زۆریش بفرۆشرێت ئەوا ناتوانێت بارتەقای ئەو لەشکرە مووچەخۆرە ببات کە نیوەیان زیاتر، بودجەی گشتی وەکو مانگا دەدۆشن.

بۆ چارەسەرکردنی بارە خوارەکەی بودجەی بەکاربردن پێشنیاز دەکەم، حکومەت ئەم رێکارانە بگرێتە بەر:

- دامەزراندنی (ئەنجومەنی راژە) بەشێوەیەکی مۆدێرن کەبەهۆیەوە دامەزراندن بەشێوەیەکی زانستییانە رێکبخرێت (بێگومان لەرابردوودا هەنگاو بۆ ئەم ئەنجومەنە درا بەڵام هەر ناوێک بوو بێ بەها و هەژموون بوو).

- ئەکتیڤکردن و هەمووارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە خانەنشین بەجۆریک زۆرترین توێژ بگرێتەوە کە لەکەرتی تایبەت کار ئەکەن بۆ ئەوەی خەڵک دڵنیابن لەوەی کەهاوشێوەی کەرتی گشتی، فەرمانبەر و کرێکار و پیشەوەرانی کەرتی تایبەتیش مافی خانەنشینیان پارێزراو دەبێت.

- لەگەڕان و راپرسییەکی خێرامدا لەناو بازاڕ و هەندێک لەوانەی لە کارگەو وەرشە بچووکەکان کاردەکەن بۆم دەرکەوت کە زۆربەی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت هیچ زانیاریەک دەربارەی یاسای خانەنشینی نازانن، ئاگاداریش نین بەوەی چەندە

ئەو یاسایە لەخزمەتیاندا دەبێت ئەگەر خۆیان وەکو کارمەندی کەرتی تایبەت بەفەرمی بناسێنن.

بۆیـە پێویسـتە حکومـەت هـەنگاوی شـێلگیرانە بهاوێـت بـۆ ناسـاندنی یاسـاکە بـە کارمەنـدانی کـەرتی تایبـەت و ڕووبەڕووکردنەوەیان بە ئەرکەکانی ئێستایان و مافـەکانیان لەئاینـدە کـە تەمـەنیان دەکەوێتـە دەرەوەی تەمـەنی کـارکردن یـاخود کاتێـک تووشی کەمئەندامی دەبن یان ئەوەتا کۆچی دوایی دەکەن.

- کەمکردنەوەی دامەزراندن بەرێـژەی ٨٠% ئەویـش تەنهـا بـۆ بـوارە زۆر پێویسـتەکان بێـت، هـەر فەرمانگـە و وەزارەتێـک کاتێـک لەگەڵ بودجەی ساڵانەی داوای میلاکـات و دامەزرانـدن دەکـات، ئـەوا دەتوانرێت ئەو میلاکاتانە بەو تایبەتمەندیانەی کەداوای دامەزراندنیان بـۆی کـردووە لـەو لەشـکرە مەزنـەی مووچـەخۆران دابینبکرێـت و بگوازرێنەوە سەر ئەو فەرمانگە و وەزارەتانەی کەپێویستیان پێیە.

- سەرلەنوێ وەگەرخستنەوەی توانای فەرمـانبەرانی زیـاد و لە فەرمانگەو شوینی تر کەپێویسـتیان بە توانـاو شـارەزاییان هەیە، بۆ نمـونە بەهەزارەهـا فەرمـانبەری زیـاد هەیە کە زۆریـان هەڵگـری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن لە بوارە جیاجیاکان کەچی لە دامەزراوەکـانی پەروەردەو فێرکـردن کەماسـی هەیە لە میلاکـی مامۆسـتایان و وانەبێـژان بـۆیە گواسـتنەوەی بڕوانامەدارەکـان بـۆ سـەر میلاکـی

وەزارەتی دارایی و کردنەوەی خوڵی شیاندن بۆیان بەسوود قازانجی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت وکۆمەڵگەی کوردستان.

- راگرتنی سیستمی مۆڵەتی بەبێ مووچەی پێنج ساڵە چونکە ئەو رێنماییە لەگەڵ باری ئێستای حکومەتدا ناگونجێت.

- پەیرەوکردنی سستمی (هێزی کار) بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە جگە لەکارە حکومییەکەیان کارێکی تری ناحکومیان هەیە، بەجۆرێک حکومەت تەنها ٢٥% کۆی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرەکە خەرج دەکات لەبەرامبەردا فەرمانبەرەکە دەوام نەکات و هەروەها وەک خزمەتیش هەژماربکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی . بەمجۆرە حکومەت و کۆمەڵگە دوو جار سوودمەند دەبێت یەکەمیان بڕی ٧٥% لە موچەی فەرمانبەرە زیادەکات و دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت، دووەمیشیان هاندان و کاراکردنە بۆ کەرتی تایبەت، چونکە فەمانبەرە دوو کارەکان ئیتر بەتەواوی دەپرژێنە سەر کاری دوومیان کە کاری کەرتی تایبەتە بەبێ ئەوەی خانەنشینکردنە حکومییەکەیان لێ بفەوتێت (پەیرەوکردنی ئەم سیستمە لەئیدارەی سلێمانی دوای ساڵی ٢٠٠٠ سەرکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینی بەڵام لەگەڵ رووخانی رژێمی پێشووی عراق و گۆڕانی سیستمی مووچە و زۆربوونی پارە، کۆتایی بەم سیستمە هێنا و بڕی فەرمانبەرانی هێزی کار تەنها ٥٠٠٠ کەس بوون و لەئێستادا مووچەخۆرانی زیادە بە بیست ئەوەندە یاخود زیاتر دەخەملێنرێن!).

- تەنسـیبکردنی بەشـێک لەو فەرمـانبەرە زیـاد و بێکـارانەی حکـومەت بـۆ کـارکردن لەبـواری رێکخروەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی بەمەرجێک پێوەری ورد و توند دابنریت بۆ بەدواداچـوون و چـاودێری لەرووی دەوامکردن و کاراییان لەم بوارەدا.

- دەرکردنی کۆمەڵێک یاسا و بڕیار و رینمایی کەهاندەر بن بـۆ خاوەن کارگەی بچوک و پیشەوەرانی.

- دەرکردنی کۆمەڵێک یاسا و بڕیار و رینمایی کەمافی کارمەند و فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتی تایبەت بپارێزێت.

تێبینـــی: بـــۆ ســـەرکەوتنی ئەم چاکســـازییە لەبـــواری زۆری فەرمانبەرانی دەوڵەت، پێویستە لەفەرمانگەکانـدا رواڵـەتـی بنـدیوار و (تەنـــاوب)ی دەوام نەمێنێـــت هەروەهـــا پێویســـتە جەخـــت لەســـەر کاتەکانی دەوامی فەرمـی بکرێتەوە لە ٨.٣٠ بەیـانییەوە تـا کۆتـایی دەوام ٣.٠٠ پـــاش نیـــوەڕۆ ، ئەوەش بـــۆ رێکخســـتنەوەی دەوامـــی فەرمیـــیەو لەلایەکـــی تریشـــەوە ناچـــارکردنی فەرمـــانبەرە زیـــاد و بندیوارەکانە کەمۆڵەتی بێ موچە وەربگرن یاخود پەسـندی سسـتمی (هێزی کار) بکەن.

# چارەسەرکردنی

# هەندێک دیاردەی نەرێنی دارایی

لەنێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکان و فەرمانگەکانیان کۆمەڵێک رواڵەتی زۆر نەشیاو و خراپ هەن کەدوورن لە پرێنسیپەکانی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ و دروست، هەق وایە بەزووترین کات ئەم دیاردانە بنبڕ بکرێن، چونکە وەزارەتی دارایی و ئابووری شادەماری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەنەخۆشکەوتنی ئەم وەزارەتە، حکومەت بەگشتی نەخۆش و ئیفلیج دەبێت.

ئەمەی خوارەوە بەشێکە لەدیاردەکان:

- دواخستنی رەزامەندی لەسەر دەرخستەکان، بەبیانووی نایاسایی جۆراوجۆر، ئەوەش دەبێتە هۆی دوای کەوتن یان پەککەوتنی جێبەجێکردنی پلانی ساڵانەی وەزارەتەکان کە لەناو بودجەدا جێگای بۆ کراوەتەوەو واتە پارەی بۆ دابین (تخصيص) کراوە، ئەم دیاردە خراپە هەمیشە دەبوو بەهۆی ئەوەی ساڵانە بوودجەکە بەتەواوی خەرجنەکرێت و پارەکان بگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت و بۆ بواری تر بەکار بێت (لەوەڵامی ئەو پرسیارەمدا کە بۆچی ئاوایە، بەرپرسێکی زۆر باڵا، ئەوسا بەرسڤی پرسیارەکەمیدا و فەرمووی: (ئێمە بە وەزارەتی داراییمان گوتووە کە وابکەن، چونکە ئەو بڕە پارانەی کە لەوەزارەتەکاندا خەرج ناکرێن و دەمێنێتەوە ئێمە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم خەرجی دەکەین هەروەها بۆ مووچەی هێزی پێشمەرگەش سوودی لێدەبینرێت- ئەوسا شایەستە

داراییەکانی پێشمەرگە لەبەغداوە نـەدەدرا یـان بەشـێوەیەکی دیـاریکراو جێگیر نةکرابوو-).

- کـــەمی زانیـــاری لەلایـــەن وەزارەتـــی داراییـــەوە دەربـــارەی تایبەتمەندی کاری ئەرکی وەزارەتەکان وایکردووە کە بە نەرێنی لەسـەر وتـــووێژی بودجـــەی ســـاڵانەی وەزارەتـــەکان رەنگبداتـــەوە، زۆر جـــار وەزارەتـــەکان زۆر مانـدوو دەبـن لـە تێگەیانـدنی لیژنـەی بودجـە و زۆر جـاریش سـەرکەوتوو نـابوون لەبەدەسـتهێنانی بودجـەی پێویسـت بـۆ راپەڕاندنی کار و پڕۆژەکانیان.

- لـەرابردوودا کاتێـک وەزارەتێـک دەرخسـتەی پڕۆژەیـەکی دەبـردە وەزارەتی دارایی، بێگوێدانە هـیچ پاسـاوێک بـڕی پـارەی دەرخسـتەکە بـە رێژەی ٥٠% کەمدەکرایەوە، ئەوەش کاری نـەرێنی دەکـردە سـەر پـرۆژەو کارەکان، دواتر وەزارەتەکانیش فێربوون بەنایاسایی هەر دەرخسـتەیەکیان بکردایە دوو ئەوەندەی بڕی پێویست پارەیان داوادەکرد، چونکە دەیانزانی کە بڕەکە نیوەی لێ کەمدەکرێتەوە، واباشترە ئـەم دەرخسـتانە گفتوگـۆی لەسەر بکرێت و بەروونی لەراستی و دروستی بکۆڵدرێتەوە.

- لـــەزۆر بـــوار و پـــرۆژەدا کـــە پەیوەنـــدیان بـــەکات و ســـاتێکی دیاریکراوەوە هەبووەو پێویستی بەوە کردووە کە کارەکان بەزووترین کـات لەوەزارەتی دارایی رابپەڕێندرێت، کەچی چەنـد رۆژێـک دوای تـەواوبوون و تێپەڕبوونی کاتی دیاریکراوی پڕۆژەکە، ئینجا رەزامەندی وەزارەتی دارایـی دةگەڕاوەیەوە!

- هەندێک جار لەنێوان هەندێک کارمەند و کاربەدەستی وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتـەکانی تـر رێککـەوتنی ژێربـەژێری نایاسـایی دروسـت

دەبـوو، بۆنمونـە وا رێککـەوتووە کـە کارمەندەکـەی وەزارەتـی دارایـی خـاوەنی دەرخسـتەکەی وەزارەتـەکان بڵێـت کـە ئـەو ئامادەیـە دەرخسـتەکەیان وەکـو خـۆی پەسـند بکـات بەمـەرجێک لەبەرامبـەردا بڕێکـی دیـاریکراو لـەپارەی دەرخسـتەکە بـدەن بەئـەو کاربەدەسـتەی وەزارەتی دارایی!

– لەزۆر کاتدا، دەرخستەکان ئەگەر لەوەزارەتی دارایی پەسندیش بکرێـت ئـەوا لەبانکەکانـدا تووشـی وەسـتان و چـاوەڕوانیکردن دێـت بەبیانووی نەبوونی (سیولە)ی پارە.

– هەموو ساڵێک وا رێککەوتووە کە بەهۆی کێشەکانی سیاسـی و دارایی لەنێوان کوردسـتان و بەغـدا، پەسـندکردن وگەیشـتنی بودجـەی گشتی هەرێمی کوردستان دوابکەوێت، هیچ ساڵێک لـەمانگی یەکەمـەوە نـەهاتووە، هەنـدێکجار لـەمانی چـوار و پێنجـەوە پارەکـانی بودجـەی هەرێمی کوردستان ئازادکراوە، بێگومان هەموو سـاڵێکیش لەسـەرەتایی مانگی ١٢ەوە گشت کردارەکانی راکێشانی پارەو دەرخسـتە دادەخرێـت، واتـە زۆربـەی سـاڵەکان سـاڵی ژمێرەیـی (السـنه الحسـابیه) لەدامـەزراوەکانی حکومـەتی هـەرێم کـەمتر بـووە لـە ٩ مانـگ، ئـەوەش زیانێکی گەورەیە بـۆ وڵاتەکـەمان و پێویسـتە وەزارەتـی دارایـی لەگـەڵ وەزارەتی دارایی بەغدا جەخت بکاتەوە لەگەیشتنی بودجەکـە لەیەکـەم مـانگی هـەموو سـاڵێکەوە، لای خۆشـیەوە وەزارەتـی دارایـی هـەرێم هەوڵبـدات لەسـەرتای مـانگی ١٢دا دەرخسـتەکان رانـەگرێت بـەبیانووی نەمانی کـات بـۆ پاکتاوکردنیـان، چونکـە دەتوانرێـت لـەمانگی یەکـەمی ساڵی دواتر ئەو پاکتاوکردنە کۆتایی پێبهێنرێت.

# رێکخستنەوەی (مەحسوبیەت)!

گومانی تێدا نییە کەواقعی کوردستان لەرابردوودا وابووە کە دانانی پۆستە باڵاکان و مام ناوەندەکانیش لەسەر بنەمای مەحسوبیەتی حزبی بووە، باوەڕ ناکەم لەئایندەی نزیکیشدا ئەم رواڵەتە کۆتایی پێبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە حکومەت و ئەو حزبانەی کەلەحکومەتدا هاوبەشن مادام ناتوانن کۆتایی بە مەحسوبیەت بهێنن، ئەوا با هەوڵبدەن ئەم مەحسوبییەتە حزبییە رێکبخەن، رەنگە خوێنەری ئەم بەشە چ حکومەت بێت یان خەڵک ئەم بیرۆکەیان لەلادا سەیر و گاڵتە ئامێز بێت بەڵام لەراستیدا لەم رێگا چارەیەدا زۆر رشتم و لەخوارەوەدا بەنمونەو گریمانەیەکی زۆر سادە روونیدەکەمەوە.

**گریمانەکە:**

حزبی (A) یان حزبی (B) یاخود (C) لەهەڵبژاردنی کەسێک بۆ پۆستێکی حکومی زۆر بژاردی لەبەردەستە، کە بەگشتی دابەشبوونەتە سەر دووجۆر:

جۆری یەکەم، کەسێکی حزبی زۆر خراپ، ئاستنزم، ناشارەزا، لەرابردوودا چەند جارێکیتر هەلی جۆراوجۆری پێدراوەو تیایدا سەرکەوتوو نەبووە، بۆتە هۆکاری شکستهێنانی فەرمانگەکە و

لەدەرەنجامیشـدا خـۆی و هاوشـێوەکانی بوونەتـە هـۆی ئـاڵۆزبوونی متمانــەی نێــوان خــەڵک و حکومــەت، هــەروەها بــوون بەمایــەی شەرمەزاریش بۆ خودی حزبەکانیان.

جۆری دووەم، کەسێکی حزبـی زۆر بـاش، شـارەزا، دەسـتپاک، دڵسـۆز و خـاوەن کەسـایەتی لـەنێو خـەڵک کۆمەڵگـەدا، بـەڵام لـەرابردوودا لەلایـەن حزبەکەیـەوە هـیچ هـەلێکی گونجاویـان بـۆ نەڕەخساندووە، تاکو ئێستاش هەر چاوەڕوانە، بەڵام رەنگە بمرێت و ئەو هەلە نەبینێت!.

ئەگەر سەیری هاوکێشە ناهاوسـەنگەکەی گریمانەکـەمان بکـەین دەگەینـە ئـەو دەرەنجامـەی کـە ئەگـەر ئێمـە نـەتوانین مەحسـوبیەت کۆتـایی پێبهێنـین خـۆ دەتـوانین بەهـەڵبژاردنی کەسسـانی جـۆری دووەمی کارەکانمـان بـە زۆر بـاش و ئـەرێنی کۆتـایی پێبهێنـین، کـە لـەدەرەنجامـدا هـەم حکومـەت و خـەڵک سـوودمەنددەبن لـەو جـۆرە کەسـانەو دەبنـە هـۆی بـەهێزبوونی فەرمانگـەکان و متمانـە لـەنێوان خەڵک و حکومەتیشـدا پتـەوتر دەبێتـەوە، هـەم خـودی حزبـەکانیش سوودمەند دەبن بە بەهێزتر و پـڕ بـەهاتر دەردەکـەون و پاکدەبنـەوە لەخــەڵکانێکی مشــەخۆر کــە جگــە لــەزیان هــیچ وای نابــەخش بــە بەرژەوەندی حکومەت تەنانەت بەرژەوەندی حزبەکیشی کە لەبنەڕەتدا زۆر هیلاکی کردووە.

# سەپاندنی ژمارەی بانکی فەرمانبەر و کارمەندانی کەرتی تایبەت و گشتی

بەمەبەستی بوژاندنەوەی کـاری بانکـەکان و پێشخسـتنی کـردە بانکییەکان، پێویستە حکومەت پەلە بکات لەدامەزرانـدنی بانکـەکانی بوژانـەوە کـە سـەربە وەزارەتـەکانن، بـەزووترین کـاتیش پێویسـتە سیستمی کۆنی دابەشکردنی مووچە لهفەرمانگەکاندا هەڵبوەشێتەوەو لەشـوێنیدا ئـەو سیسـتمە پەسـندبکرێت کـە بەهۆیـەوە گشـت فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و کـەرتی تایبـەت ژمارەیـەکی حیسـابیان هـەبێت لەبانکـە نیشـتمانییەکان کـە لـەوێوە مووچـەی مانگانـەیان وەربگرن.

لـەوەرگرتنی مووچـەو شایەسـتە داراییـەکانیان پێویسـتە ئـەوە بکرێتـە فـەرمان کـە هەمیشـە تـەواوی مووچـەکانیان لـەژمارە حیسـابییەکانیاندا وەرنـەگرن و حسـابەکانیان سـفرنەکەنەوە، بـەڵکو پێویستە هەر فەرمانبەرێکی کەرتی گشتی بەبەردەوامی رێـژەی ١٠% مووچەکانیان لەناو حسابەکانیاندا بمێنێتەوە، بۆ ئەو کارمەندانەی کە گرێبەسـتیان لەکـەرتی تایبەتیـدا هەیـە بـەرێژەی ١٢%، هـەر فەرمانبەرێکیش بۆی هەیـە پـێش تـەواوبوونی سـاڵی ژمێرەیـی واتـە لەناوەندی مانگی دوانزەی هـەموو سـاڵێکدا کۆی گشـتی ئـەو پارانـە

رابکێشت بەمـەرجێک لـەکۆی گشتیشـدا ١٠% پارەکـان لـەناو ژمـارە حسـابییەکانیاندا بمێنێتـەوە، دەشـتوانن هـەر لـە نـاو ژمـارە حسابییەکانیاندا بمێنێتەوەو پارێزراو بێت.

پەسـندکردن و پـەیڕەوکردنی ئـەم سیسـتمە بـۆ حکومـەت و فەرمانبەرانی هەردوو کەرت سوود و مفای زۆری دەبێت لەوانەش:

- پەیڕەوکردنی کەلتوری بەکارهێنانی بانک و کردە بانکییەکان.

- هاندانی کەلتووری پاشەکەوتکردنی داهاتی تاکە کەسی.

- وەبەرهێنانی ئەو بڕە پارانە، چونکە ساڵانە بڕێکی قازانج دێتـە سەر بڕی پارە پاشەکەوتکراوەکان (بـۆ ئەوانـەی کـە لەبـەر هۆکـاری ئاینی قازانجی ساڵانە وەرناگرن، دەتوانن پێشتر بڕیاربدەن بۆ ئەوەی پارەکانیان وەکو خۆی بێت بـێ زۆربـوون، ئەگـەرچی زانایـانی ئـاینی دەتوانن بۆ ئەو پرسە لەرووی شەریعەتەوە لێکدانەوەو رێگەچارەی بۆ بدۆزنەوە!).

- بانکـەکان بـەهۆی مانـەوەی ئـەم پـارە کەمانـەوە، هەمیشـە (سیولە)ی دروایان تێدا دەبێت و پەکیان ناکەوێت.

- بەسەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بانکەکان جۆرێـک لەمتمانـەیان بـۆ دەگەڕێتەوە.